**شەعبان خەلیل بەرواری، قائیمقامی قەزای ئاکرێ:**

## سەرۆکی حکومەت ١٣ ملیار و ٢٠٠ ملیۆن دیناری بۆ پرۆژەکانی ئاکرێ تەرخان کردووە




# گوڵان

ســـاڵی سییـــەم (١٣٦٧)- (٥)ی حوزەیرانی ٢٠٢٣




**قەشە ئیشایا داود فلیبس:**

# سەرۆك بارزانی درێژەپێدەری عەقیدەی بارزانە و بووەتە ڕەمزی پێکەوەژیان و ئاشتی لەسەر ئاستی جیهان

بۆ ئێمەی مەسیحییەکان بەشداری لە هەڵبژاردن و پەرلەمان لەسەر بنەمای ژمارە نییە، بەڵکو بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە وەکو نەتەوە و پێکهاتەی سەرەکی و ڕەسەنی ئەم کۆمەڵگەیەین و مافی خۆمانە لەم پرۆسەیەدا بەشداری بکەین




# دیدار لەگەڵ سکرتێری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان

## ٦٨

دوای تەواوبوونی بەرنامەی سەردانەکانمان لە واشینگتۆن بەرەو نیویۆرک بەڕێ کەوتین و ڕۆژی ٦ی ئابی ١٩٩٢، بۆ یەکەم جار بوو سکرتێری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان[1] پێشوازیی لە شاندێکی کوردی کرد. پێشوازییەکە تەنیا لە شاندی ئێمە کرا کە پێک هاتبوو لە: مەسعود بارزانی، مام جەلال، موحسین دزەیی، هۆشیار زێباری و بەرهەم ساڵح.


کەسێکی زۆر کراوە بوو و، لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا ڕایگەیاند کە «باش ئاگاداری ئازار و بەسەرهاتەکانی گەلی کوردم و ئەوەی لە توانامدا بێت و لە دەستم بێت یارمەتیتان دەدەم و دەتوانن پشتم پێ ببەستن و متمانەم پێ بکەن».

لە سەردانەکەدا چەندین دۆستمان بینیەوە لەوانە ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگ، ویلییەم سافایر و جیم هۆگلاند و پیتەر گالبرێس کە ئەوکات لە سینات کاری دەکرد. هەروەها چاومان بە ئەندرو ویتلی لە هیۆمان ڕایتس ووچ کەوت. لە دیدارەکەدا بە دووروودرێژی باسی مافی مرۆڤ و هەموو ئەو زوڵم و نەهامەتییانەی کرد کە لە کورد کراون.

لە کۆی ئەو دیدارانەدا هەموو دۆستەکانمان دەستخۆشییان لێ کردین بۆ هەڵبژاردەکان لە کوردستان و هەروەها ڕێگەنەدانمان بەوەی ئەو پێشێلکاری و ساختەکارییانەی کرابوون ببنە هۆکاری هەڵوەشاندنەوە و تێکچوونی هەڵبژاردنەکان، هەموویان بەڕێزەوە باسیان لە بابەتەکە کرد. هەموویان هانیان داین لە پێناو دامەزراندنی دامودەزگا و دامەزراوە یاساییەکان لە کوردستان و گوتیان پێویستە کوردستان ببێتە خاوەن حوکم و سەروەریی یاسا.

---

(١) پترۆس غالی، سیاسەتمەداری میسری و سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٩٩٢ هەتا ١٩٩٧




لە لایەن خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەوە، کتێبی (لە ئۆزبەگستانەوە بۆ بارزان- بیرەوەری) لە ئامادەکردنی (ڕەزا خالید هەسنی) کەوتە بەردەستی خوێنەران و کتێبخانەی کوردییەوە، ئەم کتێبە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی نووسەرە، کە باس لە جۆری ژیان و داب و نەریت و ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە دەکات کە تێیدا ژیاوە، بە تاڵ و شیرین، خۆش و ناخۆشییەکانیەوە، ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە بەشێکی زۆر گرنگی مێژووی بزووتنەوەی گەلی کوردە و دەبێت نەوەکانی ئێستا و داهاتوو زانیاری لەسەر بارودۆخ و خەبات و تێکۆشانیان هەبێت و بزانێت کە گەلی کورد سەردەمانێکی چەندە سەختی هەبووە.


هەر وەك ئامادەکار لە پێشەکیی کتێبەکەدا ئاماژەی پێ کردووە، لە ساڵی ١٩٥١ لە گوندێکی شاری ڤریڤسکیی ئۆزبەگستان لەدایك بووە، باوکیشی کە ناوی خالید محەمەد زوبێرە دانیشتووی گوندی (هەسنێ)ی سەر بە هۆزی بەرۆژی بارزانە، لە ساڵی ١٩٤٧، باوکی لەگەڵ مستەفا بارزانیی نەمر و هەڤاڵانی ڕووی کردۆتە یەکێتیی سۆڤییەتی پێشوو، ئامادەکار لە گێڕانەوەی بەسەرهات و ڕووداوەکان بەردەوام دەبێت، بەتایبەتی پەڕینەوەی مستەفا بارزانی و یاوەرانی لە ڕووباری ئاراس و دواتر گەیشتنیان بۆ ئازربایجان، ململانێی بارزانی لەگەڵ باقرۆڤی سکرتێری پارتی کۆمۆنیستی ئازربایجان لە کاتی کەرەنتین کردنیان بۆ ماوەی چل ڕۆژ، تا لە ساڵی ١٩٤٨ گواستراونەتەوە بۆ ئۆزبەگستان، ڕووداوەکانی نێو ئەم کتێبە زۆر گرنگ و سەرنجڕاکێشن و مێژوویەکی پڕ لە سەروەری و شکۆمەندییە بۆ مستەفا بارزانی و یاوەرانی، بۆیە لەم لاپەڕەیەدا دەرفەتی ئەوەمان نییە ئاماژە بەو هەموو بەسەرهات و ڕووداوانە بکەین، دیارە ئامادەکار باس لە سەردەمی منداڵی و گوزەرانی خۆی وماڵباتەکەی دەکات، بە هەرحاڵ بۆ خوێنەر و توێژەرانیش گرنگە کە ئەم کتێبە بخوێننەوە و بە لایەنێکی گرنگی خەباتی مستەفا بارزانی و پێشمەرگە قارەمانەکانی یاوەری ئاشنا بن.. ئامادەکاری کتێبەکە لە کۆتاییشدا چەندین لاپەڕەی بۆ وێنە و یادگارییەکان تەرخان کردووە، ماندوو نەبێت و هەر سەرکەوتوو بێت.



# دکتۆر بێوار خەنسی نووسەری دیاری گۆڤاری گوڵان.. ماڵئاوا

بە داخەوە هەفتەی ڕابردوو دکتۆر بێوار خنسی ڕاوێژکاری سەرۆک وەزیران بۆ کاروباری وزە و سامانە سروشتییەکان و نووسەری دیاری گۆڤاری گوڵان بە جەڵتەی دڵ ماڵئاوایی لێکردین ، دکتۆر بێوار شارەزایەکی زۆر کارامە و لێهاتووی بوارەکەی خۆی بوو، نووسەر و توێژەرێکی ناسراو و خاوەنی چەندین کتێب و بەرهەمی بە نرخ بوو لە بواری وزە و نەوت دا.

خوالێخۆشبوو پێشمەرگەیەکی دێرین و، نموونەی مرۆڤێکی دڵسۆز و خەمخۆر بوو لە بواری وزە و سامانە سروشتییەکان و لە کار و ئەرکەکانیدا هەمیشە سەرکەوتوو بووە، شوێن پەنجەی دیار و بەرچاو بووە لە داڕشتنی سیاسەتی وزەدا لە هەرێمی کوردستان، لە بواری جیۆلۆجیشدا خاوەن چەندین توێژینەوە و کتێب بوو، لە زۆربەی سیمینار و کۆڕو کۆبوونەوە زانستییەکاندا لە بواری نەوت و گازو سەرچاوەکانی ئاودا ئامادە بووە، دەیان وانە و موحازەرەی زانستی خستۆتە بەردەست توێژەر و قوتابیانەوە و سوود لە بۆچوون و سەرنج و نووسینەکانی وەرگیراوە.










کۆچکردوو وێڕای بواری پسپۆڕییە زانستییەکەی، نووسەرو توێژەرێکی بە توانا بووە، ئەو نووسەری گۆڤاری (گولان) بوو، بەردەوام وتار و لێکۆڵینەوەی بۆ گولان دەنووسی، ئەمە وێڕای چەندین دیدار و چاوپێکەوتن لە سەرجەم بوارەکانی سامانی وزە و ئاو، کە گۆڤارەکەمانی پێ دەوڵەمەند کردووە.


د. بیوار لە ساڵی ١٩٥٩ لە گوندی خەنس کە دەکەوێتە نێوان قەزای شێخان و ناحیەی قەسرۆک لە سنووری پارێزگای دهۆک لە دایکبووە. خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی لە قەزای شێخان تەواوکردووە و دواتر لە پسپۆری جیۆلۆجیدا بڕوانامەی بەکالۆریۆس و ماستەری بەدەستهێناوە و لە ساڵی ١٩٩٣ـ ش بڕوانامەی دکتۆرای لە یەکێک لە زانکۆکانی رووسیا لە بوارەکەی خۆی بەدەست هێناوە.

لە ساڵی ٢٠٠٦ بووەتە ڕاوێژکاری کۆمەڵەی ئاوی عەرەبی لە قاهیرەی پایتەختی میسر، هەروەها کاری ڕاوێژکاری بۆ کۆمپانیا و نووسینگەکانی جیۆلۆجی کردووە لە کوردستان و عێراقدا.

خاوەنی چەندین کتێب و گوتار و توێژینەوەیە بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی لە بوارەکانی نەوت، ئاو، ژینگە و کانزاکان، لەوانەش(النفط الأبیض٢٠٢٠) و(الصراع علی مصادر الطاقة ٢٠٢٣)و(سێ ڕۆژ ژیانا خواندگەهێ- لەژێر چاپدایە) کە هەر سێ کتێب هاوکارمان لوقمان ڕەشیدی دیزاینی کردوون.


بەداخەوە ڕۆژی ٢٠٢٣/٥/٣١ بە نەخۆشیی جەڵتەی دڵ کۆچی دوایی کرد.. بە ناوی گۆڤاری گولانەوە پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کارە بەڕێزەکەی و گشت هاوکاران و دۆست و ئاشنایانی دەکەین و خوای میهرەبان گیانی بە بەهەشت شاد بکات و ئارامی و دڵنەواییش بە هەموو لایەك ببەخشێت.

شەیما جەمال کوێخا :




**بۆ ساخکردنەوەی بەرووبوومی دانەوێڵە کارگەی گەورە دروست کراوە**

دکتۆر گۆڤەند شێروانی :



**دەستکاریکردنی ماددەی ١٣ و ١٤ی بودجە پێشێلکردنی دەستوور و ڕێککەوتنی ئیدارەی دەوڵەت و ڕێککەوتنی حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵیشە**

سادق مەولای :



**کوردی فەیلی نیشتمانپەروەر و نەتەوەیین و لە دەوری ئەو سەرکردانە کۆدەبنەوە کە هەڵگری پەیامی نەتەوەیین**

ئەلینا ڕۆشا مینۆکاڵ :



**لە ڕووی تیۆرییەوە بەنامەرکەزیکردنی دیموکراتییانە پتر لە ئاست خواستی خەڵکدا دەبێت**




■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
**د.هێمن غەنی**

■ سیاسەت و ناوخۆ:
**ساڵح عومەر**
**شەماڵ نوری**
**د. شێبان فەرهاد**
**بەهادین جەلال**

■ گشتی:
**د.عادل حوسێن**
**تارا عومەر**
**خەلیل بلەیی**
**سەنگەر شنۆیی**
**مەهدی حاجی ساڵح**
**کارزان کانەبی**
**ڕێبین ڕەمزی**

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
**سلێمان یاسین**

■ بەڕێوەبەری هونەری:
**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ:
**لوقمان ڕەشیدی**

■ وێنەگر:
**کەمال ئاکرەیی**


**بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:**
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

**چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر**

**ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری**

***Web: www.gulanmedia.com***

بورهان ئەرگوشی :




**ستراتیژیەتی وەزارەتی پەروەردە بۆ پێگەیاندنی تاکێکی سەردەمیانە و نیشتمانپەروەرە کە ڕێز لە بەها جوانەکانی کۆمەڵگە بگرێت**



گەنجێک هاوکاری سەرکەوتنەکانی دایکیەتی:

**دایکم بەم کارەی شەش منداڵی پێگەیاند و هەر هەمووشمان زانکۆمان تەواو کرد**

**بەهای خۆراکیی شووتی**



**پاوەربانکێکی خێرا و بچووک**



کاڵێ ڕەئووف :

**بەشێکی ئافرەتان بۆ دابەزاندنی کێش و تەندروستیی ماسوولکەکان دێنە ناو ئەم وەرزشە**






**چاوخشاندنێک بە کۆنسێرتی «شەهرام نازری» لە کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی ژینۆسایدی کوردی فەیلی**



# سێ پایەکەی شێخانی بارزان





**د.عەرەفات کەرەم ستونی**
بەرپرسی کاروباری عێراق لە بارەگای بارزانی

بۆ گوڵانی نووسیوە

بنیادنانی مرۆڤ لە بنیادنانی نیشتمان گرنگترە، ئەگەر تەنیا نیشتمانمان بنیاد بنێین، جگە لە بنیادنانی مرۆڤ، ئەو کاتە لە نێو کۆمەڵگەیەکی جێگیر و سارد و سڕ و چەقبەستوودا دەژین. بنیادنانی مرۆڤ واتا پەروەردەیەکی ساغڵەم و دروست و ڕاست، دەکرێ ئەو حاڵەتە بە حاڵەتی ڕۆشنبیری ناو بنێین، ئەم حاڵەتەش چەندین لایەنی کایەی پەروەردە دەگرێتەوە، بەڵام بنیادنانی نیشتمان لایەنێکی ژیاریی ماددییە لە ژیاندا، چەندین دەوڵەت پەرەیان سەندووە و پێشکەوتوون، کەچی گەلەکانیان بە دەست دواکەوتوویی ناڕۆشنبیرییەوە دەناڵێنن.

من بە تەواوی لەو باوەڕەدام کە بنیادنان و ئاوەدانکردنەوە و پەرەپێدانی نیشتمان بێ

**بنیادنان و ئاوەدانکردنەوە و پەرەپێدانی نیشتمان بێ بنیادنانی مرۆڤ بەرەو چارەنووسێکی نادیارمان دەبات**

**لە گوندی بارزان مزگەوت و کەنیسەی کریستیانەکان و پەرستگەی جووەکانیش هەبوو، هەر یەکەیان بەپێی بیروباوەڕی خۆی خودای دەپەرست، بێ ئەوەی رِقی لە ئەوی دیکە ببێتەوە و گاڵتە بە ئایینەکەی بکات**

**بە درێژایی مێژوو دەڤەری بارزان نموونەیەکی جوانی پێکەوەژیانی ئاشتییانەیە، لەوێدا جوو و کریستیان و موسڵمان بە ئاشتی و ئارامی پێکەوە ژیاون، ئەمەش هەمووی بە چاکە و پێگەی شێخانی بارزانە کە ئەم بیروباوەڕەیان لە دڵ و دەروونی خەڵکەکەدا چەسپاندووە**

بنیادنانی مرۆڤ بەرەو چارەنووسێکی نادیارمان دەبات و رِۆژێك لە رِۆژان داروبەردی وڵاتمان بەسەردا دەکەوێت، چونکە نەمانتوانیوە مرۆڤێکی دروست بنیاد بنێین، تا بەهای بنیادنانی خۆی بزانێت، بنیادنان و پەروەردەکردن و رِۆشنبیرکردن و پەرەپێدانی مرۆڤ بەرەو ئایندەیەکی مەزنمان دەبات، چونکە کاتێك مرۆڤێکی ساغڵەم بنیاد دەنێین، واتا ئێمە کۆمەڵگەیەکی ساغڵەم بنیاد دەنێین، کە کۆمەڵگەیەکی ساغڵەم بنیاد دەنێین، واتە نیشتمانێکی ساغڵەم بنیاد دەنێین، کاتێکیش هەموو ئەمانە تەواو دەبن، بێگومان ئەمە بەرەو بنیادنانی نیشتمانێکی مەزنمان دەبات و ئەو گەلەی تێدا دەژی کە شایانیەتی، ئەم پێشەکییە زۆر پێویست بوو بۆ تێگەیشتن لە سێ پایەکەی شێخانی بارزان، کە ئەمانەن:

یەکەم/ خوداناسی و خوداپەرستی.
دووەم/ خۆشەویستیی نیشتمان.
سێیەم/ پێکەوەژیانی ئاشتییانە.

با قسە لەسەر یەك لە دوای یەکی ئەم پایانە بکەین. شێخانی بارزان گرنگییان بەو سێ پایە داوە، هەر لە شێخ عەبدولسەلامی یەکەمەوە تا شێخ عەبدولسەلامی دووەم، ئەم بیروباوەڕە زیاتر لە سەردەمی شێخ ئەحمەد بارزانیدا چەسپا، بارزانیی نەمریش هەر لەسەر ئەم رِێچکە و رِێبازە رِۆیشت، تا ئێستاش ئەم بیروباوەڕە لە دەڤەری بارزان چەسپاو و جێگیرە. سەرۆك بارزانی لە وتارە مێژووییەکەیدا لە رِێورِەسمی کردنەوەی یادگەی مێژوویی بارزان لە دەڤەری بارزان ئاماژەی بەمە کرد، ئەم سێ پایە بوون کە ناوچەی بارزانیان بە حەوت هۆزە ناسراوەکەی (دوڵەمەرِی، شێروانی، بەرِۆژی، نزاری، مزوری، گەردی، هەرکی بنەجی) گۆرِی بۆ ناوچەیەکی ئارام و پێشکەوتوو کە زانا و شێخ و سەرکردە و سیاسەتمەداریان تێدا هەڵکەوتووە، بۆ نموونە گوندی بارزان ناوەندی پێکەوەژیانی ئاشتییانە بوو لە نێوان پەیرِەوکارانی هەر سێ ئایینی (ئیسلام، جوو، کریستیان)، حاخام ئەهاروون بارزانی، گەورە حاخامەکانی کوردستان بووە لە سەردەمی عوسمانی، قەشە داود بن شەمماس یۆحنان بارزانی دانەری کتێبی (العهد الجديد قراءات طقسية من الإنجيل) بووە، زۆر لە زانایانی ئیسلامیش هەر لەو ناوچەیە بوون، بۆ نموونە حافیزی عێراقی (شيخ ابن جر العسقلاني)، لە کتێبەکەی خۆمدا (الحياة الدينية من نهري إلى بارزان)دا بە تێروتەسەلی قسەم لەسەر ئەمە کردووە.

پایەی یەکەم: خوداناسی، ناکرێ مرۆڤ خودایەك بپەرستێت کە بە حەق نەیناسێت، ئەمە مەرجێکی بنەرِەتیی دوای ئەمەیە، ئامانجیش لە بوونمان لەسەر ئەم زەوییە خواپەرستییە، هەر یەکەمان بە رِێگەی خۆی، چونکە ئێمەی ئادەمیزاد براین، پێویستە ئەو برایەتییەش بۆ خۆشەویستی و ئاشتی و هاوکاری هانمان بدات. هانز کونج کە زانایەکی لاهوتی ئایینیی سویسرییە دەڵێت: «ئاشتی لە نێو گەلاندا نایەتەدی ئەگەر ئاشتی لە نێو ئایینەکاندا نەبێت»، لە گوندی بارزان مزگەوت و کەنیسەی کریستیانەکان و پەرستگەی جووەکانیش هەبوو، هەر یەکەیان بەپێی بیروباوەڕی خۆی خودای دەپەرست، بێ ئەوەی رِقی لە ئەوی دیکە ببێتەوە و گاڵتە بە ئایینەکەی بکات، بەڵکو رِێزگرتنی بەرانبەر لە نێوان پەیرِەوکارانی ئەو سێ ئایینەدا هەبووە و تا ئێستاش ئەو بیروباوەڕە جێگیرە و نەگۆرِاوە.

پایەی دووەم: خۆشەویستیی نیشتمان، ناکرێت کەسێك بە مرۆڤ دابنێین کە نیشتمانەکەی خۆی خۆش نەوێت، بەڵکو ئەو کەسە دوورە لە مرۆڤایەتی، عومەری کورِی خەتتاب گوتوویەتی: (عمّر الله البلدان بحب الأوطان) واتا خوای گەورە وڵاتانی بە خۆشەویستیی نیشتمانەکان ئاوەدان کردووەتەوە، بەم خۆشەویستییە نیشتمانەکانمان ئاوەدان دەکەینەوە و پەرەی پێ دەدەین و بینای دەکەین و، پارێزگاری لە جوانی و پاکوخاوێنی و ژینگە و شاخ و دۆڵ و دەشت و درەخت و بەروبووم و رِووەك و خاك و ئاسمان و ئاو و ئاژەڵەکانی دەکەین، لەمەش گرنگتر خوێنمان بۆ بەرگریکردنی دەرِێژین، ئەوەتا پێغەمبەری خوا (د.خ) کاتێك خەڵکەکەی لە مەککەی پیرۆز دەریان کرد، گوتی: (ما أطيبك من بلد، وأحبك إلي، ولولا أن قومي أخرجوني منك ما سكنت غيرك)، ئەی وڵاتەکەم چەند شیرینیت، لای من خۆشەویستیت، ئەگەر خەڵکەکەم دەریان نەکردمایە، لە جێگەیەکی دیکە نیشتەجێ نەدەبووم. موحیبەدین ئەلخەتیب دەڵێت: «ئەمەکداران سۆزیان بۆ نیشتمانەکانیان هەیە وەك

چۆن باڵندەکان سۆزیان بۆ هێلانەکانیان هەیە».

پایەی سێیەم: پێکەوەژیانی ئاشتییانە، بە درێژایی مێژوو دەڤەری بارزان نموونەیەکی جوانی پێکەوەژیانی ئاشتییانەیە، لەوێدا جوو و کریستیان و موسڵمان بە ئاشتی و ئارامی پێکەوە ژیاون، ئەمەش هەمووی بە چاکە و پێگەی شێخانی بارزانە کە ئەم بیروباوەڕەیان لە دڵ و دەروونی خەڵکەکەدا چەسپاندووە، لەمەش گرنگتر خۆشەویستیی خەڵکە، کاتێك کەسێکی غەریب بچووبایەتە ئەو دەڤەرە، بە گەرمییەوە پێشوازییان لێ دەکرد و خۆراك و ئاویان پێشکەش دەکرد، تەنانەت ئەگەر پێویستی بوایە شوێنی حەوانەشیان بۆ دابین دەکرد، بۆیە ئیبن عەرەبیی ئەندەلووسی کە فەیلەسووفێکی سۆفیگەرە دەڵێت: «بە هیچ پێگەیەکی ئایین ناگەیت، تا ڕێز لە هەموو بوونەوەرێك نەگریت».

ئەم دەڤەرە بەم سێ پایەیە بە ئارامی و سەقامگیری و سەلامەتی ماوەتەوە، نەوەیەکی لێ هەڵکەوتووە کە بڕوادار و نیشتمانپەروەر و نەتەوەخوازن، هەروەها هەموو مرۆڤێکیان خۆش ویستووە، جا ناسنامەکەی هەر چی بێت، لەگەڵ ئەوەی ئەم دەڤەرە (بەتایبەتی مەبەستم گوندی بارزانە) شازدە جار خاپوور کراوە، سەرەڕای ڕووداوە تاڵەکان و سەختیی ڕووبەڕووبوونەوە، بەڵام نەیانتوانیوە ئەو سێ پایە لە دڵی ئەواندا خاپوور بکەن. هۆی سەقامگیریی کوردستان ئەوەیە کە سەرۆك بارزانی ئەم سێ پایەی لە عەقڵی هەموو تاکێکدا چەسپاندووە کە لە کوردستان دەژی، بۆیە دەبینین کە کۆمەڵگەی کوردستانی کۆمەڵگەیەکی بڕوادارە، نیشتمانخوازە، ئەوانەی خۆش دەوێت کە لەگەڵیدا دەژین، لەبەر ئەم بیروباوەڕە هیچ سەربازێکی سوپای عێراق دوای ڕووخانی ڕژێم ئازاری پێ نەگەیشت، بەڵکو گەلی کوردستان خواردن و خواردنەوە و پۆشاك و جێگەی حەوانەیان بۆ فەراهەم کردن، هاوکات هاوکارییان کردن تا بە سەلامەتی بگەڕێنەوە ماڵەکانیان، بەم بیروباوەڕەش سەرکردایەتیی کوردستانی لاپەڕەیەکی تازەی لەگەڵ خائین و جاشەکانی سەر بە ڕژێمی سەدام کردەوە، ئەگەر وا نەبوایە، کوردستان سەقامگیر نەدەبوو و پێش نەدەکەوت. بەم بیروباوەڕە شۆڕشی کورد بە درێژایی مێژوو بەرانبەر سەرسەختترین ڕژێم و دڕندەترین تیرۆریست و نەگریسترین پیلان وەستایەوە، بۆیە ئەگەر لێی لانەدەین، ئەوا تاهەتایە بەرگری دەکەین، پێویستە ئەم پایانە پێکەوە بن، باوەڕ بە تەنیا بەس نییە، ئەگەر خۆشەویستیی نیشتمانی لەگەڵدا نەبێت، خۆشەویستیی نیشتمانیش بە تەنیا بەس نییە، ئەگەر بڕوابوون بە خوای لەگەڵدا نەبێت، ئەو دووانەش بەس نین، ئەگەر پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان تاکەکانی گەل نەبێت، بە چاوپۆشی لە ناسنامەی ئایینی و نەتەوەیی و ئایینزایی.

دیارە ئەوەی ئەمڕۆ پێوەی دەناڵێنین ئەوەیە کە یەکێك لەو سێ پایانەمان لە ناودا نییە، ئەویش خۆشەویستیی نیشتمانە، تا ئێستاش هەندێ کەس جیاوازیی ناکات لە نێوان نیشتمان و حکومەت و دەسەڵات، کاتێك ڕقت لە دەسەڵاتە نابێت ڕقت لە نیشتمان بێت، نیشتمان دەمێنێت و دەسەڵات دەڕوات، ڕقبوونەوەت لە نیشتمان ڕق لێ بوونەوەیە لە بوون و مێژوو و پێگە و گیانی خۆت، ئەوەی مایەی شەرمەزارییە ئەوەیە کە هەندێ سیاسەتمەدار گەنجانیان بەم چەمکە هەڵەیە گۆش کردووە، بۆیە کاتێك سیاسەتمەدار ڕۆشنبیریی مێژوویی و مێژووی ڕۆشنبیریی نابێت، ئەوا خراپتری دەکات لەوەی کە چاکی بکات، زۆربەیان بازرگانن، لە ناوماڵدا تەلەفزیۆنەکانیان لە کتێبخانەکانیان گەورەترە، جا ئەگەر کتێبخانەشیان هەبێت.

لەم ڕۆژانەماندا زۆر پێویستیمان بەم سێ پایە هەیە، ئەوەشی ئازارم دەدات، ئەوەیە کە زۆر لە سیاسەتمەدارانمان هیچ لەبارەی ئەو سێ پایەیە نازانن، تەنانەت گرنگیشیان پێ نادەن، چونکە تاکە خەمیان بریتییە لەوەی ژیانی خۆیان چاك بکەن، بازرگانییەکەیان فراوان بکەن، پێگەکانیان قایم بکەن، خەڵکی هەژاریش نازانێت کە ئەوەی ئێستا پێی گەیشتووین لە پەرەسەندنی سیاسی و بازرگانی و ئاوەدانی بە هۆی ئەو نەوەیەیە کە بڕوای بەم پایانە هەیە، کاتێکیش ئەو پایانە لە نێو دڵ و دەروونی گەنجان و نەوەکانمان نامێنن، ئەوا خودانەخواستە هەموو شتێك لەدەست دەدەین، شەکیب ئەرسەلانی نووسەر دەڵێت: «نیشتمانپەروەر بیر لە نەوەکانی داهاتوو دەکاتەوە، بەڵام سیاسەتمەدار بیر لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو دەکاتەوە».

**تا ئێستاش هەندێ کەس جیاوازیی ناکات لە نێوان نیشتمان و حکومەت و دەسەڵات، کاتێک ڕقت لە دەسەڵاتە نابێت ڕقت لە نیشتمان بێت، نیشتمان دەمێنێت و دەسەڵات دەڕوا**

**کاتێک سیاسەتمەدار ڕۆشنبیریی مێژوویی و مێژووی ڕۆشنبیریی نابێت، ئەوا خراپتری دەکات لەوەی کە چاکی بکات، زۆربەیان بازرگانن، لە ناوماڵدا تەلەفزیۆنەکانیان لە کتێبخانەکانیان گەورەترە، جا ئەگەر کتێبخانەشیان هەبێت**

**شەکیب ئەرسەلانی نووسەر دەڵێت: «نیشتمانپەروەر بیر لە نەوەکانی داهاتوو دەکاتەوە، بەڵام سیاسەتمەدار بیر لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو دەکاتەوە»**

### قەشە ئیشایا داود فلیبس بۆ گوڵان:

# مسعود بارزانی درێژەپێدەری عەقیدەی بارزانە و لەسەر ئاستی جیهان بووەتە ڕەمزی پێکەوەژیان و ئاشتی

## ئێمە لەگەڵ سیستەمێکی هەڵبژاردن نین کە دەنگی مەسیحییەکان پەرش و بڵاو بکات

**جیهان بە شانازییەوە دەڕوانێتە ئەو پێکەوەژیانەی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، مەسیحییەکانی کوردستانیش لە دێرزەمانەوە لەگەڵ پێکهاتەکانی تردا پێکەوە دەژین و هیچ گرفت و کێشەیەکی ئایینی و کەلتوورییان نەبووە، لە ئێستاشدا مەسیحییەکان بە ئومێدێکی زیاترەوە دەڕواننە پارێزگاریکردن لە مافەکانیان و نایانەوێت تێکەڵی موزایەداتی سیاسی بکرێن. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پێکەوەژیانەی کوردستان گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ قەشە ئیشایا فلیبس بەرپرسی کەنیسەی «مارگیورگیس»ی ڕۆژهەڵات/ شۆڕش سازدا و بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**



**بەدەنگەوەهاتنی سەرۆک بارزانی بۆ خێزانە لێقەوماوەکانی مەسیحییەکان لە کاتی هێرشەکانی داعشدا بۆ عەقیدەو بیروباوەڕی گەورەی بارزانی و خەڵکی کوردستان دەگەڕێتەوە و هەرگیز لەبیری ناکەین**

*** سەرەتا بەو پرسیارە دەست پێ دەکەین، بەو پێیەی کوردستان ئەو هەرێمەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە هەموو ئایین و ئایینزا و نەتەوەکان پێکەوە بە ئاشتەوایی دەژین، ئایا کریستیانەکانی جیهان چۆن دەڕواننە ئەم پێکەوەژیانەی کوردستان؟**

- پێکەوەژیانی ئایین و ئایینزاکان بۆ هەموو کۆمەڵگەیەکی زیندوو بە بنەمای سەرەکی بونیادنانی ئەو کۆمەڵگەیە دادەنرێت، بە پێچەوانەشەوە لێکترازان و قبووڵنەکردنی ئەوی دیکە، هۆکاری سەرەکیی دواکەوتن و خراپبوونی بارودۆخی سەقامگیری و ڕاوەستانی گەشە و ئاوەدانییە. خۆ ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی نزیك، هەر پێش ١٠٠ساڵی ڕابردوو بەتایبەتی لە سەردەمی شێخ عەبدولسەلامی یەکەم و دواتر لە سەردەمی مەلا مستەفا بارزانی، ئەوا بە ڕوونی ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت، کە ڕێزگرتن و کەلتووری پێکەوەژیان لەو سەردەمەدا چەند بەهایەکی بەرز و پیرۆزی هەبووە و گرنکی پێ دراوە و، بنەمایەك بووە بۆ بونیادانی کۆمەڵگەیەکی ئاشتیخواز، هەر ئەو ڕێبازەی بارزان لە لایەن سەرۆك مسعود بارزانی درێژەی پێ دراوە و بەڕێزیان لەسەر ئاستی هەموو جیهان بوونەتە ڕەمزی پێکەوەژیان، جیهانیش بەچاوی ڕێزەوە دەڕواننە ئەم پێکەوەژیانەی کە تاکو ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا بوونی هەیە. ئێمەی پیاوانی ئایینی مەسیحی لە نزیکەوە زۆر گفتوگۆمان لەگەڵ مەسیحییەکانی جیهان هەیە و ئەو واقیعە جوانەی کوردستانمان بۆ گواستوونەتەوە و بووەتە جێگای خۆشحاڵی و تێڕامانێکی گەورە و ئاسوودەیی بۆیان. لەم ڕوانگەیەوە ئەرکی سەرشانی هەموو تاکێکی ناو کۆمەڵگەیە پێکەوەژیانی ئایینی و ئایینزاکان بپارێزن و دەوڵەمەندتری بکەن، تاوەکو کوردستان بەو پێکەوەژیانە زیاتر ببێتە جێگای ڕێز و متمانەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.

*** ئەگەر کەمێك لەسەر ئەم خاڵە ڕاوەستین، وەکو ئاگادارن کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان درێژەپێدەر و پشتگیری تەواوی ئەم پێکەوەژیانە ئایینییە دەکات، هەر لە ماوەی ئەم کابینەیەدا قەداسەتی پاپای ڤاتیکان سەردانی هەولێری کرد، ئایا هەوڵەکان و ستراتیژیەتی ئەم کابینەیە بۆ پێکەوەژیان چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

- بە خۆشحاڵییەوە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کابینەکانی پێشووی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەمان ستراتیژیەت و بەرنامەی پاراستنی پێکەوەژیانیان هەبووە، حکومەتی هەرێمی کوردستان وای کردووە، بنەماکانی پێکەوەژیان قووڵ بکاتەوە لەناو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانی کوردستاندا، هەر ئەمەشە وای کردووە قەداسەتی پاپای ڤاتیکان سەردانی هەولێری پایتەختی کوردستان و شاری پێکەوەژیانی ئایینی بکات، سەردانەکەی پاپای ڤاتیکان بۆ لە نزیکەوە بینینی ئەو پێکەوەژیانەی هەرێمی کوردستان بوو، کاتێکیش گۆڕەپانی شەهید فەرەنسۆ هەریری هەڵبژارد و نوێژی قەداسەتی تێدا ئەنجام دا، لە چەندین شوێنی دیکەی عێراق و ناوچەکەوە مەسیحییەکان ڕوویان لەم گۆڕەپانە کرد، پاش گەڕانەوەشی قەداسەتی پاپای ڤاتیکان ڕاستەوخۆ سوپاسی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کرد، کە وای کردووە گیانی برایەتی و متمانە و دڵنیایی بەهێز لەنێوان نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان دروست بێت، لەمەش گرنگتر خودی جەنابی سەرۆکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دامەزراوەکانی حکومەت هەموو ئایین و ئایینزاکانی بەشداری پێ کردووە، دامەزراوەی مافی مرۆڤ و سەرۆکایەتیی پەرلەمان و وەزارەتی گواستنەوە و چەندین دامەزراوەی دیکە بەڵگەی ڕوونی ئەم گرنگیدانەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بە هەموو پێکهاتە و ئایین و ئایینزاکان، بگرە لە بەڕێوەبەردنی چەندین دامەزراوە و سێکتەری گرنگ پێکهاتەکانی مەسیحی و ئێزدی و تورکمان و ئایینزاکانی دیکە بەشدارن، ئەمەش جێگای سەرنج و سەرکەوتنی حکومەتی هەرێمی کوردستانە.

*** لە پرۆسەی نووسینەوەی دەستووری کوردستان، سەرۆك بارزانی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێویستە نوێنەری نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان خۆیان مافەکانی خۆیان لە دەستووری کوردستاندا بنووسنەوە و، بە ئاستێك بێت کە خۆیان پێی ڕازی بن، ئایا ئێوە وەك مەسیحییەکان دەتانەوێت چۆن مافەکانتان لە دەستووری کوردستاندا دیاری بکرێت؟**

- با کەمێك لەسەر ئەم پرسیارە گرنگە ڕابووەستین. زۆربەی جار گوێبیستی ئەوە دەبین کە پێویستە پێکهاتەکان بە مافی خۆیان بگەن و ماف و بەرژەوەندییەکانیان پارێزراو بێت، لەمە گرنگتر ئەوەیە جەنابی مسعود بارزانی فەرموویەتی پێویستە ئەندامانی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکان لە لێژنەکانی نووسینەوەی دەستوور بەشدار بن، تاوەکو خۆیان مافەکانیان لە نووسینەوەی دەستوور بنووسنەوە و جێگیری بکەن، ئەمەش بە مەبەستی قووڵکردنەوەی ئەو پێکەوەژیانەیە کە جەنابی سەرۆك بارزانی داکۆکیکاریەتی و دەیەوێت بە یاسا مافەکانی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان بپارێزرێت و لە چوارچێوەیەکی ڕێکخراوەییدا مومارەسەی بکەن .

*** ئایا هۆکار چییە کە هەندێ لایەن و حزبی کوردستانی کێشە بۆ کورسیی کۆتا دروست دەکەن، یان دەیانەوێت بە شێوەیەك بێت کە خۆیان مەبەستیانە، لەو بارەوە ئێوە چی دەڵێن؟**

- من پیاوێکی ئایینیم و حەز ناکەم باسی بابەتی سیاسی بکەم. هەموو حزب و لایەنە سیاسییەکان دەیانەوێت بۆ مەرام و بەرژەوەندیی خۆیان کار بکەن، زۆربەی جار کێشەی لابەلا دروست دەبێت، ئەمە تەنیا موزایەدەی سیاسییە و هیچی تر، ئێمەی مەسیحییەکانی کوردستان پێمان خۆشە زیاتر کورسی بەپێی ژمارەی دەنگدەرانمان بە دەست بهێنین و کورسیی کۆتا هەر نەبێت، بەڵام لەم قۆناغەدا ئەوەی لە کوردستان ڕێکخراوە بە یاسای کۆتاکان مافێکی خۆمانە و ناکرێت تێکەڵی موزایەدەی سیاسی بکرێت .

*** ئایا لە کاتێکدا سیستەمی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان بکرێتە فرەبازنە، یان چەند بازنەیەك، ئێوە وەك مەسیحییەکان بەو جۆرە سیستەمە ڕازی دەبن، چونکە لەو شێوازی هەڵبژاردنە دەنگ و ڕەنگی پێهکاتەکان**

**جەنابی مسعود بارزانی فەرموویەتی پێویستە ئەندامانی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکان لە لێژنەکانی نووسینەوەی دەستوور بەشدار بن، تاوەکو خۆیان مافەکانیان لە نووسینەوەی دەستوور بنووسنەوە و جێگیری بکەن**

**لە نزیکەوە زۆر گفتوگۆمان لەگەڵ مەسیحییەکانی جیهان هەیە و ئەو واقیعە جوانەی کوردستانمان بۆ گواستوونەتەوە و بووەتە جێگای خۆشحاڵی و تێڕامانێکی گەورە و ئاسوودەیی بۆیان**

**بۆ ئێمەی مەسیحییەکان بەشداری لە هەڵبژاردن و پەرلەمان لەسەر بنەمای ژمارە نییە، بەڵکو بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە وەکو نەتەوە و پێکهاتەی سەرەکی و ڕەسەنی ئەم کۆمەڵگەیەین و مافی خۆمانە بەشداری لەم پرۆسەیەدا بکەین**

**پەرشوبڵاودەبێت و نابنە خاوەن کورسی و ڕاوبۆچوون لە ناو پەرلەماندا؟**

- ئێمە لەگەڵ ئەو سیستەمەی هەڵبژاردن نین کە دەنگدەری مەسیحی پەرشوبڵاو بکات، واتا مەسیحییەکان دەنگ بە نوێنەر و کاندیدی خۆمان بدەن، تا ئەو کاتەی بەپێی دەستوور و یاسا دەبینە خاوەنی ماف و نوێنەرایەتیشمان لە پەرلەمان لەسەر بنەمای ئەو یاسایانەی لە دەستوور بۆمان دانراوە، دەتوانین داکۆکی لە مافەکانی خۆمان بکەین. بۆ ئێمەی مەسیحییەکان بەشداری لە هەڵبژاردن و پەرلەمان لەسەر بنەمای ژمارە نییە، بەڵکو بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە وەکو نەتەوە و پێکهاتەی سەرەکی و ڕەسەنی ئەم کۆمەڵگەیەین و مافی خۆمانە بەشداری لەم پرۆسەیەدا بکەین، ئەوەی ئێستاش هەیە لە پەرلەمانی کوردستان بە یاسا ڕێکخراوە و مافێکی خۆمانە.

*** ئایا بوونی عەنکاوە بە قەزا، وەك یەکێك لە شوێنی مەسیحییەکان لە هەرێمی کوردستان چی دەگەیەنێت؟ ئایا تموحی ئێوە لەوە ڕادەوەستێت، یان ئومێد و ئایندەی زیاتر و گەورەتر لە حکومەتی کوردستان چاوەڕوانن؟**

- بە قەزا بوونی عەنکاوە بڕیارێکی زۆر باش بوو، وا دەکات لە ڕووی ئیدارە و خزمەتگوزارییەوە گرنگی زیاتر بە قەزاکەمان بدرێت، بەڵام خۆ دەبێت تایبەتمەندێتی عەنکاوە پارێزراو بێت، بەڵام ئێمە تموحی زیاترمان هەیە، ئێمە پێشتر لە دەشتی نەینەوا داوای ئۆتۆنۆمیمان کردووە، بەو ئومێدەشین لە هەرێمی کوردستان کاری گەورەترمان بۆ بکرێت.

*** سەرۆك مسعود بارزانی لە کاتی هێرشی تیرۆریستانی داعش دەرگای هەرێمی کوردستانی واڵا کرد بۆ ئەوەی هەموو کریستیانەکان و ئایینە جیاوازەکانی دیکە لە سەرانسەری عێراق بیانپارێزێت، ئایا ئەو پێداگرییەی سەرۆك بارزانی بۆ پێشوازیکردن لە هەموو کریستیانەکان کە لە ناوچە جیاجیاکانی عێراقەوە بێنە کوردستان چۆن لێك دەدەیتەوە؟**

- بەدەنگەوەهاتنی سەرۆك بارزانی بۆ خێزانە لێقەوماوەکانی مەسیحییەکان لە کاتی هێرشەکانی داعشدا بۆ عەقیدەو بیروباوەڕی گەورەی بارزانی و خەڵکی کوردستان دەگەڕێتەوە و، هەرگیز لەبیری ناکەین بەدەنگەوەهاتنی سەرۆك بارزانی و حکومەتی هەرێمی کوردستان، گیانی سەدان ماڵ و منداڵ و ئافرەتی مەسیحییان ڕزگار کرد، ئەمە لە کاتێکدا بوو، بارودۆخی هەرێمی کوردستان لەو پەڕی خراپیی دارایی و قەیراندا بوو، ئەوە لە دوای ئەوە جوامێری و بەهاناهاتنی بارزانی و حکومەتی هەرێمی کوردستان و برا کوردەکانمان دەگێڕینەوە.

*** لەگەڵ بەشی زۆری قەشە و مەتران و پیاوانی ئایینی لە کەنیسەکانی کوردستان قسەمان کردووە، هەموویان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە لە سایەی لۆژیك و ڕابەرایەتیی سەرۆك بارزانی هەست بە ئەمان و دڵنیایی دەکەن، ئایا ئەم ئەمان و دڵنیاییەی تێکڕای پێکهاتە و ئایینە جیاوازەکان بە عەقیدەی بارزانیان هەیە، لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

- عەقیدەی بارزان بیرکردنەوەیەکی قووڵی بۆ پێکەوەژیان و ئاشتی و خێری مرۆڤایەتی تێدایە، هەر بۆیە ئایین و ئایینزاکان تا ئەمڕۆ ئەو دڵنیایی و متمانەیەی هەیانە، بووەتە کۆڵەکەیەکی سەرەکیی پێکەوەژیان و درێژەپێدەری ئەو عەقیدەیەیە کە جەنابی مسعود بارزانی پارێزگاری لێ دەکات و گەشەی پێ دەدات، مێژووی کۆنی کورد و عەقیدەی بارزانە وای کردووە لە هەرێمی کوردستان نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان پێکەوە بژین و بووەتە بنەمایەك بۆ ئاشتی و سەقامگیری لە هەرێمی کوردستان.



**سەردانەکەی پاپای ڤاتیکان بۆ لە نزیکەوە بینینی ئەو پێکەوەژیانەی هەرێمی کوردستان بوو، کاتێکیش گۆڕەپانی شەهید فەرەنسۆ هەریری هەڵبژارد و نوێژی قەداسەتی تێدا ئەنجام دا، لە چەندین شوێنی دیکەی عێراق و ناوچەکەوە مەسیحییەکان ڕوویان لەم گۆڕەپانە کرد**



سادق مەولای بۆ گوڵان:

# کوردی فەیلی نیشتمانپەروەر و نەتەوەیین و لە دەوری ئەو سەرکردانە کۆدەبنەوە کە هەڵگری پەیامی نەتەوەیین

**پەراوێزخستنی ناساندنی جینۆسایدی کوردانی فەیلی لەلایەن حکومەتەکانی عێراقەوە، نیگەرانییەکی زۆری لای کوردانی فەیلی لێ کەوتووەتەوە، لە کاتێکدا ڕاپێچکردنی زۆرەملێ و تاڵانکردنی ماڵ و حاڵ و زیندانیکردن و کوشتنی گەنجەکانی کوردانی فەیلی بە یەکێك لە قێزەوەنترین کۆمەڵکوژییەکان دادەنرێت. بۆ قسەکردن لەسەر جینۆسایدی کوردانی فەیلی، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ سادق مەولای نووسەر و کەسایەتیی دیار و چالاکی دۆزی کوردی فەیلی سازدا، لێرەدا پوختەی وەڵامەکانی بڵاو دەکەینەوە.**

*** کوردی فەیلی بە پێکهاتەیەکی ڕەسەن و سەرەکیی کورد دادەنرێن و چەندین جار کەوتوونەتە بەر شاڵاوی پاکتاوکردن، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەم شاڵاوانە لەژێر چ پاساوێکدا ئەنجام دراون؟**

- ئەگەرچی دەستپێکی جینۆسایدی کوردانی فەیلی مێژوویەکی کۆنی هەیە، بەڵام شاڵاوەکە لەگەڵ هاتنی ڕژێمی بەعس بۆ سەر حوکم و لە سەرەتای هەشتاکاندا گەیشتە لووتکە و زۆر بێ بەزەییانە کوردانی فەیلی ڕووبەڕووی تاڵان و بە زۆر ڕاپێچکردن بوونەوە، سەدان گەنجی کوردی فەیلی ڕاپێچی زیندانەکانی بەعس کران، تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت، ڕوفاتەکانیشیان چارەنووسیان نادیارە. دەوڵەمەندی و بەپیت و بەرەکەتی ناوچەکانی کوردانی فەیلی بەتایبەتی لە ڕووی سەرچاوەکانی ئاوەوە، کە کەوتووەتە نێوان دوو ڕووبار و لە ڕۆژهەڵاتی عێراق و ڕۆژئاوای ئێراندا سەدان ساڵە بە خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکە دادەنرێن، کە هەندێك سەرچاوەی مێژوویی بوونی کوردانی فەیلی بۆ زیاتر لە ٣٠٠٠ ساڵ دەگەڕێننەوە. ژمارەی کوردانی فەیلی لەو سەردەمانەدا بەراورد بە عەرەبەکان زۆر زیاتر بووە، بە ڕادەیەك زۆربەی هەرە زۆری دانیشتووانی بەغدای پایتەخت کوردی فەیلی بوون، کوردانی فەیلی کوردبوونی خۆیان نەشاردووەتەوە، ڕاستە ڕێزیان بۆ مەزهەبەکەیان هەیە، بەڵام لایەنی نەتەوەیی و خۆشەویستییان بۆ نیشتمانەکەیان خستووەتە پێش مەزهەبەکەیانەوە، زۆربەی هەرە زۆری ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دیجلە، وڵاتی کوردانی فەیلی بووە و شارەکانی خانەقین و مەندەلی و سەعدییە و جەلەولا و زرباتیا و بەدرەو هەموویان مەملەکەتی کوردانی فەیلی بوون و تا دەگاتە عەمارە و بەسراش کوردی فەیلی لێ بووە. لە شۆڕش و ڕاپەرینەکانی کورد بەتایبەتی لە هەر دوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵاندا بەشدار بوون، ئەم واقیعە بۆمان دەردەخات، کە شۆڤێنییەکان چ لە ڕووی نەتەوەییەوە بێت، یان لە ڕووی مەزهەبییەوە بێت، مەبەستیان بووە تەواوی ئەم ناوچانەی کوردانی فەیلی دەستی بەسەردا بگرن و ماڵ و حاڵیان بە تاڵان ببەن و ڕق و قینیشیان بەرانبەریان نەشاردووەتەوە، بەوەی ئەوان سەر بە ئێرانن و هاوکات هاوکار و بەشداری شۆڕش و ڕاپەرینەکانی گەلی کورد بەتایبەتی بە رابەرایەتیی مەلا مستەفا بارزانی بوون .

*** کەواتە تاوانبارکردنتان بە (التبعية الايرانية) زیاتر بیانوویەك بووە بۆ ئەوەی ڕاپێچی بەزۆرەملێی ئێرانتان بکەن و بەغدا و ناوچەکانتان لە کوردبوون بەتاڵ بکەنەوە؟**

- (التبعية الايرانية) ئەو بیانوویە بوو کە ڕژێمی بەعس زۆر دەمێکە پیلانی بۆ داڕشتبوو، کوردانی فەیلی کەسانی مەدەنی و بازرگان و کاسب و ڕۆشنبیر بوون، حەزیان بە شەڕ و چوونە ناو ڕیزی سەربازی لەناو دەسەڵاتی عوسمانی و ئینگلیز و حکومەتی عێراقدا نەبوو، چونکە هەموو ئەو شەڕانە بە ئامانجی بەدەستهێنانی دەستکەوت و بۆ کوشتن و قاتوقوڕی و لەناوبردنی گەلانی ناوچەکە بوو، بۆیە کوردانی فەیلی ڕەگەزنامەی عێراقیان نەدەویست و زۆربەیان خاوەنی (جنسية التبعية) بوون، هەموو ئەم ڕووداوانە هاوکات بوو لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی حوکمی عێراق لەلایەن

**سەدان گەنجی کوردی فەیلی ڕاپێچی زیندانەکانی بەعس کران، تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت، ڕوفاتەکانیشیان چارەنووسیان نادیارە**

**هەندێک سەرچاوەی مێژوویی بوونی کوردانی فەیلی بۆ زیاتر لە ٣٠٠٠ ساڵ دەگەڕێننەوە**

**کوردانی فەیلی کەسانی مەدەنی و بازرگان و کاسب و ڕۆشنبیر بوون، حەزیان بە شەڕ و چوونە ناو ڕیزی سەربازی لەناو دەسەڵاتی عوسمانی و ئینگلیز و حکومەتی عێراقدا نەبوو**

**تاکو ئێستاش هیچ بۆ ئەو خێزانانە نەکراوە کە ماڵ و حاڵیان بە تاڵان بران و داگیرکران و ڕۆڵەکانیان لە زیندانەکاندا بێسەروشوێن کران**

**ڕژێمی بەعس لە هەشتاکاندا ٧٥٠ هەزار کوردی فەیلی ڕاپێچی ئێران کرد و ژمارەیەکی زۆری دیکەشی زیندانی کرد و ماڵ و حاڵ و کێڵگە و دووکانەکانیان دەستی بەسەردا گیرا**

**سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسی ڕێکخراوی قوتابیان و ئافرەتان کوردی فەیلی بوون و بە سەدان پێشمەرگەی دیکەش لەناو ڕیزەکانی پێشمەرگەکانی بارزانی بوون**

کەسانێکی شۆڤێنییەوە کە بە ناوی عەرەبەوە دژی گەلی کورد و پێکهاتەکانی دیکە بەرنامە و پلانیان دانا، ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٦٨ دەست بە یەکەمین ڕاپێچکردنی کوردی فەیلی کرا و لە ١٩٧٠ شاڵاوی دڕندانە دەستی پێ کرد، لە ساڵی ١٩٧١ مۆڵەتی بازرگانییان لە کوردانی فەیلی سەندەوە، بە بیانووی نەبوونی ڕەگەزنامەی عێراقی و لەسەرەتای هەشتاکاندا شاڵاوە گەورەکەی جینۆسایدی کوردانی فەیلی ئەنجام درا، تاکو ئێستاش هیچ بۆ ئەو خێزانانە نەکراوە کە ماڵ و حاڵیان بە تاڵان بران و داگیرکران و ڕۆڵەکانیان لە زیندانەکاندا بێسەروشوێن کران.

*** ئاماژەت بەوە کرد، کوردانی فەیلی پاڵپشتیی مەلا مستەفا بارزانییان کردووە و خۆشەویستییان بۆ خاك و نیشتمان زۆر لا گرنگە، ئایا تا چەند لە هەرێمی کوردستان گرنگی بەم کەیسە و حەز و ویستی کوردانی فەیلی دراوە؟**

- لە سەردەمی مەلا مستەفا بارزانی، کوردانی فەیلی بە کۆمەك و هاوکاریی دارایی و چوونیان بۆ ناو ڕێکخستنەکانی شۆڕش بە شێوەیەکی زۆر دڵسۆزانە بەشداریی شۆڕشیان کردووە، ڕژێمی بەعس لە هەشتاکاندا ٧٥٠ هەزار کوردی فەیلی ڕاپێچی ئێران کرد و ژمارەیەکی زۆری دیکەشی زیندانی کرد و ماڵ و حاڵ و کێڵگە و دووکانەکانیان دەستی بەسەردا گیرا. ئەمەش هەمووی لەبەر کوردبوونیان بوو بە پلەی یەکەم، ئازاری کوردانی فەیلی تەنیا ئەمە نەبوو، بەڵکو لەسەردەمی شەڕی ئێران -عێراق لە وڵاتی ئێران لەناو کەمپەکان و ئۆردوگاکان لە دۆخێکی سەختدا بوون، بەمەش ڕژێمی بەعس چەندین ئامانجی سیاسی و ئابووری و شۆڤێنی جێبەجێ کرد و دیموگرافیای ناوچەکانیان گۆڕی، گرفتەکە لەوەیە دەستووری عێراق دانی بەم تاوانانەی بەعسدا ناوە، بەڵام لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس هەموو ئەو ئاوات و ئومێدانەی هەمانبوو لەبار بران، چونکە ڕژێم و سیستەمی موحاسەسە وململانێ و ناکۆکیی سیاسی وای کرد، کوردانی فەیلی پێگەیەکی بەهێزیان نەبێت لەناو حزب و لایەنە سیاسییەکان و لە پرۆسەی حوکمڕانیدا گرنگییەکی ئەوتۆیان



پێ نەدرا و دۆزەکەیان بە هەڵپەسێردراوی مایەوە، لە کۆنفرانسی جینۆسایدی کوردانی فەیلی کە بە سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی سەرۆك بارزانی بەڕێوەچوو و، نوێنەرانی ٢٥ وڵات بەشدارییان تێدا کرد و بە کۆمەڵێك ڕاسپاردەی گرنگ کۆتایی بە کۆنفرانسەکە هات و، کۆمەڵێك توێژینەوە و بابەت و بەڵگەنامە خرانەڕوو، ئومێدمان زۆرە لە ڕێگەی پێکهێنانی ئەو دامەزراوەیەی کە تایبەتە بە کەیسی جینۆساید و بەدواداچوونی کاروبارەکانیان کاری بەرچاو بکرێت.

*** لە شۆڕشی ئەیلولدا کوردانی فەیلی بەشدارییەکی کارایان لەو شۆڕشە کرد، ئایا هۆکاری سەرەکیی بەشداریکردنی کوردانی فەیلی لە شۆڕشی ئەیلول و خۆشەویستییان بۆ بارزانی چی بوو؟**

- کوردانی فەیلی خۆشەویستییان بۆ خاك و نیشتمان لە ئاستێکی بەرزدایە، هەر سەرکردەیەکی کوردیش هەڵگری پەیمانی



دیمەنێك لە کۆنفرانسی جینۆسایدی کوردی فەیلی - هەولێر ٢٠٢٣

نەتەوەیی بێت، کوردانی فەیلی خۆشیان دەوێت. خۆشەویستیی مەلا مستەفا بارزانی لە ڕووی نەتەوەییەوە بووە، بە هەمان شێوەش مەلا مستەفا بارزانی دەیزانی کوردانی فەیلی لە پێشەوەی ڕووبەڕووبوونەوەی تەعریب و تەرحیل و هەموو ئەو زوڵم و چەوسانەوەیە بوون کە تووشی بوون، بۆیە سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسی ڕێکخراوی قوتابیان و ئافرەتان کوردی فەیلی بوون و بە سەدان پێشمەرگەی دیکەش لەناو ڕیزەکانی پێشمەرگەکانی بارزانی بوون. لە ساڵی ١٩٧٥ ڕێککەوتنی جەزائیر لە نێوان ڕژێمی بەعس و ڕژێمی ئێران زیانی گەورەی بە بزووتنەوەی ڕزگارخوازی کورد گەیاند، لەو سەردەمەدا لەگەڵ کۆمەڵێك گەنجی کوردی فەیلی ڕێکخراوێکمان دامەزراند بە ناوی گەنجی کوردی پێشکەوتووخواز کە بەداخەوە دوای دەستگیرکردنمان بۆ ماوەی سێ ساڵ زیندانی کراین، ئا بەم شێوەیە کوردانی فەیلی خەباتیان بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دەکرد.

*** پێشنیارەکانت چین بۆ ئەوەی کەیسی جینۆسایدی کوردانی فەیلی بە زیندوویی بمێنێتەوە و جارێکی دیکە کەس جورئەتی ئەوە نەکات ئەم تاوانە قێزەونە دووبارە بکاتەوە؟**

- ئێمە ئومێدمان زۆرە بە سەرۆك بارزانی و سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستانی بەوەی پاڵپشتیی تەواوی کەیسی کوردانی فەیلی بکەن و کێشەو گرفتەکانمان بۆ چارەسەر بکەن، شۆڤێنییەت و ڕەگەزپەرستی تاکو ئێستا لە عێراقدا کێرڤێکی بەرزی هەیە، ئەگەر ماف و شایستە داراییەکانی کوردانی فەیلی بگەڕێتەوە، تا ڕاددەیەك دەتوانن خێزانە کوردەکان بگەڕێنەوە، خێزانێکی فەیلی کە ماڵ و حاڵ و دووکان و زەوییەکەی زەوت کراوە و ڕەگەزنامەی عێراقی نییە، دەبێت بە شێوەیەکی دادپەروەرانە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.

**خێزانێکی فەیلی کە ماڵ و حاڵ و دووکان و زەوییەکەی زەوت کراوە و ڕەگەزنامەی عێراقی نییە، دەبێت بە شێوەیەکی دادپەروەرانە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت**

## هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان

# قۆناغی دووەمی بونیادنانی کوردستانێکی بەهێز

کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان وێڕای ئەوەی کۆمەڵێک ئاستەنگی سەختی وەک «پەتای کۆڤید ١٩، دابەزینی نرخی نەوت بۆ خوار سفر، پاشاگەردانیی سیاسیی ناو پەرلەمان، بڕیارەکانی بەناو دادگای فیدڕاڵی عێراق (جارێک بە نەناردنی پشکی هەرێمی کوردستان و جارێک بە ناساندنی یاسای نەوت و گازی هەرێم بە نادەستووری)، هەروەها دروستکردنی چەندین کۆسپی دیکە وەک «هێرشی ڕۆکێت و درۆنەکان بۆ سەر هەولێر، ناتەبایی نێوان پارتی و یەکێتی و.. هتد» تێپەڕاند، لە هەمان کاتدا بە سەدان پڕۆژەی گەورە و مامناوەندی و بچووکی لە بوارەکانی «کشتوکاڵ، پیشەسازی، ئاودێری و بەنداوەکان، گەشتیاریی، ڕێگابان، پیشەسازیی پەترۆڵی نەوت و گاز و...هتد» ڕاگەیاندووە و، بەشی زۆری ئەو پڕۆژانە تەواو بوون، ئەوەشی ماوە، کاریان تێدا دەکرێت، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا کابینەی نۆیەم بە بێ ئەوەی یەک دینار قەرز بکات، زیاتر لە دوو ملیار دۆلار قەرزی ڕابردووی داوەتەوە، مووچەی فەرمانبەرانیشی بە تەواوەتی دابین کردووە، ڕاستە لەوانەیە یەک دوو هەفتە مووچەی فەرمانبەران دوا کەوتبێت، بەڵام ئەوە ماوەی دوو ساڵە فەرمانبەران هەموو مانگێک مووچەی تەواوی خۆیان وەردەگرن.

سەرباری هەموو ئەو قەیران و هەڕەشانەی ڕووبەڕووی ئەم کابینەیە بوونەوە و ئەو دەستکەوتانەش کە لەم کابینەیە بەدەست هاتوون، کابینەی نۆیەم ڕاستییەکی ڕۆشنی بۆ دۆست و دوژمن ئاشکرا کرد، کە سەرۆک مسعود بارزانی سازش لەسەر ستراتیژیەتی بونیادنانی کوردستانێکی بەهێز ناکات.





**● هەڵبژاردنی داهاتوو**
**وەرچەرخانێکی گرنگ لە پرۆسەی سیاسیدا**

بەداخەوە ساڵی پار (٢٠٢٢) پەرلەمانی کوردستان لەبەر ململانێیی تەسکی حزبایەتی و ترس لە ئاکامەکانی هەڵبژاردن، ڕەوتە یاساییەکەی خۆی ون کرد و نەیتوانی یاسای هەڵبژاردن هەموار بکاتەوە و، کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی هەرێم کارا بکاتەوە، هەر بۆیە بە ناچاری و بۆ ئەوەی کوردستان نەکەوێتە بۆشایی یاساییەوە، بڕیار درا تەمەنی پەرلەمان بۆ ماوەی ساڵێك درێژ بکرێتەوە، لە دوای درێژکردنەوەی ماوەی پەرلەمانیشەوە، بۆ ئەوەی ئاستەنگەکانی بەردەم هەڵبژاردن لابچێت، پارتی دیموکراتی کوردستان بە هەموو ئەو گۆڕانکارییانە ڕازی بوو کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان داوای دەکرد، بۆ ئەوەی لە هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژارندا بکرێن، تەنانەت لەسەر مەسەلەی کۆتای پێکهاتەکانیش پارتی پێشنیاری کرد، «نوێنەری پێکهاتەکان لەگەڵ نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق کۆببنەوە و خۆیان چ بڕیارێکیان دا، ئەوا پارتی دیموکراتی کوردستان پەسەندی دەکات»، لەمەش زیاتر پارتی داوای کرد، کۆمیسێونی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانیش با وەك خۆی کارا بکرێتەوە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی پارتی لەو کۆمیسیۆنەدا کەمینەیە و بەپێی ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ئەیلوولی ٢٠١٩ مافی خۆیەتی ئەندامێکی دیکەی لەو کۆمیسیۆنە بۆ زیاد بکرێت، بەڵام مخابن، ئەنجامی ئەم هەموو نەرمی نواندنەی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئاکامەکەی ئەوە بوو کە لە ٢٢ی ئایاری ڕابردوو لە پەرلەمان هەموو لایەك بینییان، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان وەك کادرێکی حزبی ڕەفتاری کرد و، پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانی پێشێل کرد و، دوای ڕاگەیاندنی دانیشتنەکەی پەرلەمان، دەسەڵاتی بەخۆی دا، کە دانیشتنەکە کۆتایی پێ بێنێت، کە لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا دەسەڵاتی کۆتاییهێنان بە دانیشتنی پەرلەمان لە دەسەڵاتی نەك سەرۆکی پەرلەمان، بەڵکو لە دەسەڵاتی سەرۆکایەتیی پەرلەمان (سەرۆك، جێگر، سکرتێر)یشدا نییە و، ئەو دەسەڵاتە هی دانیشتنەکەی پەرلەمانە و دەبێت بە دەنگدان دانیشتنەکە کۆتایی پێ بهێنرێت، یان بەردەوامیی پێ بدرێت، بەڵام دوای ئەوەی جێگری سەرۆکی پەرلەمان ئەم پێشێلکارییەی پەیڕەوی ناوخۆی ڕەت کردەوە و قبووڵی نەکرد، ئەو ئاژاوە و پاشاگەردانییەمان بینی کە فراکیسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەناو پەرلەماندا دروستیان کرد، دروستکردنی هەموو ئەم ئاستەنگانەش لە پێناوی ئەوە بوو کە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کاتی خۆیدا نەکرێت، بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان بە سیاسەتی دووربینانەی خۆی هەستی بەوە کردبوو، کە بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی سەبارەت بە درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمانی کوردستان ئەرێنی نابێت، بۆیە بڕیاری دا، پێش ئەوەی دادگای فیدراڵی ئەو بڕیارە نەرێنییە بدات، ئەوا دەبێت سنوورێك بۆ مۆنۆپۆلکردنی سیاسیی پەرلەمان دابنرێت و، دەبێت ئیرادەی هەرێمی کوردستان بڕیار لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمان بدات، نەك بڕیارێك لە دەرەوەی ئیرادەی هەرێمی کوردستان.

بە هەرحاڵ ئەم واقیعە سیاسییەی دوای بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی هاتووەتە ئاراوە، بەرەنجامی ئەو فەوزا سیاسییە بووە کە بۆ بەرژەوەندیی تەسکی حزبایەتی، ماوەی زیاتر لە ساڵێکە هێنراوەتە ناو پەرلەمانی کوردستان و، جیا لەوەی دانیشتنە ئاساییەکانی پەرلەمانیشی پەك خست، لە هەمان کاتدا هەوڵێکی ئاشکراش هەبوو، بۆ ئەوەی دامەزراوەی پەرلەمان وەك بەرزترین دەسەڵاتی یاسادانان لە هەرێمدا بکرێتە بارمتەی بەرژەوەندیی تەسکی لایەنێکی سیاسی، سەرەنجامیش ئەو فیتنە سیاسییەی بۆ لێدانی شکۆی پەرلەمان دروست کرا، هەموو ڕیسی ئەو لایەنەی کردەوە بە خوری و، خۆ ئەگەر ڕێز لە شکۆی پەرلەمان بگیرایە، ئەوا بە هەموو لایەك هەم یاسای هەڵبژاردن هەموار دەکرایەوە، هەمیش کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژادنەکانیش کارا دەکرایەوە، لەمەش زیاتر ئەو ژینگە سیاسییەی هەڵبژاردنمان تێدا ئەنجام دەدا، ژینگەیەکی سەقامگیرتر دەبوو، ئەو هەموو ترس و نیگەرانییەی دەڕەواندەوە کە ماوەی ساڵێك زیاترە لایەنە سیاسییەکان لێی دەترسان کە لەسەر سندوقەکانی دەنگدان ڕووبەڕوویان ببێتەوە.

**کابینەی نۆیەم بە بێ ئەوەی یەک دینار قەرز بکات، زیاتر لە دوو ملیار دۆلار قەرزی ڕابردووی داوەتەوە، مووچەی فەرمانبەرانیشی بە تەواوەتی دابین کردووە**

**کابینەی نۆیەم ڕاستییەکی ڕۆشنی بۆ دۆست و دوژمن ئاشکرا کرد، کە سەرۆک مسعود بارزانی سازش لەسەر ستراتیژیەتی بونیادنانی کوردستانێکی بەهێز ناکات**

**بۆ ئەوەی ئاستەنگەکانی بەردەم هەڵبژاردن لابچێت، پارتی دیموکراتی کوردستان بە هەموو ئەو گۆڕانکارییانە ڕازی بوو کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان داوای دەکرد، بۆ ئەوەی لە هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردندا بکرێن**

**ئەم واقیعە سیاسییەی دوای بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی هاتووەتە ئاراوە، بەرەنجامی ئەو فەوزا سیاسییە بووە کە بۆ بەرژەوەندیی تەسکی حزبایەتی، ماوەی زیاتر لە ساڵێکە هێنراوەتە ناو پەرلەمانی کوردستان**

ئەوجا بۆ ئەوەی ئەم قۆناغەش تێپەڕێنین و لەکاتی خۆیدا هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئەنجام بدرێت، دەبێت هەموو لایەنە سیاسییەکان پێڕەوی ئەو نەخشە سیاسییە بکەن، کە سەرۆک مسعود بارزانی پێشتر بۆ ڕاستکردنەوەی پرۆسەی سیاسی و ئەنجامدانی هەڵبژاردن دایڕشتووە، کە خاڵە گشتییەکانی بریتین لە:

١. سەرۆک بارزانی چەند مانگێکە بڕیاری داوە بەوەی دەبێت ئەمساڵ لە کاتی خۆیدا هەڵبژاردن بکرێت و نابێت هیچ ئاستەنگێک بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن دروست بکرێت و قبووڵ ناکرێن.

٢. لەبەر ڕۆشنایی ئەم بڕیارەی سەرۆک بارزانی، سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان سەردانی هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستانیان کردووە و، دوای گۆڕینەوەی بیروڕا لەسەر ڕۆژێک بۆ هەڵبژاردن ڕێککەوتوون و، دوای ئەم ڕێککەوتنە نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕۆژی ١٨ی ١١ی ٢٠٢٣ی وەک ڕۆژی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ڕاگەیاندووە.

٣. بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە مسرور بارزانی سەرۆک وەزیرانی کوردستان، ئامادەباشیی حکومەتی پیشان داوە بۆ دابینکردنی هەموو پێداویستییەکانی هەڵبژاردن لە کاتی خۆیدا.

٤. سەرۆک بارزانی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاسپاردبوو، هەموو نەرمییەک بۆ مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بنوێنن، بۆ ئەوەی هەڵبژاردن لەکاتی خۆیدا بکرێت.

٥. دوای بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی و بۆ چارەسەرکردنی ئەو بارودۆخەی هاتووەتە پێشەوە، لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆک بارزانی هەوڵەکان لەگەڵ دەسەڵاتی دادوەریی فیدراڵی چڕکراونەتەوە، بۆ ئەوەی بە لێکتێگەیشتن ڕێوشوێنێکی یاسایی دابنێن بۆ ئەوەی سەرپەرشتیی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان بکات.

وێڕای ئەم هەموو ئامادەباشییە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە کاتی خۆیدا، لە هەمان کاتدا هەوڵە سیاسییەکانیش بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە و پاراستنی یەکریزی و تەبایی لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بەگشتی و یەکێتیی نیشتمانیی بەتایبەتی بەردەوامە و لە یادی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانی کوردستاندا لەم ئاستانەدا پەیامی پیرۆزبایی ئاراستەیان کراوە:

- نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە تەلەفۆن پیرۆزبایی لە باڤڵ تاڵەبانی سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کردووە و لە ڕێگەی ئەویشەوە پیرۆزبایی لە تەواوی ئەندامانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کردووە.
- مسرور بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان پەیامی پیرۆزبایی ئاراستەی سەرۆک و تەواوی ئەندامانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کردووە و، هیوای تەبایی و برایەتی لە نێوان هەردوولادا خواستووە.
- مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان پیرۆزبایی ئاراستەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کردووە و، داوای کردووە کە پێکەوە بەرەو هەڵبژاردنێکی تازە لە کوردستان هەنگاو هەڵبگرن.

ئەمانە هەمووی ئاماژەن بۆ ئەوەی کە ئامانجی سەرۆک بارزانی تەبایی و یەکریزیی هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانە بۆ ئەوەی هەموو پێکەوە بەرەو هەڵبژاردنی داهاتوو هەنگاو هەڵبگرین.

لێرەدا گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان، هەڵبژاردنێکی گرنگ و چارەنووسساز دەبێت و، جارێکی دیکە دەسەڵات دەگێڕێتەوە بۆ گەلی کوردستان بۆ ئەوەی لەسەر سندووقەکانی دەنگدان بڕیاری خۆی بدات، هەروەها ئەم هەڵبژاردنە زۆر لەوە گەورەتر کام لایەن سەرکەوتوو دەبێت یان کام لایەن دۆڕاو دەبێت، بەڵکو ئەم هەڵبژاردنە وەک هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ چارەنووسسازە، ئەگەر بە سەرکەوتوویی ئەنجام بدرێت، هەموو کوردستان سەرکەوتوو دەبێت و قۆناغێکی نوێ لە پرۆسەی سیاسیدا دێتە ئاراوە، کە قۆناغی دووەمی بونیادنانی ئەو کوردستانە بەهێزە دەبێت کە حزبە سیاسییەکان ڕادێن لەسەر ئەوەی ڕێز لە دەنگی خەڵک و شکۆی دامەزراوە دەوڵەتیەکانی هەرێمی کوردستان بگرن.

**سەرۆک بارزانی چەند مانگێکە بڕیاری داوە بەوەی دەبێت ئەمساڵ لە کاتی خۆیدا هەڵبژاردن بکرێت و نابێت هیچ ئاستەنگێک بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن دروست بکرێت و قبووڵ ناکرێن**

**سەرۆک بارزانی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاسپاردووە، هەموو نەرمییەک بۆ مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بنوێنن، بۆ ئەوەی هەڵبژاردن لەکاتی خۆیدا بکرێت**

**لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆک بارزانی هەوڵەکان لەگەڵ دەسەڵاتی دادوەریی فیدراڵی چڕکراونەتەوە، بۆ ئەوەی بە لێکتێگەیشتن ڕێوشوێنێکی یاسایی دابنێن بۆ ئەوەی سەرپەرشتیی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان بکات**

**ئەم هەڵبژاردنە وەک هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ چارەنووسسازە، ئەگەر بە سەرکەوتوویی ئەنجام بدرێت، هەموو کوردستان سەرکەوتوو دەبێت و قۆناغێکی نوێ لە پرۆسەی سیاسیدا دێتە ئاراوە، کە قۆناغی دووەمی بونیادنانی ئەو کوردستانە بەهێزە دەبێت کە حزبە سیاسییەکان ڕادێن لەسەر ئەوەی ڕێز لە دەنگی خەڵک و شکۆی دامەزراوە دەوڵەتییەکانی هەرێمی کوردستان بگرن**

## دیمانەی تایبەت

ئاشکرایە کە پرسی گەندەڵی و دابەزاندنی دەسەڵاتەکان و بە نامەرکەزیکردن و دیموکراسی، کۆمەڵە پرسێکن کە گفتوگۆی جددییان لەسەر دەکرێت و، هەوڵ و شرۆڤەکارییەکی قووڵیان دەوێت، بەتایبەتی پرسی ئەوەی کە تا چەند دابەزاندنی دەسەڵاتەکان دەبنە هۆی ئەوەی حکومەتە مەحەلییەکە لە هاووڵاتییانەوە نزیک بێت و بتوانێت باشتر و خواست و ویست و پێداویستی و ئەولەویاتەکانیان لەبەرچاو بگرێت و جێبەجێیان بکات و، بەم شێوەیە بتوانێت متمانەی هاووڵاتییەکانی بە دەست بهێنێت و شەرعییەتی زیاتر بەدی بهێنێت، گوڵان بۆ تاوتوێکردنی ئەم پرسانە دیمانەیەکی لەگەڵ ڕۆشا مینۆکاڵ ئەنجام دا، کە توێژەری باڵایە لە پرۆگرامی سەرکردایەتیی پەیوەست بە گەشەپێدانەوە لە زانکۆی پێرمینگهام، کە کار لەسەر دەستەبەرکردن، یان گەڵاڵەکردنی ڕێگەچارەی سیاسی دەکەن. ئەلینا تایبەتمەندی و شارەزایی هەیە لە بواری تەحەددییەکانی پەیوەست بە دیموکراتیکردن و بە نامەرکەزیکردن و پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگە و بنیادنانی دەوڵەت، هەروەها چەندین توێژینەوەی لە بارەی پرسەکانی پەیوەست بە گەندەڵی و چۆنێتی بەرنگاربوونەوەی گەندەڵییەوە هەیە.

### ئەلینا ڕۆشا مینۆکاڵ بۆ گوڵان:

# لە ڕووی تیۆرییەوە بەنامەرکەزیکردنی دیموکراتییانە پتر لە ئاست خواستی خەڵکدا دەبێت



*** ئێوە لە توێژینەوەکانتاندا کار لەسەر شرۆڤەکردنی پرسی دیموکراتیزەکردن و بە نامەرکەزیکردن دەکەن، ئایا دەکرێت لەم ڕووەوە باس لە تیۆری (بە نامەرکەزیکردنی دیموکراتی) بکەن؟ ئایا ئەم تیۆرە هیچ کاریگەرییەکی ئەرێنی لێ دەکەوێتەوە، ئەگەر پیادە و پەیڕەو بکرێت؟**

- لە ڕاستیدا مشتومڕێکی زۆر دەکرێت لە بارەی بە نامەرکەزیکردن و بە دیموکراتیزەکردنەوە، لە ڕووی مەبدەئییەوە باس لەوە دەکرێت، کە ئەگەر حوکمڕانی لەسەر ئاستی مەحەلی بکرێت، ئەوا ئاراستە و ئاقارێکی دیموکراتی وەردەگرێت و پتر لە ئاست بەرپرسیارێتیدا دەبێت و، زیاتر وەڵامدەرەوەی خواست و ویست و پێداویستییەکانی هاووڵاتییان دەبێت، ئەمەش لەو بیرۆکەیەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەگەر ئێمە بتوانین بە دیموکراتیکردن و بە نامەرکەزیکردن پێکەوە پیادە بکەین، ئەوا حکومەتێک دەهێنینە ئاراوە کە پتر نزیک بێت لە خەڵکەوە، واتە باشتر لە خواست و پێداویستییەکانی خەڵکەکە تێدەگات و خەڵکیش دەرفەتی ئەوەیان هەیە کە حکومەت بخەنە بەردەم بەرپرسیارێتییەکانی. کەواتە ئەگەر وەڵامەکە پوخت بکەمەوە، ئەوا لە ڕووی مەبدەئییەوە بە نامەرکەزیکردنی دیموکراتی ئەم مژدە و ئەم دەرئەنجامە ئەرێنییەی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوە بووە کە لەساڵانی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو بە سەرەوە پەرۆشییەکی زۆر بۆ ئەم پرس و بابەتە هەبووە، بەڵام ئەوەی لە توێژینەوەکانماندا بەدیم کردوون، ئەوەیە کە ئەوەی لە ڕووی تیۆرییەوە بە باش و ئەرێنی دێتە بەرچاو، ئەوا ڕەنگە لە کاتی پیادەکردن و پەیڕەوکردندا پرسێکی پتر قورس و ئاڵۆز بێت، چونکە کارێکی

**ئەگەر حوکمڕانی لەسەر ئاستی مەحەلی بکرێت، ئەوا ئاراستە و ئاقارێکی دیموکراتی وەردەگرێت و پتر لە ئاست بەرپرسیارێتیدا دەبێت و، زیاتر وەڵامدەرەوەی خواست و ویست و پێداویستییەکانی هاووڵاتییان دەبێت**

ئاسان نییە کە بتوانین لایەنە باشەکان هەم بە دیموکراتیکردن و هەم بە نامەرکەزیکردن لە هەلومەرجی واقیعیدا بەرجەستە بکەین، دواتر ئەوە ئاشکرایە کە بە نامەرکەزیکردن شێواز و فۆرمی جۆراوجۆر وەردەگرێت، بەڵام ئەگەر باس لە بە نامەرکەزیکردنی دیموکراتی بکەین، ئەوا پرسێکی گرنگ لەم ڕووەوە بریتییە لە بە نامەرکەزیکردنی دارایی، کە تێیدا حکومەتی مەرکەزی دەسەڵات دادەبەزێنێت بۆ ئاستی حوکمڕانیی مەحەلی لە بارەی چۆنیەتی خەرجکردنی پارە، هەروەها لەم ڕووەوە دەکرێت ئاماژە بە نامەرکەزیکردنی سیاسی بکەین، کە تێیدا بەرپرسە مەحەلییەکان لە پرۆسەی دەنگداندا هەڵدەبژێردرێن. من ویستم ئەوە ڕوون بکەمەوە، چونکە کاتێك باس لە بە نامەرکەزیکردن دەکرێت، ئەوا باس لە دابەزاندنی دەسەڵاتە، بەڵام کاتێك باسی بە نامەرکەزیکردنی دیموکراتییانە دەکرێت، ئەوا ئەمە پەیوەستە بە پرسی دەنگدان و هەڵبژاردنەوە، لێرەدا ئومێدەکە ئەوەیە کە ئەم پرۆسەیە هاوشان بێت بە بە نامەرکەزیکردنی داراییەوە، چونکە ئەگەر بەرپرسەکان لەسەر ئاستی مەحەلییش هەڵبژێردرێن، بەڵام کە هیچ دەسەڵاتێکیان نەبێت لە پەیوەندی بەو سەرچاوانەی لە بەردەستیاندایە، ئەوا کارێکی ئەوتۆیان لەدەست نایەت و تووشی کۆت و بەند دەبنەوە، کەواتە حاڵەتە هەرە لەبارەکە ئەوەیە کە هەر دوو بە نامەرکەزیکردنی سیاسی و دارایی پێکەوە ئاوێتە بکرێن.

*** ئاماژەتان بەوە کرد کە پیادەکردنی بە نامەرکەزیکردنی دیموکراتییانە ڕووبەڕووی دژواری و زەحمەت دەبێتەوە لە کاتی پیادەکردندا، دەکرێت ڕوونکردنەوەی زیاتر بدەن لەم ڕووەوە و ئایا ئەو ئاستەنگە سەرەکییانە چین کە لەو ڕووەوە دێنە ئاراوە؟**

- لە ڕاستیدا ئێمە دەبێت ئەو ڕاستییەمان لەبەرچاو بێت، کە هەم پرسی بە نامەرکەزیکردن و هەم پرسی بە دیموکراتیکردن لە بنەڕەتدا و لە هەناوی خۆیاندا پرۆسەیەکی قووڵی سیاسین، واتە لەم ڕووەوە مشتومڕ و گفتوگۆیەکی زۆری سیاسی دەکرێت لە بارەی ئەوەی ڕێساکانی گەمەکە چۆن بن، چونکە دەکرێت لەم پرۆسەیەدا براوە و دۆڕاو هەبێت، لەم ڕوانگەیەوە زەحمەتە هەم بۆ بە نامەرکەزیکردن و هەم بۆ بە دیموکراتیزەکردن و هەروەها بۆ بە نامەرکەزیکردنی دیموکراتییانە ڕێچکە و ڕێڕەوێکی سرووشتیی گەشەکردن بگرنەبەر. لە دەرئەنجامدا تۆ ململانێ و مشتومڕت دەبێت، تەنانەت لەسەر ئاستی مەحەلییش، ئەگەر ئێمە لەم ڕووەوە ئاماژە بە ئەزموونی وڵاتی مەکسیك بکەین، (کە من توێژینەوەم لەبارەوە ئەنجام داوە)، ئەوا لە ساڵانی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو بە دواوەوە پرۆسەیەکی بەرچاوی بە دیموکراتیکردن و بە نامەرکەزیکردن لەو وڵاتەدا بەڕێوە دەچوو، ئەوا هەستێکی بەهێز هەبوو لەلایەن دەسەڵاتی مەرکەزییەوە کە بە نامەرکەزیکردن میکانیزمێکی گرنگە کە لە ڕێیەوە حکومەتی مەرکەزی بتوانێت شەرعییەت و ڕەوایەتی بە دەست بهێنێت لە ڕوانگەی هاووڵاتییەکانیەوە، چونکە لەسەر ئاستی مەرکەزی ڕەوایەتی لە ئارادا نەمابوو. کەواتە تێڕوانینی حکومەت ئەوە بوو کە بە ئەنجامدانی چاکسازیی پەیوەست بە دیموکراتیزەکردن و چاکسازی پەیوەندیدار بە نامەرکەزیکردنەوە دەتوانێت ئەم شەرعییەتە لە دەستچووە بەدەست بهێنێتەوە و، لەم ڕووەوە ڕادەیەك لە دابەزاندنی دەسەڵات هەبوو بۆ ئاستی شارەوانییەکان، من هەوڵم دا لەوە بکۆڵمەوە کە تا چەند بە نامەرکەزیکردنی دیموکراتییانە کاریگەری هەیە لەسەر هێنانەئارای شەفافییەت و بەرپرسیاریێتی لەسەر ئاستی مەحەلی بەراورد بە ئاستی فیدراڵی، ئەوەی لە ئەنجامی توێژینەوەکەوە پێی گەیشتم، ئەوە بوو کە دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاری و خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی لەلایەن دەسەڵاتی فیدراڵییەوە (دوای ئەنجامدانی چاکسازی کە پێشتر گەندەڵی و مەحسوبییەتێکی زۆر هەبوو) و لە ڕێی گرتنەبەری میکانیزمی بە نامەرکەزیکردن و بە دیموکراتیزەکردنەوە دەرئەنجامی شەفافتر و ڕوونتری هێنایە ئاراوە، لە ڕوانگەی چۆنیەتیی دابەشکردنی سەرچاوەکانەوە، لە پەیوەندی بە خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتییەوە، لە کاتێکدا کێشەکە لە دەسەڵاتە شارەوانییەکاندا ئەوە بوو کە دەستەبەرکردنی پێداویستی و ئەولەویاتەکانی

**کارێکی ئاسان نییە کە بتوانین لایەنە باشەکان هەم بە دیموکراتیکردن و هەم بە نامەرکەزیکردن لە هەلومەرجی واقیعیدا بەرجەستە بکەین**

**کاتێک باس لە بە نامەرکەزیکردن دەکرێت، ئەوا باس لە دابەزاندنی دەسەڵاتە، بەڵام کاتێک باسی بە نامەرکەزیکردنی دیموکراتییانە دەکرێت، ئەوا ئەمە پەیوەستە بە پرسی دەنگدان و هەڵبژاردنەوە**

**ئەگەر بەرپرسەکان لەسەر ئاستی مەحەلییش هەڵبژێردرێن، بەڵام کە هیچ دەسەڵاتێکیان نەبێت لە پەیوەندی بەو سەرچاوانەی لە بەردەستیاندایە، ئەوا کارێکی ئەوتۆیان لەدەست نایەت و تووشی کۆت و بەند دەبنەوە**

**سەرەڕای ئەوەی لە دەستووردا چەسپێنراوە، ئەوا ئێمە پێویستمان بە پاڵپشتییەکی دامەزراوەیی فەرمی هەیە بۆ ئەوەی بتوانرێت ئەوەی لە دەستووردا هاتووە، لە واقیعیشدا جێبەجێ بکرێت**




خەڵك وەك پێویست شەفاف نەبوو و، وەك پێویست لەگەڵ یاسادا یەکی نەدەگرتەوە، بۆ نموونە، بە گوێرەی یاسا دەسەڵاتە شارەوانییەکان بۆیان نەبوو پارە تەرخان بکەن بۆ هەندێ خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتیی وەك دروستکردنی کڵێسەیەك، بەڵام دروستکردنی کڵێسە خواستی خەڵکە و لە کۆتاییدا شارەوانییەکان ئەمەیان کرد (کە لە ڕووی یاساییەوە بۆیان نەبوو، بیکەن)، ئەمە لە کاتێکدا دروستکردنی ژێرخان نەبووە ئەولەوییەت و لەم ڕووەوە دەسەڵاتە شارەوانییەکان ئەم پرسەیان نەکردە کاری لە پێشینە. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی لێکدابڕانێك دروست ببێت لە نێوان دەسەڵاتی فیدڕاڵی و دەسەڵاتە شارەوانییەکان و، کاری شارەوانییەکانیش شەفافیەت و بەرپرسیارێتی زیاتری لەخۆ نەدەگرت.

*** زۆرجار باس لەوە دەکرێت کە بۆ ئەوەی زامنی جێبەجێبوون و پابەندبوون بە پرەنسیپ و بەهایەك بکەین، ئەوا پێویستە لە دەستووری وڵاتەکەدا بیچەسپێنین، بە تێڕوانینی ئێوە چەسپاندن و جێگیرکردنی پرسی بە نامەرکەزیکردنی دیموکراتییانە لە دەستووردا دەبێتە هۆی زەمینەخۆشکردن و پیادەکردنی ئەم پرسە بە چەشنێکی ئاسانتر؟**

- ڕاستە بوونی دەستوور گرنگە، بەتایبەتی ئەگەر دەستوورێکی نووسراو بێت، کە بە ڕووی ڕێسا دامەزراوەییەکانی، گەمەکە لەخۆ بگرێت، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە ڕەنگە دەستوورێکی تا بڵێی باش داڕێژدراوت هەبێت و سەرجەم پرەنسیپ و مافەکانی لەخۆ گرتبێت و تێیدا چەسپێندرابێت، هەم لەسەر ئاستی مەرکەزی و هەم لەسەر ئاستی مەحەلییش، بەڵام گۆڕینی ئەم بڕگە و مادده دەستوورییانە بۆ ئەوەی ڕەنگدانەوەیان لە واقیعدا هەبێت و بەرجەستە بن، ئەوا ئەمە تەحەددییە ڕاستەقینەکەیە. لێرەدا من دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە سەرەڕای ئەوەی لە دەستووردا چەسپێنراوە، ئەوا ئێمە پێویستمان بە پاڵپشتییەکی دامەزراوەیی فەرمی هەیە بۆ ئەوەی بتوانرێت ئەوەی لە دەستووردا هاتووە، لە واقیعیشدا جێبەجێ بکرێت، چونکە بوونی پرەنسیپی بە نامەرکەزیکردنی دیموکراتییانە لە چوارچێوەی دەقەکاندا بە تەنیا نابێتە هۆی زامنکردنی جێبەجێبوونی ئەوەی لە دەستووردا هاتووە، پوختەی قسەکە ئەوەیە دەقە دەستوورییەکان بە تەنیا نابنە هۆی زامنکردنی پیادەکردنی حوکمڕانیی دەستووری و بە نامەرکەزیکردن.

**بوونی پرەنسیپی بە نامەرکەزیکردنی دیموکراتییانە لە چوارچێوەی دەقەکاندا بە تەنیا نابێتە هۆی زامنکردنی جێبەجێبوونی ئەوەی لە دەستووردا هاتووە**



## شەعبان خەلیل بەرواری

**قائیمقامی قەزای ئاکرێ بۆ گوڵان:**

# سەرۆکی حکومەت ١٣ ملیار و ٢٠٠ ملیۆن دیناری بۆ پڕۆژەکانی ئاکرێ تەرخان کردووە

**ئاشکرایە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی داوە گرنگی و بایەخ بە دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاری و پێداویستییەکانی سەرجەم ناوچەکانی کوردستان بدات، یەکێك لەو ناوچانە بریتییە لە قەزای ئاکرێ، کە چەندین پرۆژەی بۆ تەرخان کراوە و جێبەجێ کراون و، مۆژدەی چەندین پرۆژەی دیکەشی پێ دراوە، ئەم پرسانە بوونە تەوەری دیدارێکی گوڵان لەگەڵ شەعبان خەلیل بەرواری قائیمقامی قەزای ئاکرێ و بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** مسرور بارزانی سەرۆك وەزیرانی کوردستان، کاتێك سەردانی ئاکرێی کرد گوتی: «ویستمان کۆمەڵێك پرۆژە لە ئاکرێ جێبەجێ بکرێت، ئینجا سەردانی خەڵکی ئاکرێی خۆشەویست بکەین، بۆ ئەوەی مۆژدەی چەند پرۆژەیەکی دیکەشیان بۆ ڕابگەیەنین»، ئایا لە ماوەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ئەو پرۆژە گرنگانە چین کە لە ئاکرێ جێبەجێ کراون؟ ئەو پرۆژانەش چی بوون کە سەرۆك وەزیران ڕایگەیاند؟**

- قەزای ئاکرێ وەکو سەرجەم دەڤەرەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان بێبەش نەبووە لە پرۆژە خزمەتگوزارییەکان، ئەوە بوو لە ساڵی ٢٠٢١ و ٢٠٢٢، گوژمەی (٤٨) ملیار دینار بۆ قەزای ئاکرێ و دەوروبەری تەرخان کرا، کە پتر بۆ پرۆژەکانی ڕێگەوبان و ئاو و ئاوەڕۆ و کەرتی پەروەردە و تەندروستی و کارەبا و گەشتیاری و کشتوکاڵ بوون. ئەمە سەرەڕای پرۆژەی ستراتیژیی ئاوی خواردنەوە، کە لە کابینەکانی پێشوو بڕی (٨٩)ملیار دیناری بۆ تەرخان کراوە و، لە کابینەی نۆیەمیش (١٨)ملیار دیناری دیکە بۆ ئەو پرۆژەیە لەلایەن ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاد کرا. شایەنی ئاماژەیە کە پێش هاتن و سەردانی جەنابی سەرۆکی حکومەت بۆ دەڤەری بەردەڕەش و سەنتەری قەزای ئاکرێ، لێژنەیەکی تایبەت لە ئەنجومەنی وەزیران بۆ بەدواداچوون و دیراسەکردنی داواکاریی خەڵك و ئێمە بۆ پرۆژە خزمەتگوزارییەکان سەردانی سەنتەری قەزای ئاکرێیان کرد و، لیژنەکە لەگەڵ ئێمە و هەموو بەڕێوەبەر و یەکە ئیدارییەکان کۆبوونەوە، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە گوێبیستی کەموکووڕی و داواکاریی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان بن، بێگومان ئەو لێژنەیە لە ئەنجامدا ئەو داواکاری و کەموکووڕییانەی لە خزمەتگوزارییەکاندا هەبوو، دەستنیشانیان کرد و کردیانە ڕاسپاردە، پاشان جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی قەزای ئاکرێی کرد و بڕی (١٠)ملیار دیناری بۆ چەندین پرۆژەی خزمەتگوزاری لە سێکتەرە جیاجیاکان و بڕی (٢) ملیار دیناریشی بۆ کڕینی ئامیر و پێداویستییە خزمەتگوزارییەکان تەرخان کرد، هاوکات بڕی (یەك ملیار و دوو سەد ملیۆن) دیناری بەخشییە هەرسێ یانەی وەرزشیی (ئاکرێ و بجیل و دینارتە و گەنج و وەرزشوانانی گردەسێن)، ئەو (١٣) ملیار و (٢٠٠)ملیۆنەی ڕێزدار سەرۆکی حکومەتی کوردستان لە سەردانەکەیدا بۆ قەزای ئاکرێ تەرخانی کرد، بەشی یەکەمە لەو بودجە و کارانەی بۆ دەڤەرەکە و قەزای ئاکرێ دەکرێت، چونکە بەپێی ئەو داتا و زانیاری و کارانەی لێژنە تایبەتەکەی ئەنجومەنی وەزیران دایڕشتووە، کار و پرۆژە و تەرخانکردنی پارە بۆ کەموکووڕی و گەشەپێدانی سێکتەرەکانی خزمەتگوزاریی هەموو سنووری ئاکرێ کراوەتە سێ بەش، ئەوەی ئێستا تەرخان کراوە، بەشی یەکەمە و بەشی دووەم و سێیەمیش بەدوادا دێت.

*** کاتێك سەردانی زاخۆ دەکەین، هەست دەکەین پرۆژەکانی ڕێگەوبان لەو دەڤەرە بەرەوپێشەوەچوونی گەورەی بە خۆیەوە بینیوە، بۆ نموونە ئاکرێ بە ڕێگەی دووسایدەوە گرێ دراوە بە پارێزگای دهۆکەوە، هەروەها بە دوو**

**لە ساڵی ٢٠٢١ و ٢٠٢٢ و گوژمەی (٤٨) ملیار دینار بۆ قەزای ئاکرێ و دەوروبەری تەرخان کرا**

**ڕێگەی دینارتە کە درێژییەکەی ٢١ کیلۆمەترە و بێخمە بە ناحیەی خەلیفانەوە دەبەستێتەوە بە گوژمەی چوار ملیار دینار دروستکراوە**

**جەنابی پارێزگاری دهۆک بەدواداچوون بۆ هەموو قەزا و ناحیە و گوندەکان دەکات و، بەپەرۆشە بۆ ئەوەی هەر کەمووکوڕییەکی خزمەتگوزاری هەبێت، ئەوا بەپێی توانا و ئەو بودجەیەی لە پارێزگا هەیە، بۆمان چارەسەری بکات**

**ڕێگەی دووساید بەستراوەتەوە بە هەولێرەوە، ئایا گرنگترین پڕۆژەکانی ڕێگەوبان چییە کە لە سنووری قەزای ئاکرێ ئەنجام دراون؟**

- ئەو ڕێگەیەی هەولێر — دهۆك کەپێی دەگوترێت ڕێگەی گۆپاڵ، ڕێگەیەکی زۆر گرنگ و ستراتیژییە و یەکێکە لەو ڕێگەیانەی کە سوودی بۆ قەزای ئاکرێ و بەردەڕەش یەکجار زۆرە، هەروەها ڕێگەی دینارتە کە درێژییەکەی ٢١ کیلۆمەترە و بێخمە بە ناحیەی خەلیفانەوە دەبەستێتەوە بە گوژمەی چوار ملیار دینار دروست کراوە. هەروەها دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە جەنابی پارێزگاری دهۆك بەدواداچوون بۆ هەموو قەزا و ناحیە و گوندەکان دەکات و، بەپەرۆشە بۆ ئەوەی هەر کەموکوڕییەکی خزمەتگوزاری هەبێت، ئەوا بەپێی توانا و ئەو بودجەیەی لە پارێزگا هەیە، بۆمان چارەسەری بکات، بۆ نموونە بودجەیەکی تەرخان کرد بە گوژمەی زیاتر لە (دوو ملیار و چوار سەد ملیۆن دینار) بۆ پڕۆژەی چاککردنەوەی چەندین ڕێگەوبان و شەقامێك لە سنوورەکە و دروستکردنی شەقامەکانی ناو چەند گەڕەکێکی نوێی سەنتەری قەزای ئاکرێ، چونکە ئاکرێ نەك هەر سەنتەرەکەی، بەڵکو هەموو سنوورەکەی لە ڕووی ئاوەدانی و زیادبوونی گەڕەك و ژمارەی دانیشتووانەکەیەوە بەردەوام لە زیادبوونە، زیادبوونی گەڕەکەکانیش وای کردووە دەبێت بەردەوام کار لەسەر دروستکردنی ڕێگەوبان و شەقامە ناوخۆییەکانی گەڕەکە تازەکان بکرێت.

*** سرووشتی ئاکرێ بە شێوەیەکی گشتی وایە خاکێکی بەپیتی بۆ کشتوکاڵ هەیە، بەتایبەتی برنجی ئاکرێ بەناوبانگە، هەروەها بۆ بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی دیکەش بە چاندن و پەلەوەر و ئاژەڵداری، ئایا تاچەند لە قەزای ئاکرێ بایەخ بە کشتوکاڵ دراوە و وەبەرهێنانی تێدا کراوە؟**

- قەزای ئاکرێ و سنوورەکەی خاك و زەوییەکی بەرفراوانی بەپیت و بەرەکەتی بۆ چاندن و کاری کشتوکاڵی هەیە، بە تایبەت بۆ برنج، کە براندی خۆی وەرگرتووە و هەر لە کۆنەوە برنجی ئاکرێ ناوناوبانگی تایبەتی هەبووە، هاوکات لە قەزای ئاکرێ جۆرەها میوە و سەوزە دەچێندرێت، دیارترینیان هەنجیر و هەناری ئاکرێیە، لە بەرهەمی خیاریش کە زۆرترینی لە ناحیەی بجیل دەچێندرێت، ئەوا دەتوانین بڵێین نیوەی زیاتری بەرهەمی خیار لە پارێزگای دهۆك لە ناحیەی بجیل و دەڤەری سوورچیایەتی سەر بە قەزای ئاکرێیە، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی پارێزگای دهۆکەوە گرنگیی زۆری بەو ناوچەیە داوە لە دروستکردنی جۆگەی ئاودێری و لێدانی بیر و دابینکردنی ئاوی پێویست و پێدانی پەین و پێداویستیی دیکە بە جووتیاران. لەلایەکی دیکە خاکی ئەو سنوورە بۆ گەنم و دانەوێڵەی دیکە زۆر گونجاوە و بەردەوام کار بۆ ئەوە کراوە کە پشتگیری و هانی جووتیاران بدرێت بۆ بەردەوامبوون و گەشەکردنی ئەو کەرتە، بەڵام ئەوەی دەبێت ئاماژەی پێ بکرێت، ئەوەیە کە هیچ کۆگایەکی ساردکەرەوە لەو سنوورە دروست نەکراوە، بەڵام لەم سەردانەی ئەمجارەی ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان جەختی لەوە کردەوە کە دەبێت زۆر بە جددی و خەمخۆرییەوە گرنگیی تایبەت بە بەرەوپێشچوونی کەرتی کشتوکاڵ بدرێت، کە ئەمەش بووەتە جێگای متمانە و دڵخۆشیی جووتیارانی سنوورەکە و ئەوانەی لەو کەرتە کار دەکەن.

*** قەزای ئاکرێ سرووشتێکی جوانی بۆ گەشتیاری هەیە و دەتوانین بڵێین هەموو شوێنێکی ئاکرێ بۆ خۆی ناوچەیەکی گەشتیارییە، هەم بۆ گەشتیاریی تەرفیهی و هەروەها گەشتیاریی شوێنەوار و مێژوویی، ئایا تاچەند لە بواری گەشتیاریدا وەبەرهێنان کراوە و پڕۆژە ئەنجام دراوە؟**

- بێگومان ئاکرێ شوێنێکی دیار و بەناوبانگی گەشتیاریی سرووشتی و تەرفیهی و شوێنەوار و مێژووییە، ئاکرێی کۆن خۆی لە خۆیدا لە ڕووی کەلتووری و مێژوو و دیزاینی خانووبەرەوە یەکێکە لەو شوێنە سەرنجڕاکێشانەی کە لە هەرێمی کوردستان هەیە، مێژووی ئاکرێ و بەقەزابوونی بۆ سەردەمی عوسمانی (ساڵی ١٨٧٧) دەگەڕێتەوە و خاوەن قشڵەیەکە کە ئەویش مێژووی تایبەتی هەیە، هاوکات سیپەی ئاکرێ یەکێکە لەو شوێنە گەشتیارییانە و تاڤگەی سەرنجڕاکێشانەی کە لە کوردستان هەیە، هەروەها ئاکرێ و دەوروبەری (٣٠تا٤٠) گردی شوێنەواری و دیرۆکی ئایینی لێیە، کە

**قەزای ئاکرێ و سنوورەکەی خاک و زەوییەکی بەرفراوانی بەپیت و بەرەکەتی بۆ چاندن و کاری کشتوکاڵی هەیە، بە تایبەت بۆ برنج، کە براندی خۆی وەرگرتووە و هەر لە کۆنەوە برنجی ئاکرێ ناووناوبانگی تایبەتی هەبووە**

**ساڵی ٢٠١٢ بە گوژمەی (٨٩) ملیار دینار ڕاگەیاندرا و کۆمپانیایەکی کۆماری ئیسلامیی ئێران پڕۆژەکەی وەرگرت بۆ جێبەجێکردنی، بەڵام زۆر خەمساردیی تێدا ئەنجام درا، بۆیە دواکەوتووە**

**بەرنامە و پلان هەیە لەلایەن حکومەتی هەرێم لە پارێزگای دهۆک لە سنووری قەزای ئاکرێ بەنداوی باکرمان و بەنداوی مەنداویش کە لەسەر زێی گەورەیە و نزیکە لە سنووری پارێزگای هەولێر دروست بکرێن**

ئەم شوێنە و مێژوو و هەموو ناوچەکانی ئەو سنوورە گەشتیارین و ساڵانە و بە بەردەوامی گشتیاران بەتایبەت لە ناوەڕاست و خوارووی عێراقەوە سەردانی دەکەن، بەڵام بەداخەوە لە ڕووی گەشتوگوزارەوە تا ئێستا کار و پڕۆژەیەکی وای بۆ نەکراوە شایانی ئاماژەپێکردن بێت و دەستی وەبەرهێنەرانی بیانی و ناوخۆیی پێ نەگەیشتووە، کە لانی کەم هەقی ئەوەی هەیە چەند هۆتێل و مۆتێلێکی لێ دروست بکرێت بۆ ئەوەی گەشتیاران زیاتر بتوانن لە قەزای ئاکرێ و سنوورەکەی بمێننەوە، لەم سەردانەی جەنابی سەرۆکی حکومەتدا ئەو داواکارییانەمان خستە بەر دیدی جەنابیان و، بەڕێزیان تەئکیدی لەوە کردوە کە دەبێت کار و هەوڵی باش و لەپێشنە بۆ ئەو سێکتەرەش بکرێت.

*** ئاکرێ ئێستا بووەتە دووبەش، بەشێکی ئاکرێی کۆنە کە بووەتە شوێنەوارێکی دێرین و تەنانەت گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان هەندێك قورسە، هەروەها بەشێکی دیکەی ئاکرێی نوێییە کە زۆر فراوان بووە، ئایا لەسەر پرسی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی وەك (ئاوی پاك بۆ خواردنەوە، کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاك، کارەبا، ئاوەڕۆ و.. هتد) تا چەند توانیوتانە ئەم خزمەتگوزارییانە بۆ هاووڵاتیان دابین بکەن؟**

- پڕۆژەی ستراتیژیی ئاوی خواردنەوەی ئاکرێ لە ساڵی ٢٠١٢ بە گوژمەی (٨٩)ملیار دینار ڕاگەیاندرا و کۆمپانیایەکی کۆماری ئیسلامیی ئێران پڕۆژەکەی وەرگرت بۆ جێبەجێکردنی، بەڵام زۆر خەمساردیی تێدا ئەنجام درا، بۆیە دواکەوتووە، بەڵام ڕێزدار سەرۆکی کابینەی نۆیەم لە حکومەتی هەرێم لە سەر هێڵ بوو بۆ جێبەجێکردن و تەواوبوونی ئەو پڕۆژە گەورەیە، ئەوە بوو (١٨)ملیار دیناری بۆ پڕۆژەکە زیادکرد و زۆر ئاسانکارییش لەلایەن شەخسی جەنابی سەرۆکی حکومەت بۆ کۆمپانیاکە کراوە، هەروەها بۆ هەموو سێکتەرەکانی دیکەی خزمەتگوزاری لە قەزای ئاکرێ و دەوروبەری بەردەوام بەپێی ئەو گوژمەی لەلایەن حکومەتی هەرێم و پارێزگای دهۆك بۆمان تەرخان دەکرێت، کار لە سێکتەرە جیاکانی خزمەتگوزارییەکانی وەك پاککردنەوەی شار و ئاوەڕۆ و کشتوکاڵ و ئاودێری و کارەبا و ...تاد دەکەین.

*** لەسەر ئاستی بەنداو چ پڕۆژەیەکتان بۆ ئەنجام دراوە، یان لە بەرنامە و پلاندایە، ئایا تاچەند دروستکردنی بەنداو خزمەت بە کەرتی کشتوکاڵی و گەشتیاریی قەزای ئاکرێ دەکات؟**

- بەرنامە و پلان هەیە لەلایەن حکومەتی هەرێم لە پارێزگای دهۆك لە سنووری قەزای ئاکرێ بەنداوی باکرمان و بەنداوی مەنداویش کە لەسەر زێی گەورەیە و نزیکە لە سنووری پارێزگای هەولێر دروست بکرێن، ئەو دوو بەنداوە ستراتیژین و سوودیان زۆرە، چ بۆ کەرتی کشتوکاڵ چ بۆ گەشتیاری.

*** ئایا بیرتان لەوە کردووەتەوە قەزای ئاکرێش بە هاوشێوەی قەزای زاخۆ و سۆران و ڕاپەرین و گەرمیان ببێتە ئیدارەی سەربەخۆ؟ ئایا لە ڕووی کارگێڕییەوە ئەو ئیمکاناتە هەیە تا حکومەت بڕیارێکی لەو جۆرە بدات؟**

- جێگەی دڵخۆشی و دەستخۆشییە لە جەنابی سەرۆکی حکومەت کە لە کابینەی نۆیەمدا سۆران و زاخۆی دەلالی کردە ئیدارەی سەربەخۆ، پیرۆزبایی لە خەڵکی ئەو دوو شوێنە و هەموو هەرێمی کوردستان دەکەین، کە ئەمە نیشانەی پێشکەوتن و ئاوەدانی و خەمخۆریی حکومەت و سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستانە بو ئەو کارە ستراتیژییانە، هاوکات داواکاریی زۆربەی خەڵکی سنووری قەزای ئاکرێ و بەردەڕەش ئەوەیە کە هاوشێوەی سۆران و زاخۆ و گەرمیان، ئاکری و بەردەڕەش بکرێتە یەك ئیدارەی سەربەخۆ و ئامادەیی و سرووشتی جوگرافی و هەموو پێداویستییەکی وەك ڕێگەوبان و دوور و نزیکیی لە پارێزگای هەولێر و دهۆك و، لە ئیدارەداندا قەزای ئاکرێ و بەردەڕەش زۆر شیاو و گونجاوە بۆ بە ئیدارەبوونی سەربەخۆی و لەو داواکارییەی خەڵك جەنابی سەرۆکی حکومەت ئاگادارە و جەنابی پارێزگاری دهۆکیش زۆر پاڵپشتی لەو پڕۆژە و بڕیارە گرنگە دەکات، هەر لەو سەردانەی ڕێزدار سەرۆکی حکومەت بڕیاری دا بە فەرمی لە قەزای ئاکرێ زانکۆ دابمەزرێت، ئەم بڕیارە حەکیمانەیەش یەکێکی دیکە بوو لە گرنگیدان بە سنوورەکە و نزیکبوونەوە لە بنەمایەکی هزری و زانستی بۆ بەئیدارەبوونی سەربەخۆی ئاکرێ و بەردەڕەش .

**داواکاریی زۆربەی خەڵکی سنووری قەزای ئاکرێ و بەردەڕەش ئەوەیە کە هاوشێوەی سۆران و زاخۆ و گەرمیان، ئاکری و بەردەڕەش بکرێتە یەک ئیدارەی سەربەخۆ**

**جێگەی دڵخۆشی و دەستخۆشییە لە جەنابی سەرۆکی حکومەت کە لە کابینەی نۆیەمدا سۆران و زاخۆی دەلالی کردە ئیدارەی سەربەخۆ، پیرۆزبایی لە خەڵکی ئەو دوو شوێنە و هەموو هەرێمی کوردستان دەکەین**

**ڕێزدار سەرۆکی حکومەت بڕیاری دا بە فەرمی لە قەزای ئاکرێ زانکۆ دابمەزرێت، ئەم بڕیارە حەکیمانەیەش گرنگیدانی زیاتر بە سنوورەکە بوو**



بورهان ئەرگوشی
ڕاوێژکاری پێشکەوتووی پەروەردە بۆ گوڵان:

# ستراتیژیەتی وەزارەتی پەروەردە بۆ پێگەیاندنی تاکێکی سەردەمیانە و نیشتمانپەروەرە کە ڕێز لە بەها جوانەکانی کۆمەڵگە بگرێت

**پرۆسـەی پـەروەردە و فێرکـردن لـە هەرێمی کوردسـتان لـە کابینـەی نۆیەمـدا گەشـەیەکی بەرچاوی بـە خۆیـەوە بینیـوە، بـە شـێوەیەك لـە ڕووی ژێرخـان و پەروەردەیـی و زانسـتی و هونەرییـەوە گۆڕانکاریـی زۆر ئەرێنی بەسـەردا هاتـووە، بەڵام ئـەم واقیعـە نوێیـەی پـەروەردە و فێرکردنیـش بـە دوور نییـە لـە کەموکورتـی و ئاسـتەنگ، لـە چەندیـن بۆنەشـدا جەنابـی سـەرۆك بارزانـی جەختـی لەسـەر گرنگیـدان بـە پرۆسـەی پـەروەردە و فێرکـردن کردووەتـەوە. بـۆ قسـەکردن لەسـەر پرۆسـەی پـەروەردە و فێرکـردن، گۆڤـاری گـوڵان دیدارێکی لەگـەڵ بورهـان عەبدوڵا ئەرگوشـی ڕاوێژکاری پێشـکەوتووی پـەروەردە سـازدا، لێرەدا پوختـەی قسـەکانی بـڵاو دەکەینـەوە.**

*** بـەو پێیـەی ئەزموونـی ٣٠ سـاڵت لـە کەرتـی پـەروەردە و فێرکـردن هەیـە و، لـە سـەرەتاکانی ڕاپەڕیـن و سـاڵانی نەوەدەکانـی سـەدەی ڕابـردوو لـە بوارەکانـی پەروەردەیـی و سەرپەرشـتیاری و تەکنیکـی بەشـدار بوویـت و، ئەندامـی زۆربـەی لیژنەکانی وەزارەت بوویت، دەکرێت بزانیـن پرۆسـەی پەروەردە و فێرکـردن لـە هەرێمـی کوردسـتان لـە چ ئاسـتێکدایە؟**

- سـەرەتا بـۆ وەڵامدانـەوەی پرسـیارەکە، دەبێـت چاوخشـاندنەوەیەکی خێـرا بـە قۆناغەکانـی پـەروەردە و فێرکـردن بکەینـەوە، کـە تـا سـاڵی ١٩٩١ پرۆسـەی پـەروەردە و فێرکـردن لـە هەرێمـی کوردسـتان هەمـان سیسـتمی پەروەردەیـی عێـراق بـووە، ئـەو سیسـتمەی لـە سـاڵی حەفتـاکان لەسـەر ئاسـتی جیهـان بـە یەکێـك لـە هـەرە سیسـتمە پێشـکەوتووەکانی دونیـا دادەنـرا و، ڕاپۆرتەکانـی یونسـیف و یونسـکۆ شـاهیدی ئەمەیـان دەدا، بـەڵام لەگـەڵ دەسـتپێکردنی شـەڕی عێـراق- ئێـران و داگیرکردنـی کوێـت و گەمـارۆی ئابـووری و سیاسـەتی چەوتـی ڕژێمـی بەعـس، کێرڤـی پەروەردە لـە عێـراق بەگشـتی و لـە کوردسـتانیش ڕووی لـە کـزی کـرد و پرۆسـەی فێرکـردن پاشەکشـەی زۆری بەخـۆوە بینـی، ئـەم دۆخـە خراپـە بـۆ ئێمـەی کـورد کـە میراتگـری سیسـتمی بەعـس بوویـن زۆر خـراپ بـوو، بـە سـەدان گونـد و ناحیـە و قـەزا بـە قوتابخانەکانیشـیانەوە تێکدرابـوون، هەرچـی هەوڵـە شـەرمن و لاوازەکانیـش هەبـوو جگـە لـە گۆڕانکارییەکـی کـەم نەبێـت نەتوانـرا هەنـگاوی گـەورە بنرێـت، ئیتـر وردە وردە دەرچووەکانـی زانکـۆ بـە مامۆسـتا دامەزرێنـران و میلاکـی پەروەردەمـان پـڕ کـردەوە و هەندێـك گۆڕانکاریـی نوێمـان لـە پرۆگرامـەکان دەسـت پـێ کـرد.

*** سـەرۆك بارزانـی لـە چەندیـن بۆنـەدا جەختـی لەسـەر گرنگیـدان بـە پـەروەردە و فێرکردنـی گەنجەکانمـان کردووەتـەوە، چ لـە ڕووی ئینتمـای نەتەوەیـی و نیشـتمانییەوە بێـت، یـان لـە ڕووی زانسـتی و بەرزکردنـەوەی توانـا، لـەم ڕووەوە وەزارەتـی پـەروەردەی هەرێمـی کوردسـتان تـا چەنـد لـە هەوڵەکانیـدا سـەرکەوتوو بـووە؟**

- مـەلا مسـتەفا بارزانـی وەسـفێکی جوانـی قوتابیانـی کـردووە و فەرموویەتـی: «قوتابیـان سـەری ڕمـن لـە هەمـوو شـۆڕش و ڕاپەڕینێکـدا»، سـەرۆك بارزانی لەسـەر هەمـان ڕێباز داوای کـردووە گرنگیـی زیاتـر بـە لایەنـی پەروەردەیـی و خوێنـدن و ئـەو پرۆگرامانـە بدرێـت کـە لـە ڕووی نەتەوەیـی و نیشـتمانییەوە گرنگـن. مەسـرور بارزانـی سـەرۆکی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان هـەر لـە دەسـتپێکی کابینـەی نۆیەمـی چاکسـازی و خزمەتگوزارییـەوە گرنگـی لـە ڕاددەبـەدەری بـە کەرتـی پـەروەردە دا و ڕایگەیانـدووە: «کار دەکەیـن بـۆ چاککـردن و بەرزکردنـی ئاسـتی خزمەتگوزاریـی پـەروەردە و فێرکـردن، پێداچوونـەوەش دەکەیـن بـە پرۆگرامەکانـی پەروەردەیـی و گونجاندنـی ناوەڕۆکەکانیـان بەپێـی سـتانداردە بـاوەکان»، بۆیـە ئەرکـی ئێمـە و هـەر سیسـتمێکی پەروەردەیـە تاکەکانـی وڵاتـی خـۆی بـە شـێوازێك ڕابهێنێـت کـە هەسـتی ئینتمـا بـەرز بکاتـەوە بـۆ نەتـەوە و ئـاڵا و نیشـتمان و هەمـوو ئـەو بەهایانـەی کۆمەڵگـە بـڕوای پێیـان هەیـە، لـە هەمـان کاتیشـدا ڕێـز لـە نەتەوەکانـی دیکـەی کوردسـتانیش بگـرن، بەداخیشـەوە لـەم

**ساڵی ١٩٩١ پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان هەمان سیستمی پەروەردەیی عێراق بووە، ئەو سیستمەی لە ساڵی حەفتاکان لەسەر ئاستی جیهان بە یەکێک لە هەرە سیستمە پێشکەوتووەکانی دونیا دادەنرا**

**لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی عێراق- ئێران و داگیرکردنی کوێت و گەمارۆی ئابووری و سیاسەتی چەوتی ڕژێمی بەعس، کێرڤی پەروەردە لە عێراق بەگشتی و لە کوردستانیش ڕووی لە کزی کرد و پرۆسەی فێرکردن پاشەکشەی زۆری بەخۆوە بینی**

دواییانەدا هەستمان بە جۆرێك لاوازی لە زمانی کوردی و بەرزڕاگرتنی لایەنی نەتەوەیی و نیشتمانی کردووە، بەو پێیەی وەزارەتی پەروەردە بەرپرسی فەرمییە لەسەر ئاستی دەوڵەت لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن، بەڵام لە ڕاستیدا دروستکردنی هەستی ئینتما ئەرکی هەموانە هەر لە مینبەرەکانی مزگەوت و کەنیسە و پەرستگاکانەوە، تاوەکو ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووس و کۆمەڵگەی مەدەنی، ڕێزدار مەسرور بارزانی لە کاتی زەنگلێدانی دەستپێکی خوێندن و لە چوونی بۆ ناو پۆلی قوتابیان، زۆر جەختی کردووەتەوە لەسەر چەمکە بەهادارە جوانەکانی خۆشەویستیی نیشتمان و پاراستنی ژینگە و خوێندن و بەرزراگرتنی پیرۆزییەکانی نیشتمان، ئەمە بۆ ئێمە ئیلهام بەخشە بۆ ئەوەی بەرنامەکانمان لەسەر ئەم بەهایانە دابڕێژینەوە، ئەوەتا لە زانستەکان و زمانی کوردیدا پڕۆگرامێکی تەواوی کوردستانی داڕێژراوەتەوە و لە قۆناغەکانی پێشەوە دەستمان پێ کردووە، ئەم ئەرکە هەروا ئاسان نییە کە قەیرانی دارایی هەیە و ناکۆکیی حزبایەتی و هەڕەشەی دەرەکی لە سەرمانە و زۆربەی جار بڕیارەکان لە سەرتاسەری هەرێم وەکو خۆی جێبەجێ ناکرێت، لە یاسای نوێی وەزارەتی پەروەردە بۆ یەکەمین جارە بنەما فەلسەفی و بنەماکانی گشتی لە وەزارەتی پەروەردە دانراون و ئەوەی ڕێگەپێدراو نییە لە چوارچێوەی یاسادا ئاماژەیان پێ کراوە، ئەم گۆڕانکارییە لە ئاستی پەروەردە وای کردووە، ئاستی خوێندن و پلانەکانی پەروەردەیی لە هەرێمی کوردستان بەراورد بە عێراق باشتر بێت، بۆ نموونە لە کاتی قەیرانی کۆڤید١٩ عێراق سەیری ئێمەی دەکرد کە چۆن بە پرۆفیشناڵانە مامەڵەمان دەکرد و توانیمان قوتابیان بپارێزین، تەنانەت لە شێوازی ئەزموونی تاقیکردنەوەکان و دانانی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی و بەستنەوەی قوتابخانەکان بە داتابەیسێکەوە هەر هەمووی ئێمە لە پێشەوەین، لە ڕووی بەدیجیتاڵکردنی نووسراوەکانیش هەنگاوی زۆر گەورە نراوە. سەبارەت بە قوتابخانەکانیش لەم کابینەیەدا هەرچەندە دوو دەوامی لە قوتابخانەکاندا ماون، بەڵام توانراوە سێ دەوامی قوتابخانەکان کەم بکرێتەوە، تەنانەت پارێزگاری کوالێتیی پەروەردەشمان ڕێك خستووە، بۆ ئەم مەبەستە بەرنامەی سەرپەرشتیارێکی تایبەت بە ناوی هاوڕێی ڕەخنەگرمان داناوە.

*** باسی پڕۆگرامەکانی خوێندنت کرد، ئایا تاچەند توانراوە پێداچوونەوە بە پڕۆگرامەکانی خوێندندا بکرێت، بۆ ئەوەی بە شێوەیەك بێت کە لەگەڵ ستانداردە جیهانییەکان بگونجێت و لە هەمان کاتدا بیری نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرییش ڕەچاو بکرێت؟**

- پێداچوونەوە بە پڕۆگرامەکانی خوێندن و گونجاندنیان لەگەڵ ستانداردە باوەکان لە زۆر ڕووەوە کاری گەورە و جوانی لەسەر کراوە، بۆ نموونە ئێمە زۆر بابەت و پڕۆگرامان بە شێوەیەك دەستکاری کردووە، کە قوتابی وەکو کەسایەتییەکی سەردەمیانە و مەدەنیانە بونیاد بنرێت، کە تایبەتمەندێتی خۆی و کەسانی دیکە ڕەچاو بکات، ساڵ هەبووە کارمان کردووە لەسەر بەرپرسیارێتی و ساڵی دیکەش لەسەر دادپەوەری و نیشتمانپەروەری، ئەم مەنهەجانە کاریگەریی زۆری لەسەر هاونیشتمانبوون و کەسایەتیی سەردەمیانە و ئاشتیخواز و دەیان بەهای جوانی دیکەی قوتابی هەبووە و، وای کرد قوتابی کەسێکی کارا بێت لەم سەردەمە جەنجاڵییەی ئێستا، لە ڕووی زانستیشەوە دەست کراوە بە پێداچوونەوە بە پڕۆگرامەکان و ئەولەوییەت دراوە بە بابەتە زانستی و بیرکاری و نیشتمانپەروەری و بابەتە مەدەنییەکان، بۆ نموونە دابەزاندنی بابەتی ئینگلیزی لە پۆلی پێنجەوە بۆ پۆلی یەکەم و تا قۆناخی باخچەش، یان هێنانە پێشەوەی بابەتی پەروەردەی مەدەنی و چەندین بابەتی دیکە، هەروەها بۆ ئینگلیزی پڕۆگرامی بەریتانیمان هێنا، لەم دواییانەشدا پڕۆگرامێکی دیکەمان زیاد کرد، بە ناوی کارامەییەکانی ژیان و بەهاکان کە چەندین چەمکی مەدەنی و زیاتر لەخۆ دەگرێت، ئەمە وێڕای شێوازی تاقیکردنەوەکان و هەڵسەنگاندن و شێوازی وانەوتنەوە و چەندین بواری دیکە کە گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، بۆ نموونە تاقیکردنەوەیەکی نیشتمانیمان بۆ زمانی کوردی دانا بۆ دواقۆناغی بنەڕەتی، بۆ ئەوەی لە کاریگەرییە سلبییەکانی جیهانگیری بۆ سەر زمان دەربازمان بێت.

**مەلا مستەفا بارزانی وەسفێکی جوانی قوتابیانی کردووە و فەرموویەتی: «قوتابیان سەری ڕمن لە هەموو شۆڕش و ڕاپەڕینێکدا»، سەرۆک بارزانی لەسەر هەمان ڕێباز داوای کردووە گرنگیی زیاتر بە لایەنی پەروەردەیی و خوێندن و ئەو پڕۆگرامانە بدرێت کە لە ڕووی نەتەوەیی و نیشتمانییەوە گرنگن**

**ڕێزدار مەسرور بارزانی لە کاتی زەنگلێدانی دەستپێکی خوێندن و لە چوونی بۆ ناو پۆلی قوتابیان، زۆر جەختی کردووەتەوە لەسەر چەمکە بەهادارە جوانەکانی خۆشەویستیی نیشتمان و پاراستنی ژینگە و خوێندن**

**لە زانستەکان و زمانی کوردیدا پڕۆگرامێکی تەواوی کوردستانی داڕێژراوەتەوە و لە قۆناغەکانی پێشەوە دەستمان پێ کردووە، ئەم ئەرکە هەروا ئاسان نییە کە قەیرانی دارایی هەیە و ناکۆکیی حزبایەتی و هەڕەشەی دەرەکی لە سەرمانە**

*** بەڵام پەروەردە و فێرکردن بەو پێیەی لە گۆڕانکاریی بەردەوامدان و وەرگرتن یان بونیادنانی ژێرخان و جێبەجێکردنی پلانەکان بێ ئاستەنگ و بەربەست نین، دەکرێت بزانین گەورەترین ئاستەنگ و بەربەستەکان چین کە دێتە بەردەم پەرەپێدانی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن؟**

- کەم تا زۆر هەندێك حزب بە هێنانی ئایدیۆلۆژیا و هزری نامۆ بەم کۆمەڵگەیە کاریگەریی خراپیان لەسەر پەروەردە و فێرکردن هەبووە، بۆیە بەردەوام لە هەوڵداین لەو چوارچێوەیە دەربچین و بەپێی دامەزراوەیی حکومەتی هەرێمی کوردستان کار بکەین، ئەوەتا بەردەوام جەخت لەسەر ڕۆژی ئاڵا و جلوبەرگی نەتەوەیی و زمان و بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکان و ڕێزگرتن لە قوربانیانی هەڵەبجە و بەرزڕاگرتنی هەموو ڕۆژە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان و خۆشەویستی بۆ پێشمەرگە و سەرکردە مێژووییەکان دەکەینەوە، ڕەنگە لە ئێستادا گرفتی سەرەکیی بەردەم پەرەپێدان و بووژانەوەی کەرتی پەروەردە و فێرکردن بریتی بێت لە سۆشیال میدیا و تۆڕەکانی سۆشیال میدیا، پێویستە ئێمە خوێندنەوەی نەوەکانی ئەمرۆمان هەبێت لە زێد و ئەلفا کە زێد لە ساڵی ١٩٩٥ بە دواوە لەدایکبوون لەگەڵ ١٥ ساڵی دوای ئەمان کە لە سەردەمی تەکنەلۆژیا و شۆڕشی گەیاندن و گۆڕانکارییە خێراکانی بواری زانست و گەیاندن ژیاون و پێداویستی ئەمان جیاوازە، واتا تاکێکی جیهانی دروست بووە و خەریکە ئینتمای نەتەوەیی و نیشتمانی لایان کاڵ دەبێتەوە، دەبێت لە بواری پرۆگرامەکان و ئامادەکردنی مامۆستایان و ڕێکخستنی قوتابخانەکان هەموویان بە شێوازێك بن، کە بتوانین ئەم تاکە بە جۆرێك پێبگەیەنین کە کارامەیی پێویستی تێدا بێت و، هەلی کار بەدەست بێهێنێت و ناسنامەی خۆیشی لەم جیهانەدا ون نەکات.

*** سەبارەت بە زمانی کوردی دەکرێت بزانین گەورەترین ئاستەنگ چییە لە بەردەم داڕشتنەوەی پرۆگرامەکان بە زمانێکی ستاندارد؟**

- هەرچەندە من پسپۆرێکی بواری زمان نیم، بەڵام زمانی کوردی بە زمانێکی زۆر بەهێز و گرنگ دادەنرێت، کە سەرەڕای ئەو هەڕەشانەی لەسەریەتی و دەقەکانی زمانی فارسی و تورکی و عەرەبی کاریگەریی خراپی لەسەر کردووە، لەگەڵ ئەمەشدا کورد پشتاوپشت و بە ئەدەبیاتی کوردی توانیویەتی دیالێکتی زۆر جیاوازی هەبێت، حزبایەتی و ڕاگەیاندنەکانیان و هێنانی هزر و دیالێکتی بیانی زیانی پێگەیاندووین کە نەتوانرێت زمانی یەکگرتوو و دیالێکتێکی یەکگرتووی دەوڵەت هەڵبژێردرێت، دەبێت ڕووی قسەمان بۆ ئەم بابەتە و چارەسەرکردنی ئەم گرفتە قووڵ و مەترسیدارە لە ئەکادیمیای کوردی بێت کە جێگای کۆڕی زانیاریی کوردی پێشووی گرتووەتەوە، دەکرێت بە هەماهەنگی لەگەڵ هەردوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا و ڕۆشنبیری هەنگاوی یەکەمی ئەم ئەرکە پیرۆز و نیشتمانپەروەرییە دەست پێ بکەین، ئەم حاڵەتە لە ناو نووسراوەکانی دامەزراوەکانی حکومەتیشدا هەیە، ئەم گرفتە بۆ بیانییەکان و گەشتیارانی بیانی بە ڕوونی دیارە، بۆیە سەرۆکی حکومەت دوو بڕیاری گرنگە دا، بۆ دانانی پرۆگرامێك بۆ فێرکردنی بیانییەکان و نووسینەوەی تابلۆکان بە زمانێکی پاراوی کوردی.

*** سەبارەت بە میلاکاتی مامۆستایان و فەرمانبەرانی پەروەردە ئایا توانیوتانە بە شێوەیەکی ستاندارد و ڕێکوپێك ئەو میلاکاتەی هەتانە ڕێك بخرێتەوە و گرفتی میلاکات کەم ببێتەوە؟**

- ئێمە نزیکەی ١٣٠ هەزار مامۆستا و زیاتر لە ٣٥ هەزار وانەبێژمان هەیە، ئەم ژمارەیە زۆرە، بەڵام کاریگەریی حزبی و کۆمەڵایەتی و جوگرافیایی و چڕیی دانیشتووانیش گرفتن و لەسەر ئاستی شارنشینی و گوندنشین گرفتی میلاکاتمان هەیە، تەتانەت لە ناو شاریشدا لە گەڕەکە میللییەکان و لاچەپەکانی شار کێشەمان زۆرە و لە ئامادەییەکاندا مامۆستامان کەمە، بۆیە پارەیەکی زۆرمان بۆ وانەبێژ دەڕوات، هەندێك بۆچوون هەیە بەوەی دووبارە پسپۆڕایەتییەکان لە ناو میلاکاتی وەزارەتی پەروەردە و مووچەخۆرانی وەزارەتەکانی دیکە بە ژیاندن و خولێکی خێرا، شارەزایی و پسپۆڕایەتییان پێ بدرێت بۆ وانەوتنەوە و بڕوانامەیان پێ بدرێت، کە دەتوانێت مامۆستایی بکات، لە ئێستادا لە ئاستی خوێندنی باڵا پێویستمان بە پێداچوونەوە لە ئامادەکردن و پێگەیاندنی مامۆستا هەیە.

**کەم تا زۆر هەندێک حزب بە هێنانی ئایدیۆلۆژیا و هزری نامۆ بەم کۆمەڵگەیە کاریگەریی خراپیان لەسەر پەروەردە و فێرکردن هەبووە، بۆیە بەردەوام لە هەوڵداین لەو چوارچێوەیە دەربچین و بە پێی دامەزراوەیی حکومەتی هەرێمی کوردستان کار بکەین**

**حزبایەتی و ڕاگەیاندنەکانیان و هێنانی هزر و دیالێکتی بیانی زیانی پێگەیاندووین کە نەتوانرێت زمانی یەکگرتوو و دیالێکتێکی یەکگرتووی دەوڵەت هەڵبژێردرێ**

**نزیکەی ١٣٠ هەزار مامۆستا و زیاتر لە ٣٥ هەزار وانەبێژمان هەیە، ئەم ژمارەیە زۆرە، بەڵام کاریگەریی حزبی و کۆمەڵایەتی و جوگرافیایی و چڕیی دانیشتووانیش گرتن و لەسەر ئاستی شارنشینی و گوندنشین گرفتی میلاکاتمان هەیە**

**شەیما جەمال کوێخا**

راوێژکار لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بۆ گوڵان:

# بۆ ساخکردنەوەی بەروبوومی دانەوێڵە کارگەی گەورە دروست کراوە



## چوار بەنداوی گەورە لە هەرێمی کوردستان دروست دەکرێن

**بۆ ساڵی دووەمە جووتیاران بەروبوومی گەنمەکەیان لێ وەردەگیرێت و پارەیان دەدرێتێ، لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشدا کەرتی کشتوکاڵ گەشەیەکی باشی بە خۆیەوە بینی، ئەمەش جێبەجێکردنی کارنامەی کابینەکەیە لە گرنگیدان بە فرەچەشنکردنی ئابووری و بووژانەوەی کەرتی کشتوکاڵ. بۆ قسەکردن لەسەر دواهەنگاوەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ شەیما جەمال کوێخا راوێژکار لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو سازدا و بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** جێگەی دڵخۆشییە ئەوە بۆ ساڵی دووەم دەچێت جووتیارانی کوردستان گەنمەکانیان دەدروونەوە و حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاستەوخۆ لێیان دەکڕێتەوە، ئایا تا چەند ئەم هەنگاوەی حکومەت بووەتە هاندەرێکی باش بۆ ئەوەی جووتیاران زیاتر بایەخ بە بەرهەمەکانی خۆیان بدەن؟**

- پاش پەتای کۆرۆنا و لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی ڕووسیا و ئۆکراینا حکومەتی عێراقی و حکومەتی هەرێمی کوردستان گەیشتنە ئەو هەقیقەتەی کە پێویستە بەرهەمی ناوخۆی جووتیاران پەرەی پێ بدرێت و پارێزگاری لێ بکرێت و، وەك هاندانێك بۆ جووتیاران هەنگاوێکی زۆر گرنگ نراوە پێش پەسندکردنی بودجەی عێراق لەو بودجەی فریاکەوتنەی لە عێراق هەیە، کە بودجەیەکی تایبەتە بە بەروبوومی دانەوێڵەی جووتیارانی عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی بیکڕنەوە و لە سایلۆکانی هەردوولا پارێزگارییان لێ بکرێت، بۆ ئەو مەبەستەش وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان ماوەی دوو ساڵە لەگەڵ حکومەتی عێراق لەسەر خەتە و بەردەوام ڕێککەوتننامەمان لە نێوانماندا هەیە، خۆشبەختانە ئەمساڵ بۆ ساڵی دووەم دەچێت کە بەرهەمی دانەوێڵەی هەموو جووتیاران دەکڕنەوە، بەو پێیەی کە نرخی دانەوێڵە لە بازاڕەکانی جیهاندا بەرز بووەتەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق بە هاوکاریی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و وەزارەتی بازرگانیی هەرێم بۆ ئەمساڵیش بەرهەمی دانەوێڵەی جووتیارانی هەرێمی کوردستان دەکڕنەوە، وەك دەستپێك بڕیارە ئەمساڵ (٣٧٥) هەزار تەن گەنم لە جووتیارانی هەرێمی کوردستان وەربگیرێت، واتە ئەمساڵیش هەر وەك ساڵی ڕابردوو شاندی تایبەتیی هەرێمی کوردستان لە هەردوو وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و وەزارەتی بازرگانی و نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە عێراق هەوڵیان داوە، بەرهەمی جووتیارانی کوردستان وەك پارێزگاکانی دیکەی عێراق وەربگیردرێت، لە هەوڵ و کار و گفتوگۆدایین کە بڕی وەرگرتنی گەنمەکە لەوەی بڕیارە و دانراوە، زیاتر بکرێت، بۆ هەر تەنێکیش (٨٥٠) هەزار دینار دانراوە، هەر بۆیە ئەو پشتگیری و هاندانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگای وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، وای کردووە جووتیاران زیاتر و جدیتر کار بکەن بۆ چاندن و برەودان بە کەرتی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستاندا.

*** بەشداریی شەخسی سەرۆك وەزیران لە دروێنەی گەنم لە گەڵ جووتیاران، هەروەها هەوڵەکانی بۆ دۆزینەوەی بازاڕ بۆ بەرهەمی کشتوکاڵییەکان لە دەرەوەی وڵات، ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ئەوەی کە حکومەت دەیەوێت بایەخێکی زۆر بە بووژانەوەی کەرتی کشتوکاڵ بدات. پرسیار ئەوەیە ئەو ئاسانکارییانە چین کە وەزارەتی کشتوکاڵ پێشکەشی جووتیاران و ئەو کەسانەی دەکەن کە پڕۆژەیان لە سێکتەرە جیاوازەکانی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان پێشکەش دەکەن؟**

- بەشداریکردنی بەڕێز سەرۆکی حکومەت لە دوورینەوەی گەنمی جووتیاران کاریگەرییەکی زۆر باشی دەبێت بۆ بەرزکردنەوەی لایەنی مەعنەوی و هاندان و پاڵپشتییەکیشە بۆ جووتیاران، ئەوەی لەو بەشداری و هاوبەشیکردنانە گرنگترە، ئەوەیە کە هاوبەشی و بەشداریکردنەکە بەردەوام و بە جددی بێت و لە هەموو بۆنە و کارەکانی تایبەت بە کەرتی کشتوکاڵ لەگەڵ جووتیاران بەشدار بێت، لە لایەکی دیکەوە پێویستە بەڕێز سەرۆکی حکومەت بە هاوکاریی بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، هەوڵ بدات کۆبوونەوە و دیداری وەرزی لەگەڵ جووتیاران ئەنجام بدات، تاوەکو لە نزیکەوە لە کێشە و گیروگرفت و داواکارییەکانی جووتیاران ئاگادار بێت، هەروەها هەنگاو و کارێکی زۆر گرنگ و پاڵپشتییەکی بەهێزە کە کار کراوە بۆ بەبازاڕکردنی بەرهەمی جووتیاران و ساخکردنەوەی، ئێمەش ئەو کارانە و ئەو هەنگاوە بەرز دەنرخێنین. وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بەتایبەت بەڕێز وەزیر دەرگامان کراوەیە لە بەردەمی جووتیاران بۆ گوێگرتن لە کێشە و گرفت و داواکارییەکانیان لە نزیکەوە، لەلایەکی دیکەوە لە ئێستادا وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی

**بڕیارە ئەمساڵ (٣٧٥) هەزار تەن گەنم لە جوتیارانی هەرێمی کوردستان وەربگیرێت**

**لە هەوڵ و کار و گفتوگۆداین کە بڕی وەرگرتنی گەنمەکە لەوەی بڕیارە و دانراوە، زیاتر بکرێت، بۆ هەر تەنێکیش (٨٥٠) هەزار دینار دانراوە**

**پێویستە بەڕێز سەرۆکی حکومەت بە هاوکاریی بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، هەوڵ بدات کۆبوونەوە و دیداری وەرزی لەگەڵ جووتیاران ئەنجام بدات، تاوەکو لە نزیکەوە لە کێشە و گیروگرفت و داواکارییەکانی جووتیاران ئاگادار بێت**

**ڕێککەوتنێک لەلایەن وەزارەتەوە لەگەڵ کۆمپانیایەک کراوە، بۆ هێنانی ئامێری پێشکەوتووی هاوچەرخی کشتوکاڵی بۆ جووتیارانی هەرێمی کوردستان**

ئاو، هەنگاوی جددی ناوە بۆ پاڵپشتی و خزمەتی زیاتری جووتیارانی هەرێمی کوردستان کە لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین،

یەکەم: پێدانی قەرزی کشتوکاڵییە بۆ جووتیاران لە ڕێگەی بانکێکی عێراقی، بێ ئەوەی سوودی بخرێتە سەر و درێژخایەنە.

دووەم: ڕێککەوتنێك لەلایەن وەزارەتەوە لەگەڵ کۆمپانیایەك کراوە، بۆ هێنانی ئامێری پێشکەوتووی هاوچەرخی کشتوکاڵی بۆ جووتیارانی هەرێمی کوردستان.

سێیەم: کەمکردنەوەی نرخی کارەبایە بۆ هەموو کارو پڕۆژەیەکی کەرتی کشتوکاڵی.

چوارەم: لێخۆشبوونی گومرکی بۆ هێنانی ئالیك و پێداویستیی دیکەی کەرتی کشتوکاڵ بۆ جووتیاران.

پێنجەم: ساخکردنەوەی بەروبوومی جووتیاران لە شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق.

شەشەم: دارشتنی سیاسەت و بەرنامە و پلانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لەگەڵ حکومەتی هۆڵەندی بۆ نووسینەوەی سیاسەتی وەزارەتی کشتوکاڵ.

حکومەتی هەرێم بەتایبەت کابینەی نۆیەم و جەنابی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان و بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو جەختیان لەوە کردووەتەوە کە لە دەرەوەی وڵات بازاڕ بۆ بەروبوومی جووتیارانی کوردستان بدۆزرێتەوە، ئەمەش بە دروستکردنی لیژنەی تایبەتیی ڕاوێژکاران تاوەکو بتوانین بەرهەمی جووتیاران لە دەرەوە ساخ بکەینەوە، لەو بەرهەمانەی هەرێمی کوردستان بۆ ساخکردنەوەی بە هەناردەکردنی هەنار دەستی پێ کرد، لە پاشان چەند بەرهەمێکی دیکەی وەك ترێ و هەنگوینی بۆ زیاد کراوە، هەوڵێکی زۆریش هەیە بۆ دۆزینەوەی بازاڕ و ساخکردنەوەی بەروبوومی پەلەوەریش لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان، بەڵکو لە دەرەوەی عێراقیش لە وڵاتانی کەنداوی عەرەبی و وڵاتانی دیکەی دونیا.

*** لایەنێکی گرنگ بۆ بەپیشەسازیکردنی کشتوکاڵ، هاندانی وەبەرهێنانە بۆ ئەوەی پڕۆژە و کارگە دروست بکەن بۆ بەرهەمە کشتوکاڵییەکان، بۆ ئەوەی لە کاتی بەرهەمهێناندا، جووتیاران بەرهەمەکانیان بە هەرزان نەفرۆشن، یان وەك ساڵانی پێشوو بینیمان جووتیاران ناچار نەبن، بەروبوومیان فڕێ بدەن؟**

- وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کابینەی نۆیەمدا لەو بوارەدا کاری زۆری کردووە و خۆشبەختانە ڕێژەی وەبەرهێنان لە کەرتی کشتوکاڵی لە (١,٩٪) بۆ نزیکەی (٩٪) بەرز بووەتەوە، ئەمەش بە هەوڵ و کۆششی وەزارەت و حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە، بەتایبەت بە هاندانی وەبەرهێنەران و ئاسانکاری بۆیان، کە ئەمەش وای کردووە، گرنگییەکی زۆر بەپیشەسازیی بەرهەمی ناوخۆ بدرێت و پاڵپشتی و ئاسانکارییەکان بۆ وەبەرهێنەران وەك لە پێشتر ئاماژەمان پێ دا، بۆ جووتیاران جێبەجێ کراوە، وەك هەڵگرتن و لێخۆشبوونی گومرگی لەو ئامێر و تەکنەلۆژی و پێداویستییانەی لە دەرەوەی وڵات هاوردەی دەکەن و، ئاسانکاریکردن لە مامەڵەکانیان و ئاسانکاریشیان لە تەرخانکردنی زەوی بۆ ئەنجام دەدەین، هەروەها لە سلێمانی و هەولێر و دهۆك سێ کارگەی ساخکردنەوەی دانەوێڵە دروست کراون، کە ئەو کارگەیانەش پاڵپشتییەکی گەورەن بۆ ساخکردنەوەی بەرهەمی دانەوێڵەی جووتیاران، هاوکات پشتگیریی وەبەرهێنەران کراوە بۆ دامەزراندنی کارگەی قوتووبەندی و دروستکردنی کۆگای ساردەکەرەوە، بەڵام هێشتا ئەو کارگە و ساردکەرەوانە بەپێی تمووحی ئێمە نییە، هاوکات بۆ ئەو کار و پڕۆژانە پێویستە جووتیاران و وەبەرهێنەران لەلایەن وەزارەتی بازرگانیش زیاتر پاڵپشتی و هاوکاری بکرێن.

*** ئێستا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان چەندین کۆلێژی کشتوکاڵیمان هەیە، بەڵام ئەوەی دەبینین، ئەوەیە کە دەرچووی کۆلێژی کشتوکاڵ نە دادەمەزرێن، نە پڕۆژەیەکیش هەیە خۆیانی تێدا ببیننەوە، ئایا بۆچی ئەندازیارانی کشتوکاڵی وەبەرهێنیان تێدا ناکرێت و ئەو زانستەی فێری بوون، بیگوزانەوە کێڵگەکان لە سێکتەرە جیاوازەکانی کشتوکاڵ؟**

- خۆشبەختانە ئێمە لە ساڵی ٢٠٢١ پڕۆژە یاسای هەلی کارمان بۆ دەرچووانی کەرتی کشتوکاڵ دانا، کە یاسای ژمارە (٢٠) و

**قەرزی کشتوکاڵی لە ڕێگەی بانکێکی عێراقی بە جووتیاران دەدرێت، بێ ئەوەی سوودی بخرێتە سەر و درێژخایەنیشە**

**ڕێژەی وەبەرهێنان لە کەرتی کشتوکاڵی لە (١,٩٪) بۆ نزیکەی (٩٪) بەرز بووەتەوە، ئەمەش بە هەوڵ و کۆششی وەزارەت و حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە**

**لە سلێمانی و هەولێر و دهۆك سێ کارگەی ساخکردنەوەی دانەوێڵە دروست کراون، کە ئەو کارگەیانەش پاڵپشتییەکی گەورەن بۆ ساخکردنەوەی بەرهەمی دانەوێڵەی جووتیاران**

**جەختمان لەوە کردووەتەوە، هیچ هاوکارییەکی پڕۆژەکانی کەرتی کشتوکاڵی نەکەین، ئەگەر ئەو دەرچووانەی خولی شیاندنیان دیتووە، لەلای خۆیان دایاننەمەزرێنن**

**عێراق یەکێك لەو (٥) وڵاتانەیە کە زۆرترین کاریگەریی گۆڕانکاریی کەش و هەوای لەسەرە و تووشی وشکەساڵی بووە**

ڕێنمایی ژماره(٤)ـه و لەناو ئەو ڕێنماییەدا خولی شیاندنمان بۆ زیاتر لە (١١) هەزار دەرچووی کەرتی کشتوکاڵ کە دەرچووی (ئامادەیی، پەیمانگا و کۆلێژەکانی ) کشتوکاڵن و وهەڵگرانی بڕوانامەی ماستەرو دکتۆراشی تێدایە و، ئەوانەی لەو خولی شیاندنە دەردەچن، بڕوانامەی تایبەتی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاویان پێ دراوە، بۆ ئەوەی بتوانن لە کەرتی تایبەت هەلی کاریان دەست بکەوێت، پێویستە ئەوە لەم کارەدا بزانرێت کە ئەمە دامەزراندن نییە لە کەرتی گشتی، بەڵکو بەگەڕخستنی توانایی ئەو کەسانەیە کە لە بوارەکانی کەرتی کشتوکاڵ بڕوانامەیان بەدەست هێناوە، هەروەها لە ڕێنماییەکەدا جەختمان لەوە کردووەتەوە، هیچ هاوکارییەکی پڕۆژەکانی کەرتی کشتوکاڵ نەکەین، ئەگەر ئەو دەرچووانەی خولی شیاندنیان دیتووە، لەلای خۆیان دایاننەمەزرێنن، ڕێکاری دیکەشمان هەیە بۆ وەبەرهێنەر و خاوەن کارگە و کێڵگەکان کە لە کاتی نوێکردنەوەی مۆڵەتەکانیان سەردانمان دەکەن، ئەوە ئیجبار دەکرێن بە دامەزراندنی ئەو کەسانە کە خولی شیاندنیان بینیوە و لە ڕێنمایی و یاساکەدا جەخت لەوە کراوەتەوە، کە هیچ فەرمانبەرێك ناتوانێت سەرپەرشتیی پڕۆژەکانی کەرتی کشتوکاڵ بکات. لەلایەکی دیکەوە وەرگرتنی قوتابیان لە زانکۆ و پەیمانگاکان پەیوەستە بە پلانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کە دەبێت پلانی تایبەتی هەبێت بەپێی بازاڕ و پێداویستی، قوتابیان لە کۆلێژ و بەشەکان وەربگرێت، هەروەها بەرپرسیارێتییەکەش زیاتر دەکەوێتە سەر وەزارەتی پلاندانان و خوێندنی باڵا.

*** پرسی وشکەساڵی، پرسێکی مەترسیدارە لەسەر کەرتی کشتوکاڵ، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، دەبێت بەرنامەی بۆ چارەسەری وشکە ساڵی هەبێت، ئایا بەرنامەی وەزارەت بۆ چارەسەری وشکە ساڵی چییە؟**

- وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە قورسە، چونکە گۆڕانی کەش و هەوا کاریگەری لەسەر هەموو جیهان هەبووە و عێراق یەکێك لەو (٥) وڵاتانەیە کە زۆرترین کاریگەریی گۆڕانکاریی کەش و هەوای لەسەرە و تووشی وشکەساڵی بووە، خۆشبەختانە کۆمەڵێك پۆند لە شوێنی جیاجیای هەرێمی کوردستان بۆ گلدانەوەی ئاو دروست کراون، هاوکات لە ئێستادا چەند بەنداویش تەواو بوون، وەك بەنداوی خەنس و دێوانە و...تاد، هەروەها بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی عێراق هەنگاونراوە کە چوار بەنداو لە هەرێمی کوردستان دروست



بکرێت، بۆ ئەو چوار بەنداوەش پلان و پڕۆپۆزەلەکە دانراوە و زۆربەی کارەکانیان تەواو بووە، تەنیا چاوەڕوانی ئەوەین ئەو بەنداوانە بچێتە بوار جێبەجێکردنەوە، هاوکات لە پلانی حکومەتی هەرێم و وەزارەتی کشتوکاڵ هاتووە، هانی جووتیاران بدات و بەشی توێژینەوەی وەزارەت جۆری تازە لە دانەوێڵە و بەرهەمی دیکە بچێنن، هەروەها یاسای تایبەت بەبیر هەڵکەندن دەرکراوە، ئەو یاسایە بۆ ئەوەیە بیرهەڵکەندن کەم بکرێتەوە، هاوکات هەماهەنگی لە نێوان وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان هەیە، بۆ ئەوەی بتوانرێت بەرەنگاری وشکەساڵی ببینەوە.

**بەشداریکردنی بەڕێز سەرۆکی حکومەت لە دوورینەوەی گەنمی جووتیاران کاریگەرییەکی زۆر باشی دەبێت بۆ بەرزکردنەوەی لایەنی مەعنەوی و هاندانیانە و پاڵپشتییەکیشە بۆ جووتیاران**



دکتۆر گۆڤەند شێروانی بۆ گوڵان:

# دەستکاریکردنی ماددەی ١٣ و ١٤ی بودجە پێشێلکردنی دەستوور و ڕێککەوتنی ئیدارەی دەوڵەت و ڕێککەوتنی حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵیشە

**ئەو گۆڕانكارییانەی ئەندام پەرلەمانەكانی یەكێتی و عەسائیب دژی ماف و شایستە داراییەكانی هەرێمی كوردستان لە دژی قەوارەی هەرێم ئامادەیان كردبوو، مەترسیی گەورەی لەسەر داهات و ماف و شایستە داراییەكانی هەرێمی كوردستان هەیە، بەتایبەتی ئەو گۆڕانكارییانەی كە سێ مەرجیان داناوە بۆ ڕەوانەكردنی پشكی هەرێم. لە دیدارێكی گۆڤاری گوڵاندا لەگەڵ دكتۆر گۆڤەند شێروانی پسپۆڕ و شارەزا لە بواری نەوت و ئابووری، تیشكیان خستە سەر نادەستوورییبوونی گۆڕانكارییەكانی لێژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق، لێرەدا پوختەی وەڵامەكانی بڵاو دەكەینەوە.**

*** دوابەدوای ڕێككەوتنی نێوان هەرێم و بەغدا و دەركەوتنی ئومێدێك بۆ چارەسەركردنی دۆسێی نەوت و گاز و بگرە چارەسەری سەرجەم كێشە هەڵپەسێردراوەكان، لێژنەی دارایی گۆڕانكاریی لە كۆمەڵێك بڕگەی ڕەشنووسی پرۆژە یاسای بودجەی عێراق كرد، بە ڕای ئێوە وەك پسپۆڕێكی شارەزا لە بواری نەوت و ئابووریدا ئەم گۆڕانكارییانە تا چەند دەستوورین؟**

- گۆڕانكارییەكانی لێژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق لەلایەن نوێنەرانی یەكێتی و عەسائیبەوە بە ڕێككەوت نەبوو، بەڵكو پلانی بۆ دارێژدرا بوو، چونكە بەپێی هەردوو ماددەی دەستووری ١١٢ خاڵی ١ و ١٢١ خاڵی ٣ كە لە ناو بودجەی فیدراڵیدا بە بێ مەرج و ئاستەنگ زامنی ڕەوانەكردنی پشكی هەرێم و سەرجەم پارێزگاكان دەكات، كەچی ئەوەی هاتووە لە گۆڕانكارییەكاندا سێ مەرجی قورسی بۆ ناردنی بودجەی هەرێمی كوردستان و مووچەی مووچەخۆران داناوە، ئەمە ڕێك نادەستوورییە و تەنانەت دژی هەموو ڕێككەوتنەكانی نێوان لایەنە سیاسییەكانی ناو پێكهێنانی هاوپەیمانێتی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و كارنامە وەزارییەكەیەتی، كە لەسەر ئەو بنەمایە محەمەد شیاع سوودانی ڕەزامەندیی پەرلەمانی وەرگرتووە و كابینە وەزارییەكەش دوای چاوەڕوانییەكی زۆر پێك هێنرا، ئەمەش بە دڵنیاییەوە بە دڵی زۆر لایەنی ناوخۆی هەرێم و عێراقی و تەنانەت وڵاتانی دراوسێ نەبوو، هەروەكو چۆن لە ڕێككەوتنە مێژووییەكەی نێوان هەردوو حكومەتی هەرێم و بەغدا بۆ جارێكی دیكە نیگەرانیی نەیارانی كورد و بگرە حكومەتەكەی سوودانیشی لێ كەوتەوە، ئەم گۆڕانكارییانە دژی سەقامگیری و ئارامیی عێراق بە گشتییە و دەیانەوێت لەم ڕێگەیەوە گورزێكی توند لە حكومەتەكەی سوودانی بدەن، ئەگینا دانانی مەرج بۆ ناردنی پشكی هەرێم لە بودجە، بەتایبەتی دوای ڕاوەستانی هەناردەكردنی نەوتی هەرێم و تەسلیمكردنی بە كۆمپانیای سۆمۆ، ئیتر نەڕۆشتنی نەوتی هەرێم و كەركووكیش لە بۆری كەركووك — جیهانەوە دەكەوێتە ئەستۆی كۆمپانیای سۆمۆ، زیادكردنی خاڵێكی دیكە بەوەی ناوەند وەكو پارێزگا مامەڵە لەگەڵ هەرێمدا بكات، لە كاتی بوونی ناكۆكیدا، ئەمە پێشێلكردنی فیدراڵییەتی عێراقە لە دژی هەرێمی كوردستان، سەرهەڵدانی ئەم گرفتانە كە هاوكات بوو لەگەڵ دەركردنی بڕیاری دادگای فیدراڵی بە نادەستوورییەتی درێژكردنەوەی تەمەنی پەرلەمانی كوردستان، پیلان و مەرامێكی تێكدەرانەی لەدوایە، لە چەندین بۆنە و لێدوانمدا ئاماژەم بەم ئاستەنگ و بەربەستانە كردووە، هەرواش دەرچوو، لێژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق لەسەر گۆڕانكاری لە چەند بڕگەیەكدا بۆ ماددەی ١٣ و ١٤ی ڕەشنووسی پرۆژە یاسای بودجەی گشتیی فیدراڵی پێشێلكردنی بڕگەی دووی ماددەی ٦٢ی دەستووری عێراقیشی كرد، كە تایبەتە بە یاسای بودجە، كە تێیدا هاتووە تەنیا پەرلەمان بۆی هەیە گواستنەوە لە بەشەكان و سێكتەرەكان لە ناو بودجەدا بكات، ئەمەش بە مەبەستی كەمكردنەوەی ئەو بڕگانەی خەرجییان زۆرن، بەڵام لەم ماددەیەدا بە ڕوونی و ئاشكرایی دەڵێت

**گۆڕانكارییەكانی لێژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق لەلایەن نوێنەرانی یەكێتی و عەسائیبەوە بە ڕێككەوت نەبوو، بەڵكو پلانی بۆ دارێژدرا بوو**

**زیادکردنی خاڵێکی دیکە بەوەی ناوەند وەکو پارێزگا مامەڵە لەگەڵ هەرێمدا بکات، لە کاتی بوونی ناکۆکیدا، ئەمە پێشێلکردنی فیدراڵییەتی عێراقە لە دژی هەرێمی کوردستان**

پەرلەمان بۆی نییە هیچ بڕگەیەك زیاد بکات، یان بگۆڕێت، بۆیە ئەم پێشێلکارییە کە هاوکات بوو لەگەڵ بڕیاری دادگای فیدڕاڵیی عێراقی بە نادەستووری درێژکردنەوەی ماوەی تەمەنی پەرلەمانی کوردستان، بە بۆچوونی من هەر دوو ڕووداوەکە پاڵنەری سیاسی لە پشتەوە بووە، بەتایبەتی دەستکاریکردنە نادەستوورییەکەی بڕگەکانی تایبەت بە هەرێمی کوردستان لە ناو لیژنەی دارایی پەرلەماندا، ئەمەش بۆ شکستهێنانی هەنگاوە ئیجابییەکانی کابینەی سوودانییە کە لە تەنیا شەش مانگی ڕابردوودا هەنگاوی زۆر گەورە و ئیجابی گرتووەتەبەر و پەیوەندییەکانی نێوان کابینەکەی و حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕووی لە سەقامگیری و باشی کردووە، بەتایبەتی ڕێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا بە یەکێك لە دەستکەوتە هەرە گەورە ئابوورییەکان دادەنرێت، بە تەئکیدیش ئەمە بە دڵی زۆر لایەنی ناوخۆی هەرێم و عێراق و ناوچەکەش نییە، بۆ نموونە پەرلەمانتارانی یەکێتی و عەسائیب پێشنیارەکانیان کردووە و پێشتر ڕێککەوتنی لەسەر نەکراوە لەلایەن لیژنەکەوە، ئەمەش بۆ ئەو ململانێ و ناکۆکییە دەگەڕێتەوە کە ماوەیەکە لە ناوخۆی هەرێمدا هەیە، هەرچی لایەنی عەسائیبیشە کە ناسراوە بە دژایەتیکردنەکانیان بەرانبەر قەوارەی هەرێمی کوردستان، ئەمە وێڕای ئەوەی زۆر لە پەرلەمانتارە عەرەبەکان بۆ بەدەستهێنانی دەنگ و موزایەدەیەکی سیاسی بەردەوام لە دژی هەرێمی کوردستان لێدوان و هەڵسوکەوت دەکەن، هەندێك لایەنی ناوخۆیی و زۆر کەس هەن، نایانەوێت کابینەیەکی هەرێمی کوردستان بەهێز بێت، چونکە بەهێزبوونی کابینەکە بە بێهێزبوونی خۆیان دەزانن.

**ڕێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا بە یەکێک لە دەستکەوتە هەرە گەورە ئابوورییەکان دادەنرێت، بە تەئکیدیش ئەمە بە دڵی زۆر لایەنی ناوخۆی هەرێم و عێراق و ناوچەکەش نییە**

*** باسی گۆڕانکاریی چەند بڕگەیەکت کرد لەلایەن لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراقەوە، ئایا تا چەند ئەم گۆڕانکارییە نادەستوورییانە لە دژی ڕێککەوتنەکەی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدڕاڵە؟**

- هەر ڕاستەوخۆ دوای ئەم پێشێلکارییە دەستوورییە هەر یەك لە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو ئەم گۆڕانکارییانەیان لە هەردوو ماددەی ١٣ و ١٤ی ڕەشنووسی پرۆژە یاسای بودجەی عێراقدا ڕەت کردەوە، کە لە دژی ماف و شایستە داراییەکانی خەڵکی کوردستانە، سێ هۆکاریش هەیە بۆ ڕەتکردنەوەی ئەم گۆڕانکارییە، سەرەتا ئەمە دژ و پێچەوانەی ڕێککەوتنی سیاسیی نێوان لایەنەکانی پێکهێنەری هاوپەیمانێتیی بەڕێوەبردنی دەوڵەتە، هاوکات ئەم گۆڕانکارییانە بەم شێواز و مەرجانە بە هیچ شێوەیەك ناگونجێت و یەك ناگرنەوە لەگەڵ دەقی ڕێککەوتنەکەی نێوان ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و محەمەد شیاع سوودانی سەرۆك وەزیرانی عێراق، کە بە ڕوون و ئاشکرا میکانیزمی دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوت و چۆنیەتی ڕێکخستنی داهاتەکانی لەخۆ گرتبوو، بگرە ئەمە مەترسییە بۆ سەر بودجە و مووچەی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، لە هەمووشی گرنگتر ناکۆکییە دەستوورییەکانە کە زیاتر لە چوار خاڵدا لەگەڵ دەقی دەستوور یەك ناگرێتەوە، کە گرنگترینیان ماددەی ٦٢ ی دەستوورە لە خاڵی یەکەم و دووەمدا ئاماژە بەوە دراوە حکومەتی فیدڕاڵی عێراق ڕەشنووسی یاسای بودجەی گشتیی عێراق و حیسابی خیتامیی کۆتایی بۆ پەرلەمان دەنێرێت بۆ دیراسەتکردن و پەسەندکردنی، بەڵام لێرەدا حیساباتی خیتامیی لەگەڵدا نییە، چونکە ساڵی ڕابردوو یاسای بودجە دەرنەچووە. لە خاڵی دووەمی ماددەی ٦٢ی دەستووری عێراقیشدا دەسەڵاتەکانی پەرلەمانی دیاری کردووە لە گواستنەوەی تەرخانکردنی پارەکان لە نێوان بەش و بابەتەکان و کەمکردنەوەی خەرجییەکان، لە حاڵەتی زیادکردنی هەر بەند و بڕگەیەکدا دەبێت ڕەشنووسی پرۆژە یاسای بودجەکە بگەڕێندرێتەوە بۆ حکومەت، ئەمەش دەری دەخات کە ئەم گۆڕانکارییانە نە لەگەڵ ماددەکانی دەستوور یەك دەگرێتەوە، نە لەگەڵ ڕێککەوتنی لایەنە سیاسییەکانی هاوپەیمانێتیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و، نە لەگەڵ دەقی خاڵەکانی ڕێککەوتنەکەی نێوان هەر دوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدڕاڵ، لە وەرەقەی ڕێککەوتنی نێوان لایەنە سیاسییەکانی پێکهێنانی هاوپەیمانێتیی

**ڕەنگە هەموو ئەم ڕێککەوتن و خواست و ویستانەی کە لە بەرژەوەندیی خەڵکی عێراق و کوردستاندایە، نەچێتە خانەی بەرژەوەندیی هەندێک لایەنی سیاسی و پەرلەمانتار و گرووپی چەکداری و تەنانەت لایەنی ئیقلیمیشەوە**

بەڕێوەبردنی دەوڵەت ئاماژە بەوە کراوە کە سەرجەم کێشە هەڵپەسێردراوەکان ڕوو لە چارەسەرکردن بکات و، هیچ کێشەیەك ئاڵۆز نەکرێت و پەیوەندییەکان ئاسایی بکرێنەوە و پارێزگاری لە سەقامگیری و ئارامیی بارودۆخەکە بکرێت، بەداخەوە ڕەنگە هەموو ئەم ڕێککەوتن و خواست و ویستانەی کە لە بەرژەوەندیی خەڵکی عێراق و کوردستاندایە، نەچێتە خانەی بەرژەوەندیی هەندێك لایەنی سیاسی و پەرلەمانتار و گرووپی چەکداری و تەنانەت لایەنی ئیقلیمیشەوە، بۆیە هەرکاتێك لە چارەسەرکردن و ئاساییبوونەوەی دۆخەکە نزیك دەبینەوە، کەسانێك بە پاڵپشتیی ئەجندەی دەرەکی ڕیسەکەمان لێ دەکەنەوە بە خوری.

*** گەڕانەوەی پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم کە بەهۆی بڕینی بودجە و نەناردنی پشکی هەرێمی کوردستان بە ناچاری جێبەجێ کرا، تا چەند داواکارییەکەی جێگری دووەمی پەرلەمان بەوەی حکومەتی عێراق مادام ئەو بڕگەیەی زیاد کردووە، دەبێت بڕی پارەی دیاریکراویشی بۆ دابنێت، ئەمە تا چەند لە ڕووی واقیعییەوە گونجاوە؟**

- بڕگەی یەکەمی تەعدیلاتەکانی لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق لە بودجە یەکلاکردنەوەی حیساباتەکانە لە نێوان هەرێم و ناوەند، هەر لە ساڵی ٢٠١٤ تاکو ٢٠٢٢ خۆ ئەگەر ئەم بڕگەیە لە یاسای بودجەی گشتیی عێراقدا جێبەجێ بکرێت، ئەوا جیاوازییەکی زۆر لە بەرژەوەندیی هەرێم بەدەست دەهێنرێت و بەشی دانەوەی هەموو ئەو قەرز و پاشەکەوتە بەزۆرەملێیەی مووچەخۆرانیش دەکات، ئەم بڕگەیە لە لایەن هەریەك لە دیوانی چاودێریی دارایی فیدراڵی و دیوانی چاودێریی دارایی هەرێم کاری لەسەر کراوە.

*** ئەی ناکۆکی لەسەر پشکی هەرێم و پارێزگاکان چۆن چارەسەر دەکرێت؟**

- لە هەردوو ماددەی ١١٢ بڕگەی یەك و ١٢١ بڕگە سێ بەپێی ئەم دوو ماددەیە ئەرکی سەرشانی حکومەتی فیدراڵییە بودجەی تەرخانکراو بۆ هەرێم و پارێزگاکان بنێرێت، بەپێی چڕیی دانیشتووانەکەی و بە ڕەچاوکردنی پارێزگاکانی زیانیان بەرکەوتووە لە مومارەسەکانی ڕژێمی پێشوو، یان زیانەکانی شەڕی داعش بێ ئەوەی هیچ مەرجێك دانرێت، کەچی حکومەتی عێراق نەوتەکەی هەرێمیشی خستووەتە ژێر دەستی خۆیەوە و هێشتا دوو مەرجی لە لیژنەی دارایی لەسەر هەرێم داناوە بۆ ئەوەی پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجە بنێرێت، ئەویش بەرهەمهێنانی ٤٠٠ هەزار بەرمیل نەوتە ڕۆژانە لەگەڵ ناردنی سەرجەم داهاتە نانەوتییەکان، لە کاتێکدا لەسەر ئەم خاڵەی دوایی ڕێك نەکەوتووین، تەنانەت لە بواری هەناردەکردنی نەوتیشدا ئەوەتا لە ٢٥ی ئاداری ڕابردووەوە نەوتی هەرێم ڕاوەستاوە، ڕاوەستانی هەناردەکردنی نەوت بۆ لایەنی تورکی دەگەڕێتەوە، نەوەکو لایەنی ئێمە لە هەرێمی کوردستان، لە ڕووی یاسایشەوە لە مانگی نیسانەوە هەناردەکردنی نەوت و فرۆشتنی ئەرکی سەرشانی کۆمپانیای سۆمۆیە کە نەیتوانیوە لایەنی تورکی قەناعەت پێ بکات و ئەم پرۆسە گرنگەی هەناردەکردنی نەوت دەست پێ بکاتەوە.

*** وەکو پسپۆڕ و شارەزایەکی نەوتی و ئابووری و دارایی، بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی عێراق چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

- هەڵسوکەوت و مامەڵەکردنی دادگای فیدراڵی عێراق لە بابەتی نەوت و گاز و مەسەلە پەیوەندارەکانی هەرێمی کوردستان و پشتگوێخستنی ماددە دەستوورییەکانی دیکەی وەکو ماددەی ١٤٠ و میلیشیاتە چەکدارەکان و گەندەڵیی گەورە لە عێراقدا هەمووی جێگەی پرسیار و گومانە، هەرچۆنێك بێت لە دوای بڕیاری نادەستوورییەتی درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمانی کوردستان ڕێز لە بڕیارەکەی دەگرین، بەڵام ئەی نابێت میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی گرفتەکەش دیاری بکات؟ لەگەڵ هەموو ڕەخنە و تێبینیەکانمان ڕەنگە ئەم بڕیارە ماوەی جێبەجێکردنی هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان نزیك بخاتەوە، کە سەرۆکایەتی هەرێم لە مانگی ١٢ی ساڵی ڕابردووەوە ماوەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی دیاری کردووە، بەڵام بڕیارەکانی ئەم دادگایە دژی هەرێمی کوردستان بێ دۆزینەوەی چارەسەر دۆخەکە زۆر بە خراپی ئاراستە دەکات.

**لە هەردوو ماددەی ١١٢ بڕگەی یەک و ١٢١ بڕگە سێ بەپێی ئەم دوو ماددەیە ئەرکی سەرشانی حکومەتی فیدراڵییە بودجەی تەرخانکراو بۆ هەرێم و پارێزگاکان بنێرێت**

**حکومەتی عێراق نەوتەکەی هەرێمیشی خستووەتە ژێر دەستی خۆیەوە و هێشتا دوو مەرجی لە لیژنەی دارایی لەسەر هەرێم داناوە بۆ ئەوەی پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجە بنێرێت، ئەویش بەرهەمهێنانی ٤٠٠ هەزار بەرمیل نەوتە ڕۆژانە لەگەڵ ناردنی سەرجەم داهاتە نانەوتییەکان**

**لە مانگی نیسانەوە هەناردەکردنی نەوت و فرۆشتنی ئەرکی سەرشانی کۆمپانیای سۆمۆیە کە نەیتوانیوە لایەنی تورکی قەناعەت پێ بکات و ئەم پرۆسە گرنگەی هەناردەکردنی نەوت دەست پێ بکاتەوە**

دیمانەی تایبەت

جۆشوا لاندیز پرۆفیسۆری مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە بەشی دیراساتی نێودەوڵەتی و بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە زانکۆی ئۆکلاهۆما، وانەبێژی چەندین بواری گرنگە، وەك پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، ئیسلامی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کۆمەڵگە و کەلتووری ئەم ناوچەیە. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ ئەنجام دا، کە تەوەرە سەرەکییەکانی پەیوەست بوون بە پێشهاتەکانی ئەم دواییە لە پەیوەندی بە سووریا و بە دیاریکراوی گەڕانەوەی ئەم وڵاتە بۆ نێو کۆمکاری عەرەبی و چەند پرس و بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار.

پرۆفیسۆر جۆشوا لاندیز بۆ گوڵان:

# گەڕانەوەی سووریا بۆ کۆمکاری عەرەبی سەرکەوتنە بۆ دیمەشق



*** ئاشکرایە بەم دواییە گەڕانەوەی سووریا بۆ نێو کۆمکاری عەرەبی مشتومڕێکی زۆری لێ کەوتەوە و هەڵوێستی جیاوازی لە ئاستدا دەربڕدرا، وەك كەسێكی شارەزای كاروباری ئەو وڵاتە چۆن لەم پەرەسەندن و پێشهاتە دەڕوانن و پێتان وایە هۆكار و پاڵنەری نەرمبوونی كۆمكاری عەرەبی لە ئاست سووریادا چییە؟**

- لە ڕاستیدا چەند پرس، یان چەند هۆكار و پاڵنەر هەن لەم ڕووەوە، کە پێم وایە لە هەموویان گرنگتر– هەروەك وەزیری دەرەوەی وڵاتی ئەردەنیش ڕایگەیاند- ئەوەیە کە چیتر نەدەکرا ئەم بارودۆخەی ئێستا بەم شێوەیە بەردەوام بێت و چاوەڕێی ئەوەی لێ بکرێت، دەرئەنجامێکی ئەرێنی لێ بکەوێتەوە، بە پێچەوانەوە بارودۆخەکە بە ئاراستە و ئاقارێکی خراپدا گوزەری دەکرد، هەم لە ڕووی دۆخی ئاوارە و پەنابەرە سوورییەکانەوە و هەم لەو ڕوانگەیەشەوە کە ئێران پتر جێ پێی خۆی لەو وڵاتەدا پتەوتر دەکرد، لەبەر ئەم هۆکارانە پێم وایە عەرەبستانی سعودیە ئەم هەڵوێستەی وەرگرت، کە ئەمە کارێك بوو وڵاتانی وەك ئیمارات و ئەردەن پێشتر خوازیاری ئەوە بوون ئەنجامی بدەن. هەروەها نابێت لەم ڕووەوە گرنگیی ڕێککەوتنی ئاشتی و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و عەرەبستانی سعودیە کە بە هاوکاری و ناوبژیوانیی چین ئەنجام درا و هاتە ئاراوە لەبەرچاو نەگرین، گرنگیی ئەم ڕێککەوتنەش لەو ڕاستییە سەرچاوە دەگرێت کە هەر کاتێك عەرەبستانی سعودیە پەیوەندیی ئاشتی لەگەڵ ئێراندا بەرپا بکات، یان لە پێگەیەکدا بێت کە لەگەڵ ئێراندا گفتوگۆ بکات، ئەوا یەکێك لە بابەت و تەوەرەکانی گفتوگۆی نێوانیان بریتی دەبێت لە دۆخی سووریا.

**هەر كاتێک عەرەبستانی سعودیە پەیوەندیی ئاشتی لەگەڵ ئێراندا بەرپا بكات، یان لە پێگەیەكدا بێت كە لەگەڵ ئێراندا گفتوگۆ بكات، ئەوا یەكێک لە بابەت و تەوەرەكانی گفتوگۆی نێوانیان بریتی دەبێت لە دۆخی سووریا**

**سەپاندنی ئەم سزایانە ڕێگایەک نییە بۆ ئەوەی بەشار ئەسەد بهێنرێتە بەردەم دادپەروەری، بەڵکو مایەی ستەم و نادادیین بۆ خەڵکی سووریا**

**ئەم گەڕانەوەیە ئەگەری ئەوەی هەڵگرتووە کە وڵاتە عەرەبییەکان کار لەسەر ئەوە بکەن، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپاش دەست بە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان بکەن لەگەڵ دیمەشقدا**

**کەمەوە پێویستە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سزاکانی پەیوەست بە یاسای قەیسەر بە سەر سووریادا جێبەجێ نەکات، چونکە بە پێی ئەم یاسایە هەر کۆمپانیایەک کار بکات لە سووریادا ڕووبەڕووی سزا دەبێتەوە**

**کۆنگرێسی ئەمریکا لە سەروبەندی ئەوەدایە کە یاسایەک دەر بکات، بەوەی کە هەر بازرگان و بزنێسکارێکی عەرەبی، یان تورکی بە بەهای پتر لە ٥٠ هەزار دۆلار وەبەرهێنان و بزنێس بکات لە سووریا، ئەوا ڕووبەڕووی سزا دەبێتەوە لەلایەن ئەمریکاوە**

*** بەڵام ئایا دەکرێت بڵێین ئەم ڕێککەوتنە دەرگای بنیادنانەوە و ئاوەدانکردنەوە لە سووریا دەکاتەوە، بە دەربڕینێکی دیکە ئایا ئەم ئاساییبوونەوەیە لە ئاستی سیاسیدا دەگۆڕێت بۆ ئاوەدانییەکی ئابووری و کەمێك لە بارگرانیی ژیان و گوزەرانی خەڵکی سووریا کەم دەبێتەوە، بەتایبەتی ئەگەر ئێمە ئەوە لەبەرچاو بگرین کە چەندین سزا بەسەر سووریادا سەپێندراوە، ئایا ئەگەری لابردنیان هەیە؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین کە سزا سەپێندراوەکان بە سەر سووریادا مایەی ئازارگەیاندنن بە گەلی ئەو وڵاتە، بە واتایەکی دیکە سەپاندنی ئەم سزایانە ڕێگایەك نییە بۆ ئەوەی بەشار ئەسەد بهێنرێتە بەردەم دادپەروەری، بەڵکو مایەی ستەم و نادادیین بۆ خەڵکی سووریا.

*** ئەگەر باس لە حکومەتی سووریا بکەین، ئەوا ئاشکرایە کە سەرەڕای شەڕێکی خوێناوی ناوخۆیی لەو وڵاتەدا و سەرهەڵدان و دروستبوونی چەندین گرووپی بەرهەڵستکار، بەڵام دواتر ئەم دەسەڵاتە توانیویەتی بەردەوام بێت و بەشار ئەسەد بمێنێتەوە، ئایا ئەم گەڕانەوەیەی سووریا بۆ کۆمکاری عەرەبی بە سەرکەوتنێکی ستراتیژی دادەنرێت بۆ دیمەشق؟**

- بەڵێ، بە دڵنیاییەوە ئەمە سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ دیمەشق. چونکە ڕاستە ئەمە سەرەتایە، بەڵام خۆی لە خۆیدا ئەم گەڕانەوەیە ئەگەری ئەوەی هەڵگرتووە کە وڵاتە عەرەبییەکان کار لەسەر ئەوە بکەن، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپاش دەست بە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان بکەن لەگەڵ دیمەشقدا. لەم ڕوانگەیەوە پێم وایە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپا لە بەردەم بڕیارێکی زۆر سەخت و دژواردان، چونکە عەرەبستانی سعودیە و ئیمارات و وڵاتانی دیکەش دەیانەوێت کار لەگەڵ سووریادا بکەن لە پێناو دووبارە بنیادنانەوە و ئاوەدانکردنەوەی ئەو وڵاتە و بۆ ئەوەی دووبارە کارەبا بۆ وڵاتەکە دەستەبەر بکرێتەوە و باروگوزەرانی خەڵکی سووریا بەرەو باشتر هەنگاو هەڵبگرێت، ئەویش لە پێناو زەمینەسازکردن بۆ گەڕانەوەی ئاوارە و پەنابەرە سوورییەکان بۆ وڵاتی خۆیان و بۆ ئەوەی چیتر قاچاخچێتی بە ماددە هۆشبەرەکانەوە نەکرێت لەو وڵاتەدا، نەهێشتنی ئەم بازرگانییە نامەشرووعە پێویستی بەوەیە دەرفەت بۆ بازرگانیی مەشروع بڕەخسێندرێت و گەڕانەوەی ئاوارەکانیش پێویستی بە هەڵگرتنی سزا سەپێندراوەکانە بەسەر ئەم وڵاتەدا. یان بەلای کەمەوە پێویستە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سزاکانی پەیوەست بە یاسای قەیسەر بە سەر سووریادا جێبەجێ نەکات، چونکە بە پێی ئەم یاسایە هەر کۆمپانیایەك کار بکات لە سووریادا ڕووبەڕووی سزا دەبێتەوە. هەرچۆنێك بێت، ئەمە ڕێگایەکی دوور و درێژ و درێژخایەنە. مەبەستم ئەوەیە ئەگەر بەشار ئەل ئەسەد ئومێدێکی هەبێت بۆ هەڵگرتنی سزاکان لە سەری، ئەوەیە کە وڵاتە عەرەبییەکان هەر کاریگەری و دەستڕۆیشتوویەك کە هەیانبێت لە ئاست ئەمریکا و وڵاتە ئەورووپییەکاندا لە بەرژەوەندیی سووریا بە کاری بهێنن.

*** بەڵام کاردانەوە و هەڵوێستی فەرمیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئاست ئەم گەڕانەوەیەدا دەربڕینی ناڕەزایەتی بوو و تەنانەت ئەمریکا ڕایگەیاند سووریا شایستە نییە کە دووبارە بگەڕێتەوە بۆ نێو کۆمکاری عەرەبی، ئایا ئەمە ئومێدی سووریا لاواز ناکات بۆ هەڵگرتنی سزاکان؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەمریکا بەرهەڵستیی ئەوەی کرد سووریا بگەڕێتەوە بۆ نێو کۆمکاری عەرەبی، چونکە کۆنگرێسی ئەمریکا لە سەروبەندی ئەوەدایە کە یاسایەك دەر بکات، بەوەی کە هەر بازرگان و بزنێسکارێکی عەرەبی، یان تورکی بە بەهای پتر لە ٥٠ هەزار دۆلار وەبەرهێنان و بزنێس بکات لە سووریا، ئەوا ڕووبەڕووی سزا دەبێتەوە لەلایەن ئەمریکاوە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئاستەنگ و پێکدادانێك دروست دەکات، یان با بڵێین وڵاتانی عەرەبی و وڵاتی تورکیا دەخاتە باری ناکۆکییەوە لەگەڵ ڕۆژئاوادا لەبارەی پرسی سووریاوە و لە ڕاستیدا زاڵبوون و تێپەڕاندنی ئەم دژواری و ئاستەنگانەش کارێکی زەحمەت دەبێت.

*** ئەگەر باس لە بارودۆخی ناوخۆ و بە دیاریکراوی پرسی پەیوەست بە ئۆپۆزسیۆنی**



**سووریاوە بکەین، هەروەها باس لە پرسی کورد لەو وڵاتەدا بکەین، ئایا دەکرێت بڵێین دوای ئەم ڕێککەوتنە ئەو گرووپانەی بەرهەڵستکار بۆ چارەنووسی خۆیان جێهێڵدراون؟**

- ئەوەی لەم ڕووەوە لە ئارادایە ئەوەیە کە ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن بەڵێنی داوە کە لە سووریا نەکشێتەوە و باکووری ڕۆژهەڵاتی ئەو وڵاتە جێ نەهێڵێت، کە پێم وایە ئەمە لە بەشێکیدا پەیوەستە بەوەی کە لە ئەفغانستاندا ڕووی دا، واتە ئەو دەرئەنجامەی دوای کشانەوەی ئەمریکا لە ئەفغانستاندا ڕووی دا، بووەتە هۆی ئەوەی سەرۆك بایدن نەیەوێت پاشەکشە لە سووریا بکات، چونکە بە دڵنیاییەوە بۆی هەیە و ئەگەری ئەوە لە ئارادایە کە هەلومەرجێکی هاوشێوە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریادا بێتەئاراوە و دروست ببێت. چونکە ئەگەر ئەمریکا بکشێتەوە، ئەوا دەبێت سەرکردەکانی ئەوێش بە چەشنی سەرکردەکانی ئەفغانستان بڕۆن، چونکە ئەو کاتە بەوە تۆمەتبار دەکرێت کە ناپاکییان لەگەڵ حکومەتی بەشار ئەل ئەسەددا کردووە. ئەمەش هەواڵێکی ناخۆش دەبێت بۆ کورد، چونکە تا ئێستا کورد لەو وڵاتەدا نەوتیان بە دەستەوەیە و بەهرەمەند بوون لە پارێزگاریی ئەمریکا، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە تا دێت ئەم پارێزگارییە کەم و لاوازتر دەبێت، چونکە تورکیا سەرقاڵی لە ناوبردنی سەرکردەکانیانە و ئەمریکاش لەم ڕووەوە هیچ ڕێکارێك ناگرێتەبەر، یان بەلای کەمەوە هیچ ڕێکارێکی نەگرتووەتەبەر کە لای ئێمە ئاشکرا بێت. هەموو ئەمانە پێمان دەڵێت کە حاڵی حازر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تا ڕادەیەك خۆی لە دۆخەکە بە دوور دەگرێت و پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیادا لە ئاستێکی باڵا و بڵندتردا ڕادەگرێت بە بەراورد بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ کوردی سووریادا، ئەمەش هەواڵێکی خراپە بۆ کوردی ئەو وڵاتە.

*** ئەی چۆن لە ئایندەی پەیوەندییەکانی سووریا و تورکیا دەڕوانیت؟**

- بە تێڕوانینی من سووریا هەوڵ دەدات پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیادا ئاسایی بکاتەوە و بە چەشنێك ئەم پەیوەندییانە بگەنە باری پێشوو، ئەمەش بە واتای ئەوە دێت کە ڕێز لە ڕێککەوتنی ئەدەنە (ڕێککەوتنی سووریا و تورکیا لە ساڵی ١٩٩٨) بگیرێت.

**ئەو دەرئەنجامەی دوای کشانەوەی ئەمریکا لە ئەفغانستاندا ڕووی دا، بووەتە هۆی ئەوەی سەرۆک بایدن نەیەوێت پاشەکشە لە سووریا بکات**

**سووریا هەوڵ دەدات پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیادا ئاسایی بکاتەوە و بە چەشنێک ئەم پەیوەندییانە بگەنە باری پێشوو**



## کەنار بێباک:

# دایکایەتی وێڕای ماندوو بوون و ئەرکە قورسەکەی چێژێکی تایبەتی هەیە

کەنار بێباك خانمێکی نابینایە بەڵام لە چاوساغێك زیاتر دەستی بە ژیانەوە گرتووە و لق و پۆپی زۆر لە هێز و توانای بوونەتەوە، ئەو هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسە لە کۆمەڵناسی و توێژەری کۆمەڵایەتییە لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیی سلێمانی، کە سەر بە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتییە، بێژەرە لە دەنگی کوردستان، ماوەی شانزە ساڵە لە ڕۆژنامە و وێبسایت و ماڵپەڕە جیاوازەکان و لە تەلەڤزیۆن و لە ڕادیۆ و گۆڤار کاری کردووە، هاوکات شیعر دەنووسێت و شیعری بۆ چەندین گۆرانیبێژ داناوە. لە دیمانەیەکی لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باس لەو قۆناغانە دەکات کە بۆی سەخت و دژوار بوون، بەڵام کۆڵی نەداوە.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



کەنار بێباك لە ١٩٩١/٣/٢٦ لە سلێمانی لەدایك بووە، وەك خۆی باسی دەكات لە تەمەنی هەشت ساڵیدا بیناییم لەدەست داوە، کە ئەوکات لە پۆلی دووی سەرەتاییدا بووە. لە دوای ئەو ڕووداوە نەخوازراوە، ئاریشەکانی ژیانی ڕووبەڕووی دەبنەوە و بەم جۆرە باسی زاڵبوون بەسەر گرفتەکان و سەرکەوتنەکانی ژیانی دەکات: «دوای ئەوەی بینایی چاوەکانم لەدەست دا، چوومەتە پەیمانگەی ڕووناکی بۆ نابینایان و لە سەرەتای خوێندنەوە دووبارە دەستم پێ کردەوە، خوێندنی سەرەتاییم لەو پەیمانگەیە تەواو کردووە. پاشان چوومەتە بەشی کۆمەڵناسی لە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی و ئێستا بڕوانامەی بەکالۆریۆسم لە کۆمەڵناسی هەیە. توێژەری کۆمەڵایەتیم، بۆ ماوەی شانزە ساڵە بێژەرم لە دەنگی کوردستان. لە ڕۆژنامە و وێبسایت و ماڵپەڕە جیاوازەکان، لە تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ کارم کردووە، لە هەفتەنامەی بارزانی و لە گۆڤاری گوڵانیش کارم کردووە.

لە ساڵی ٢٠٠٦ نامیلکەی خەیاڵ بارانم بڵاو کردووەتەوە، کە یەکەمین نامیلکەی چاپکراومە. لە سەرەتای ٢٠٠٥ ئیلهام و شیعرم هەردووکیم بە یەکەوە دەست پێ کردووە.

ساڵی ٢٠١٠ خەڵاتی یەکەمم لە فیستیڤاڵی گەلاوێژ بۆ شیعر بەدەست هێناوە . دەیان خەڵاتی جیاوازی دیکەشم پێ بەخشراوە، کۆڕم لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستان ئەنجام داوە. خولی ڕاهێنەری ڕاهێنەرانم تەواو کردووە».

کەنار بێباك سەبارەت بە ڕاهێنانەکانی دەڵێت: «ڕاهێنەرم لە بواری راهێنانی کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت و وەکو چالاکی سەربەخۆ کارم لە بواری دەستەبەری مافەکانیان کردووە. بەشداریی دەیان کۆرس و خول و سیمیناری جیاوازم کردووە.

ساڵی ٢٠١٣ ژیانی هاوسەریم پێکهێناوە، کوڕەکەم ناوی نامییە، کچەکەم ناوی نەوایە».

سەبارەت بە هۆنراوەکانیشی گوتی: «بەشێکی زۆر لەو شیعرانەی نووسیومن، لەلایەن هونەرمەندانەوە کراون بە گۆرانی. لە بواری مۆسیقاش من خاوەنی سروودێکم بۆ وەتەن کە ئاواز و تێکستی خۆمە، سروودی تایبەت بە زمانی ئاماژە بۆ نابیستانم هەیە، یەکێکم لە قوتابییەکانی سەلام ڕەشیدی ئاوازدانەر و مۆسیقاژەن. سەرەتا لەسەر ئامێری میلۆدی کاف فێر بووم و دواتر چوومە سەر ئامێری ئۆرگ. جیاوازییەکم هەبوو لەگەڵ هاوڕێکانم کە منداڵێکی کراوە بووم، لە سەرەتاییەوە خەریکی چوونە فیستیڤاڵ و کۆرس و هتد... بووم. دواتر لە ماڵەوە ئەو کاتانەی تەنیا بوومایە، لاسایی بێژەر و پێشکەشکارەکانم دەکردەوە. حەزم پێی بوو، زۆر دیقەتم دەدا کە ئەوان چی دەکەن. ترسم لە کامێرا و مایك نەبووە، بە سرووشتی وا بووم، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٤ باوکمم لەدەست دا ، کە هەتا لە ژیاندا مابوو، پشتیوانی گەورەم بوو. ئەوە گەورەترین تاڵیی ژیانی رابردوومە. یەکێك لە ئاواتەکانم ئەوەیە کە ئەگەر ڕۆژێك لە رۆژان بیانییم بۆ بگەڕێتەوە حەز دەکەم جەنابی سەرۆك ببینم، زۆر بە کەسایەتی و مێژووەکەی سەرسامم».

کەنار بێباك سەبارەت بە ئەرکی دایکایەتی دەڵێت:«بۆ هەر ئافرەتێك کە خاوەنی کار و چالاکی بێت دایکایەتی ئاسان نییە، لە یەك کاتدا وەکو پێویست ڕۆڵ ببینی دەبێ هاوسەرێکی چاك بی دایکایەتی بکەی و بۆ خوشك و براکانت خوشکایەتی بکەیت، ئەمەش پەیوەستە بەوەی کە چۆن ئیدارەی دەدەیت، من بەشبەحاڵی خۆم ڕۆژانی هەینی و شەممە زیاتر خۆم بۆ ماڵ و خێزان و منداڵەکانم تەرخان دەکەم، دایکایەتیم بۆ یەکەم منداڵ ئاسان نەبوو، دووەم منداڵ زۆر باشتر بووم، دایکایەتی وێڕای ماندوو بوون و ئەرکە قورسەکەی چێژێکی تایبەتی هەیە، ئەوەندەی دایك بۆ منداڵ بە خەمە ئەوەندە بۆ خۆی بە خەم نییە، لە وێوە دایکایەتی خۆتت لێدەسەنێتەوە و دەبی بە هی ئەوان.

**دوای ئەوەی بینایی چاوەکانم لەدەست دا، چوومەتە پەیمانگەی ڕووناکی بۆ نابینایان و لە سەرەتای خوێندنەوە دووبارە دەستم پێ کردەوە**

**لە ڕۆژنامە و وێبسایت و ماڵپەڕە جیاوازەکان، لە تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ کارم کردووە، لە هەفتەنامەی بارزانی و لە گۆڤاری گوڵانیش کارم کردووە**

**لە ساڵی ٢٠٠٦ نامیلکەی خەیاڵ بارانم بڵاو کردووەتەوە، کە یەکەمین نامیلکەی چاپکراومە**

**ساڵی ٢٠١٠ خەڵاتی یەکەمم لە فیستیڤاڵی گەلاوێژ بۆ شیعر بەدەست هێناوە**

# گەنگەشەی پرسی بەشداریی ئافرەت لە کایەی سیاسی و حوکمڕانیدا



ئەگەرچی ئاستی بەشداریی ئافرەت لە کایەی سیاسی و حوکمڕانیدا بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو وەرچەرخانێکی گەورەی تۆمار کردووە، بەڵام کەمیی بەشدارپێکردنی ئافرەت لە بڕیاری سیاسیدا، جێگەی پرسیار و هەڵوەستە لەسەر کردنە، لە کاتێکدا ڕێژەیەك ئافرەتی بەتوانا لەو مەیدانەدا بوونیان هەیە. بەهۆی ئەو ڕێژە کەمەی ئافرەتان لە پرۆسەی سیاسی و پرۆسەی حوکمڕانیدا، چالاکانی بواری مافی ئافرت جەخت لەوە دەکەنەوە، دەسەڵاتی سیاسی و کۆی پرۆسەی حوکمڕانی نەیتوانیوە سوودێکی هێجگار باش لە سەرمایەی مرۆیی(٥٠٪ی کۆمەڵگە)ی کوردستان وەربگرێت، کە ئەویش توانا و لێهاتوویی ئافرەتانی کوردستانە، بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان زیاتر شەن و کەوی ئەو پرسە گرینگە دەکەن.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



«بازنەی گفتوگۆ» بزاڤێکی ڕۆشنبیری و زانستی و کەلتووریی گشتگیرە و، پرۆژەیەکی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و مانگانە بابەتێك دەخاتە بەردەم گفتوگۆ و گەنگەشەی ئەکادیمیست و پسپۆڕان و زانایان، هەر جارەو پەنجە دەخرێتە سەر ئەو بابەتانەی کە پەیوەستن بە ژیانی تاك و پێویستییان بە ڕێگەچارەی باشتر هەیە، ئەویش لە ڕێگەی ڕاپرسی و گەڕان بە دوای کرۆکی کێشەکان و دواجار دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو. تاوەکو ئێستا پێنج زنجیرەی گفتۆگۆ ئەنجام دراون و، بازنەی گفتۆگۆش بەردەوامی هەیە و، کۆی گفتوگۆکان لە گۆڤاری گوڵان بڵاودەکرێنەوە. ئەڵقەی دووەمی «بازنەی گفتوگۆ»، بۆ گفتگۆکردن لەسەر «ڕۆڵ و بەشداریی ئافرەتان لە کایەی سیاسیدا» تەرخان کرا. کۆسپەکان و ڕێکارەکانی چارەسەریشی زۆر بابەتییانە و ڕاشکاوانە خرانە ڕوو.


د. ماجید خەلیل :

**ئافرەتان لە پەرلەمان و پرۆسەی ژیانی دامەزراوەیی بەشدارن، بەڵام هێشتا بەخسیری کەلتووری کۆتا و کردەی سەدەقەپێکردنی سیناریۆکانی پیاوسالارین**

بەڵام سەبارەت بە تەوەری ئەم ڕاپۆرتە، سەرەتا د. ماجید خەلیل مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی، باسی ئەوە دەکات کە: «ئاستی بەشداریی ئافرەتی کورد لە بواری سیاسیدا، هێشتا لە بەردەم لۆژیکێکی تەنراوە بە تێڕامانی خێڵەکی و خەسڵەتی پیاوسالاریدایە، هێشتا نەریت نایەوێ ناسنامەی ژنبوون، بە ئاقارێکی ئازادانەدا هەنگاو بنێت، بۆیە ئەو هەوڵانەی هێزە سیاسییەکان بۆ بەشداریی ژن خستوویانەتە گەڕ، هێشتا ناتوانن نومایانی ڕاستەقینەی ئافرەت بن. بۆیە پێمان وایە خەباتی پارتایەتی لە باشووری کوردستاندا نەیتوانیوە دونیابینی و دەستی دەربەگایەتی و کەلتووری کۆنسەرڤاتیزم بشکێنێتەوە و ئافرەتان ئاڵنگاریی واقیعی ئەمڕۆی خۆیان بن».

هاوکات دەڵێت: «لێرەدا ئەوەی کە هەیە وێنەیەکی ساختەی ئافرەتە، ئافرەت ئامرازە، بەتایبەت لای هێزە بناژۆ ئایینییەکان، کە لە کایەکەدا بوونیان هەیە، بەڵام بوونێکی دەربڕی واقیعی ئافرەت نییە. هاوکات ئافرەتان لە پەرلەمان و پرۆسەی ژیانی دامەزراوەیی بەشدارن، بەڵام هێشتا بەخسیری کەلتووری کۆتا و کردەی سەدەقەپێکردنی سیناریۆکانی پیاوسالارین. بۆیە باشووری کورستان بەراورد بەوەی بناغەیەکی پتەوی کۆمەڵایەتی دەرهەق بە مافی ئافرەتان هەیە، هێشتا ئەو بناغەیە بینای ئەوەی لەسەر ناکرێ کە ساباتێکی سیاسیی وەهابێت، کە بەشداریی ئافرەت لە سیاسەتدا بێ کێشە بهێڵێتەوە».


دهۆك بەرۆژی:

**خەباتی ئافرەتان پێویستە بەردەوام بێت لە پێناو گۆڕینی ئەو ڕوانگە خراپەی کە بەرانبەر بەشداریی ژن لە کایەی سیاسی هەیە و ئەو بەشدارییە وەک جۆرێک لە خێرپێکردنە پێویستە کۆتایی پێ بهێنرێت**

دهۆك بەرۆژی بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان - لقی سۆران، سەبارەت بە هەمان پرس ڕای وایە: «بەشداریی ئافرەت لە کایەی سیاسیدا بریتییە لەو چالاکییانەی کە ئافرەت ئەنجامیان دەدات، لە پیادەکردنی مافە سیاسی و شارستانییەکانی خۆی، وەك مافی دەنگدان و خۆکاندیدکردن بۆ ئەنجومەنەکانی نوێنەران و ئەنجومەنە خۆجێیەکان، هەروەها بەشداریکردنی لە سەندیکا و ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و ئازادیی ڕادەربڕین و یەکسانبوونیان لەگەڵ پیاوان لە بەردەم یاسادا». گوتیشی: «ئاشکرایە کە بنەمای یەکسانی یەکێکە لە گرنگترین بنەما سەرەکییە دەستوورییەکان کە هەموو ماف و ئازادییە گشتییەکانی لەسەر بەندە، لە نێوانیشیاندا مافی سیاسی».

دهۆك بەرۆژی بەربەستەکانی بەردەم کاری سیاسیی ئافرەتان بەم جۆرە خاڵبەندی دەکات:

- سەروەربوونی ئەو چەمکانەی کە دژی مافی ئافرەتن و ئەو دابونەریتانەی لە کۆمەڵگەدا باون و دژی کاری سیاسیی ئافرەتانن.
- زاڵبوونی پیاو و ڕوانگەی پیاوسالاری بەسەر کایە و جومگەکانی دەوڵەت و دامەزراوەکان و ئابووریی وڵات و قۆرخکردنی پلە و پۆستە باڵاکان لەلایەن پیاوانەوە.
- دابەشکردنی ڕۆڵە تەقلیدییەکان لە نێوان ژن و پیاو لە کاروبارە کۆمەڵایەتی و خێزانییەکاندا، کە هەمیشە ئافرەتان پشکی شێریان بەردەکەوێت لە پەروەردەی مندال و چاودێریی خێزان و بەڕێوەبردنی ماڵ.
- ڕۆڵی نەرێنیی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن ئەوانەی کە زیاتر لە ژێر کاریگەریی هزری پیاوسالاریدان، ئافرەتیان کردووەتە دیلی ئەو بۆچوونە هەڵانەی کە گوایە کەم توانان لە بەشداریی چالاکییە گشتییەکانی کۆمەڵگە و کاری ئەوان نییە.

ڕێکارەکانیشی بۆ پشتگیریی بەشداریی ئافرەت لە کاری سیاسیدا بەم جۆرە دەستنیشان کرد:

-گۆڕانکاری و گەشەپێدان بە پرۆگرامی حزبە سیاسییەکان بە جۆرێك کە یەکسانیی نێوان هەردوو ڕەگەز بپارێزرێت و پشتگیریی ئەندام و کادێری ئافرەتان بکرێت و مافە حزبی و سیاسیەکانیان پارێزراو بێت.
- کاری هاوبەش لەنێوان ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بکرێت کە بەرگری لە یەکسانیی ژن و پیاو لە مافەکانیاندا دەکەن.
- پێویستە لەسەر حکومەت پشتگیریی ئافرەتان بکات لە ڕووی ئابوورییەوە و سەرچاوەی داهاتیان دابین بکرێت.
- خەباتی ئافرەتان پێویستە بەردەوام بێت لە پێناو گۆڕینی ئەو ڕوانگە خراپەی کە هەیە بەرانبەر بەشداریی ژن لە کایەی سیاسی و سەیرکردنی ئەو

بەشدارییە وەك جۆرێك لە خێرپێكردن پێویستە كۆتایی پێ بهێنرێت.
ئەمانەو زۆر هەوڵی دیكەش كە هەوڵی نوێن، بۆ تێپەڕاندنی قۆناغی گواستنەوەی كۆمەڵگە لە لە بڕوانەبوون بە تواناكانی ژنان بۆ بڕوابوون و بەرجەستەكردنی تواناكانیان لە بواری بەڕێوەبردن و ناوەندەكانی بڕیار لە هەر سێ دەسەڵاتەكانی یاسادانان و جێبەجێكردن و دادوەریدا پێویستن».
مەریوان جەلال ڕەشید كارگێڕی لقی سێی پارتی دیموكراتی كوردستانە لە كەركووك، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «ئافرەت لە سەدەكانی ڕابردوودا خاوەن پێگە بووە و، تا ئاستێكی باش توانیویەتی بەرپەرچی زۆر دژایەتیی بداتەوە، واتە ئافرەت توانیویەتی لە ڕابردوودا لە ڕووی دابونەریت و ئازادییەكانەوە خۆی بسەلمێنێ و بگرە بەشداریی كایەی سیاسی كردوە و توانیویەتی ڕۆڵی سەركردەش ببینێت و بەشداریی شۆڕشەكان بكات و، شان بەشانی پیاو هەنگاو بنێت و پێشەنگ بێت، هەرچەندە مافەكانی ئافرەت لە پێشدا زەوت كرابوون و توندوتیژی بەرانبەریان دەكرا، بەڵام ئافرەتی كورد كۆڵی نەدا و توانی وەڵامی بەرانبەرەكەی بداتەوە و خۆی بنوێنێ و كۆتی پیاوسالاری بشكێنێ و بڵێ: منی ئافرەت نەبم لە ژیان، ئەوە تۆی پیاویش نابیت، هەروەها ئافرەتی كورد توانیویەتی ئەوە بسەلمێنێ كە ئافرەت تەنیا بۆ منداڵبوون و خزمەتكردن نییە، بەڵكو ئەوەی بە پیاو دەكرێت» بە ئافرەتیش دەكرێت و كردووشیەتی.
بەداخەوە لە نێو ئەدەبیاتی هەموو نەتەوەكان لە كۆندا ئافرەت وەكو ژێردەستە و كاڵایەك تەماشا كراوە، بۆیە خۆڕزگاركردن لەو دۆخە و خۆسەلماندنی وەكو مرۆڤ تا بتوانێت دەركەوێت، ئاسان نەبووە. تەنانەت تاوەكو ئەمڕۆش ئاستەنگ لە پێش ئافرەتدا هەیە، بەتایبەت لەكۆمەڵگە دواكەوتووەكاندا لە نێویانیشدا كۆمەڵگەی كوردی، هەرچەندە گەلی كورد تا ئاستێكی باش ئازادی تێدا بەدی كراوە و، چەندین شێرە ژن و ئافرەتی سەركردە و سیاسی و بگرە لە گشت بوارەكانی ژیاندا تێیدا هەڵكەوتووە و توانیویەتی ڕۆڵ ببینێت».
ئەو كادیرە سیاسییە جەختی لەوە كردەوە كە «ئێستا سەردەمی ئافرەتانە و ئافرەتی كورد پێشەنگە و بە هەموو توانایەكی خۆی هاتووەتە مەیدان و لە هەموو كایەكانی ژیان بەشدارە و بگرە لە زۆر بواردا لە پێش پیاودایە، كە ئەمە دڵخۆشكەرە و هەنگاوێكی گەورەیە بۆ ئازادیخوازان و دیموكراتخوازان و مژدەی گەشەسەندن و پەرەسەندنی ڕۆڵی ئافرەتی كوردە».
گوتیشی: «پێویستە ئافرەت بەردەوام بێت لە خەبات لەپێناوی گۆڕینی ئەو ڕوانگە خراپەی كە بەرانبەری هەیە و نابێت قبووڵ بكات وەكو خێرێك بەشداری پێ بكرێت لەكایەكاندا» بەڵكو دەبێت بە هاوتایی و یەكسانی بە مافی تەواوی خۆی بەشدار بێت»
لەم قۆناغەشدا پێویستە ئافرەتان خۆیان پاڵپشتی خۆیان بن، خۆش بەختانە ئافرەتی كورد ڕۆڵێكی باش و بەشدارییەكی كارای هەیە لە پرۆسەی سیاسیی عێراق و هەرێمی كوردستان و لە زۆربەی جومگەكانی بەڕێوەبردنی وڵات پێگەی هەیە و بەشدار و ئەكتیڤە و لە بەشێكدا لەپێش پیاوەوەن كە دەتوانین بڵێن سەركەوتووترن، ئەم پێشكەوتنەش بەرئەنجامی گەشەی دیموكراسی و ئازادی و هۆشیاریی تاكە لە هەمان كاتدا هێشتا پێویستە ئافرەت بێتە مەیدان و خەباتی زیاتر بكات، تا بە یەكسانی ڕاستەقینە لەگەڵ هاوبەشەكەیدا دەگات».
د. بەهزاد سەلیم مامۆستا لە زانكۆی پۆلیتەكنیكی هەولێر، سەرەتا باسی ئەوە دەكات كە «ئەگەر سەیری گوفتار و نووسین و دەربڕینی گەلانی تر لەبارەی ئافرەتی كورد بكەین، دەبینین بە ڕوونی باسیان لە ئازایەتی و زیرەكی و خەمخۆری ئافرەتی كورد لە پاراستن و بەڕێوەبردنی خێزان و نیشتمان و بەها پیرۆزەكانی نەتەوەی خۆیان كردووە و بە شۆڕشگێڕ و ئازا ناسراون. من پێم وایە كە ئەگەر پیاوی كورد وەك ژنانی كورد ئازایەتی و دڵسۆزی و وەفا و خۆشەویستییان بۆ گەل و خاك و نەتەوە هەبا، ئەوە زۆر لەمێژ بوو ئێمە خاوەن كیان و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمان بووین.» هاوكات گوتی: «ئەگەر بێت و باس لە ڕێژەی بەژداری و چالاكی ژنانی كورد لە كایەی سیاسی و كۆمەلایەتی بكەین. دەتوانم بڵێم كە ئافرەتانی كوردستان بەراورد بە وڵاتانی چواردەورمان لە كاروباری حكومەت و سیاسەتدا ئەوان بەشداری سیاسیان زیاترە. لە كوردستان ڕێژەیەكی زۆری ئافرەتان لە هەرەمی دەسەڵاتی حزب و حكومەتدان. ئەمەش نیشانەی تەندروستی بیركردنەوە و پابەندی تاكی كوردە بە بنەماكانی مافی مرۆڤ و دیموكراسیەت و گرنگیدان بە ژنان و دوركەوتنەوەیە لە عەقلیەتی پیاوسالاری و ژنكوژی و بەكەم زانینی ژنان. بەداخەوە لە كوردستان هێشتا كولتووری سەقەتی عەرەبی لە سەر هەندێ لە خانەوادەكان زاڵە كە ڕێگرە لە بەردەم دەركەوتن و كاركردنی ژنان لە كایە سیاسییەكاندا. پێویستە كولتوور و یاسایەك هەبێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو جۆرە كەس و ڕەفتارانە كە بە مەبەست و بە ئەنقەست دەیانەوێت وا لە ژنان بكەن كە نزیكی ژیانی ناو كۆمەڵگە و سیاسەت و كاركردنی سەربەخۆ نەكەون.



مەریوان جەلال ڕەشید:

**بەداخەوە لە نێو ئەدەبیاتی هەموو نەتەوەكان لە كۆندا ئافرەت وەكو ژێردەستە و كاڵایەک تەماشا كراوە، بۆیە خۆڕزگاركردن لەو دۆخە و خۆسەلماندنی وەكو مرۆڤ تا بتوانێت دەركەوێت، ئاسان نەبووە**



د. بەهزاد سەلیم:

**ئەگەر پیاوی كورد وەک ژنانی كورد ئازایەتی و دڵسۆزی و وەفا و خۆشەویستییان بۆ گەل و خاک و نەتەوە هەبا، ئەوە زۆر لە مێژ بوو ئێمە خاوەن كیان و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمان بوین**

### گەنجێک هاوکاری سەرکەوتنەکانی دایکییەتی:

# دایکم بەم کارەی شەش منداڵی پێگەیاند و هەر هەمووشمان زانکۆمان تەواو کرد



**زمناکۆ حەمەغەریب، گەنجێکی پڕ جوولەی شاری سلێمانییە، دوای تەواوکردنی قۆناغی زانکۆ لە پاڵ پیشەی مامۆستایەتی و وانەوتنەوە، هاوکات لە ڕابردوو و لە ئێستادا پاڵپشت و هاوکارێکی سەرسەختی دایکە پیشەوەرەکەیەتی، وەک خۆی باسی دەکات هەموو هەوڵێك بۆ سەرخستنی پڕۆژەکەی دایکی دەدات کە لە ئێستادا زۆربەی خانەوادەکە کاری تێدا دەکەن. زمناکۆ حەمەغەریب بەمجۆرە باس لە سەرکەوتنەکانی خانەوادەکەی لە بواری کار و بازاڕدا دەکات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**



زمناکۆ حەمەغەریب ساڵی ١٩٩١ لە شارەزوور لە دایك بووە، ساڵی ٢٠١٣ زانکۆی تەواو کردووە و بەکالۆریۆسی لە فیزیادا هەیە، ئێستاش لە ئامادەیی بنار لە شاری سلێمانی مامۆستایە.

زمناکۆ بەم شێوەیە باس لە ئەزموونی کارکردنی لەگەڵ دایکیدا بۆ خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان دەکات: «دایکم (فەوزیە خان) خەیاتێکی زۆر باش بوو، سەرەتا لە ماڵەوە کاری دەکرد، دەمزانی لە کارەکەیدا توانایەکی زۆر باشی هەیە، بۆیە هەمیشە دایکم هانم دەدا و پێم دەوت وەرە با کارەکەت گەورە بکەین، دواجار ساڵی ٢٠١٧ بڕیارمان دا، پڕۆژەکە گەورە بکەین و دەستمان پێ کرد، پڕۆژەکەمان ئێستا لە شاری سلێمانییە و بەرهەمەکانمان بۆ هەموو عێراق و تەنانەت دەرەوەی وڵاتیش دەنێرین.

دایکمان نزیکەی ٣٥ ساڵە کاری دروومان دەکات و حەزی بۆ کارەکەی زۆرە، دایکمان هەر چەند تووشی ئاوارەیی و دەربەدەری زۆر بووە و سەختی زۆری چەشتووە، بەڵام کۆڵی نەداوە و لە کارەکەی بەردەوام بووە، ئەم بەردەوامییەش هۆکاری سەرەکیی سەرکەوتنی کارەکەیەتی، پێموایە بەردەوامی گرنگترین شتە بۆ سەرکەوتنی هەر کار و پڕۆژەیەك، دایکم بەم کارەی شەش منداڵی پێگەیاند و هەر هەمووشمان زانکۆمان تەواو کرد. دەتوانم بڵێم لە ئێستادا زۆربەی ئەندامانی خێزانەکەمان لە پڕۆژەکەدا خەریکی کارکردنن، لە شوێنی کارەکەمان کە کارگەیەکی گەورەی دوورمانمان هەیە، ٧ کەسین جگە لەوەی چەند خانمێك لە ماڵەکانی خۆیانەوە هەندێك کاری دەستیمان بۆ دەکەن بەتایبەت لە وەرزی بەهاردا.

کاری من لە پڕۆژەکەمان بەڕێوەبردنی سۆشیال میدیاکانە، خۆشبەختانە بینەرێکی زۆرمان هەیە و خانمان کارەکانیان لا پەسەندە، ئێستا لەم سۆشیال میدیایانە پەڕەی تایبەت بە خۆمانمان هەیە (فەیسبوك، ئینستاگرام، تیکتۆك، یوتیوب، سناپچات و تویتەر) جگە لەمانەش کاری پێچانەوە و گەیاندنی پۆستەکان زۆرجار خۆم دەیکەم و لە ڕێگەی کۆمپانیای گەیاندنەکانیشەوە بەرهەمەکانمان دەگاتە دەستی کڕیارەکان و لە کاتی پێچانەوەی بەرهەکان زۆر گرنگی بە جوان پێچانەوەی دەدەین، چونکە لە چاوی کڕیار ئەمە زۆر گرنگە».

ئەو مامۆستا ئەوەشی دووپات کردەوە کە زۆر خۆشحاڵە لەوەی کە لەگەڵ دایکی پێکەوە کار دەکەن و گوتی: «ئەوە بۆ من بووەتە شانازییەکی گەورە، جگە لەوەش کاری سەربەخۆ زۆر خۆشتر و بەچێژترە لە کارێك کە لەژێر فەرمانی کەسێکی دیکەدا بیت، چونکە کاری سەربەخۆ ئەگەر بەردەوامیت هەبێت، زۆر خێرا گەشە دەکات و دەکرێت ببێتە سەرچاوەی داهاتێکی باش بۆ خۆمان لە لایەك و لەلایەکی دیکەوە خەڵکانێکی دیکەش دێنە ناو کارەکەوە و سوودمەند دەبن».

گوتیشی: «پاڵپشتیکردنی دایکم ئەرکی دینی و ئەخلاقی سەرشانمە هەتا ئەو کاتەی دایکم بیەوێت من لەگەڵی دەبم و هەمیشە خزمەتی دەکەم بۆ کاری باشتر و پڕۆژەی جوانتر».

زمناکۆ حەمەغەریب لە کۆتایی وتەکانیدا باسی لە ڕووخۆشیی دایکی کرد و گوتی: «یەکێکی دیکە لە سیفاتە جوان و باشەکانی دایکم لەم پڕۆژەیە، ئەوەیە کە کاتێك موشتەرییەکانی سەردانی دەکەن، هەمیشە دەم بە پێکەنین بە قسەی خۆش و ڕووی خۆشەوە دەچێت بە دەمیانەوە، بۆیە موشتەرییەکانی کە سەردان دەکەن، هەمیشە حەز بە بینینی دەکەن».

**هەمیشە دایکم هانم دەدا کارەکەی گەورە بکەین، دواجار ساڵی ٢٠١٧ بڕیارمان دا، پڕۆژەکە گەورە بکەین و دەستمان پێ کرد**

**پڕۆژەکەمان ئێستا لە شاری سلێمانییە و بەرهەمەکانمان بۆ هەموو عێراق و تەنانەت دەرەوەی وڵاتیش دەنێرین**

**پاڵپشتیکردنی دایکم ئەرکی دینی و ئەخلاقی سەرشانمە هەتا ئەو کاتەی دایکم بیەوێت من لەگەڵی دەبم و هەمیشە خزمەتی دەکەم**

# چاوخشاندنێک بە کۆنسێرتی «شەهرام نازری» لە کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی ژینۆسایدی کوردی فەیلی




**حەمیدڕەزا عاتفی ڕۆژنامەنووس و ئەندامی لیژنەی بەڕێوەبەرایەتی بنکەی توێژەرانی مۆسیقای ئێران لە وتارێکدا بە ناوی (دەردێك بەرانبەر بە هەزاران دەرمان)، چاوی خشاندووە بە کۆنسێرتی مامۆستا شەهرام نازری لە کۆنفرانسی زانستیی نێودەوڵەتیی جینۆسایدی کوردی فەیلی کە لە شاری هەولێر بەڕێوە چوو.**

**مەنسوور جیهانی**

بێگومان تەنیا بە گەشەکردنی کەلتوور و بردنەسەرێی ئاستی زانستە مرۆییەکانە کە دەتوانین بەردەوام هیوامان بە ئاسایش و پێشکەوتوویی گەلەکەمان بێت و بەرپرسانی کەلتووری هەرێمی کوردستان بە باشی هەستیان بەم کارە گرینگە کردووە کە هیچ هێزێك بەرزتر لە هێزی کەلتوور نییە وەکوو ژێرخانێکی بنەڕەتی بۆ گەشەکردنی و بەرەوپێشچوون لە هەموو کۆڵەکە گرینگەکانی حکومڕانیدا، لەوانە؛ ئابووری، سیاسەت و زانستە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە.

بەڵام لە تەنیشت بەڕێوەچوونی ئەم کۆنفڕانسە گرینگەدا، ڕووداوێکی بەنرخ و سەرنجڕاکێش هاتە ئاراوە کە جێی ڕامانە، ئەویش بەڕێوەچوونی مۆسیقای کوردی بوو لە لایەن گرووپی موزیکی (سانیار) بە سەرپەرشتیی فەرید ئیلهامی و بە دەنگی هەرمانی مامۆستا شەهرام نازری.

بێگومان شەهرام نازری بە یەکێك لە ڕوخسارە هەرمانەکانی مۆسیقای کوردی دێتە ئەژمار و پێگەیەکی تایبەتی لەناو خەڵکانی بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستاندا هەیە و، شارەزاییەکی ئەوتۆی لە مۆسیقای ئێران هەیە، بیرکردنەوە، خوێندنەوە و ئاگادارییەکی باشی لە شیعر و ئەدەبی فارسیدا هەیە، هەروەها ئەزموونی هاوکاریی لەگەڵ موزیکزانانی گەورە و بەرجەستەی ئێرانیدا هەیە و بەرهەمی هەرمان و مەقامی بێوێنەی لە ئاستی نەتەوەیی و دەرەوەی ئێراندا بڵاوکردووەتەوە و کاریگەریی بەرچاویی داناوە و، جێی پەنجەی بەم هونەرە ڕەسەنەوە دیارە. هەمووی ئەم کارانە نازری گەیاندووەتە لووتکەیەك کە بووەتە شانازیی هەموو ئێرانییەك و هەمووی ئەمانە وەکوو کانیاوێکی بێ وێنە، بنچینەی ئەم نەمامە جوانە لە داوێنی نەتەوەی کۆنی کورد پەروەردە بووە و بەسەر ئاسمانی کەلتوور و هونەری کوردستاندا باڵی کێشاوە.

نازری وەکوو کانزایەکی هونەری بە هەر دوو زمانی کوردی و فارسی بەرهەمی درەوشاوە و بەوپەڕی جوانی و ئاست بەرزی خوڵقاندووە و ئەوە گەورەترین و نایابترین تایبەتمەندیی هونەری ئەم هونەرمەندە بەرچاوەی سەردەمی ئێمەیە لێهاتوویی جوان و خوڵقێنەری نازری لە ئاوازدانان و سازکردنی میلۆدی و تەنانەت ژەنیاریدا،







یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی ئەم گۆرانیبێژە ناودارەیە.

بێجگە لە تەواوی ئەم تایبەتمەندییە هونەرییانە کە تا ڕادەیەکی کەم ئاماژەن پێکردن؛ کەسایەتیی نازری کەسایەتییەکی تەواوکەر و هەمە لایەنەیە و بە لەبەرچاوگرتنی چەندین دەیە چالاکیی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و زەینی، وریا و سرووشتی ڕەخنەگرانەی کە هەیەتی لە تێکەڵاوکردنی شیعر و مۆسیقا، وردبینییەکی زۆر ژیرانە، ڕازاندنەوە و جوانکردنی مێلۆدی، هەروەها لە چاککردن و چنینی پارچە موزیکەکان، شارەزاییەکی بێ وێنەی هەیە.

وەکوو نووسەری ئەم وتارە، بەختەوەرم و لە هەندێك هاوکارییەکانی نازری لەگەڵ ئاوازدانەرە بەناوبانگەکاندا لە نزیکەوە ئامادەبووم و بەم بۆنەیەوە لە دەربڕینی زۆر ورد و مامۆستایانەی نازری بە باشی ئاگادارم.


ئەم دەسپێکە کورتە ئاماژە بەم خاڵە بوو کە هەڵبژاردنی پارچە مۆسیقای (زامی دەرد) بۆ پێشکەشکردن لە کۆنفڕانسی زانستی نێودەوڵەتیی ژینۆسایدی کوردی فەیلی، بەو پەڕی مامۆستاییەوە دەستنیشان کراوە، بە پێی ئەو زانیارییانەی کە بە دەستمان گەیشتوون، پلانی بەڕێوەچوونی مۆسیقای کۆنفڕانس لە ماوەیەکی زۆر کەمدا مسۆگەر بووە و پێشکەشکردنی پارچە مۆسیقایەك لە لایەنی هاوچەشنی و پەیوەندی کە لە بنەڕەتدا وەکوو ئەوە دەچێت کە بۆ ئەم بۆنەیە سازکراوە و مۆسیقای بۆ دابەش کراوە، جێگەی ڕێز و پێزانینە، لە هەمان کاتدا هەڵبژاردن و پێشکەشکردنی ئەم پارچە مۆسیقایە بە شاکارێکی بێخەوش دێتە ئەژمار.

پارچە مۆسیقای زامی دەرد بە ئاوازدانەری شەهرام نازری بە پێی مەقامی «مەجنوونی»یە کە ساڵانێکی زۆر پێش ئێستا بە دابەشکردنی موزیکزانی کورد (عەلی ڕەزا فەیز بەشی پوور) لە ئەلبوومی (ئاوازی ئەساتیر) واتە مەقامە ئەفسانەییەکان لە ئێران بڵاوبووەتەوە، بەڵام زۆر سەیرە کە تاکوو ئێستا لە هیچ کۆنسێرتێك لە ناوخۆی ئێران پێشکەش نەکراوە. دەقی شیعرەکە کاریگەرە و لە هۆنراوەکانی سەید «ساڵح ماهیدەشتی»یە کە لە خەم و پەژارەی خۆشەویستێکدا نووسیویەتی، زۆر جوان و لە ڕاستیدا وشەکان وشەی دیمەنییە، سووتانی ناخی بەجێماوێك کە لە زوڵم و زۆری زاڵمانی ڕۆژگار، سەری خۆی هەڵدەگرێت و دەچێت بۆ بیابان و بە هۆی کۆچی یار و دیارەکەیدا هاوار دەکات، شایەد ڕاڤەی ناڵاندنی هونەرمەندانە ڕاڤەیەکی دوور لە زەین نەبێت، ئەو نەوا ئاسمانییە و ئەو سۆزەی میلۆدییە و ئەو دابەشکردنەی (فەرید ئیلهامی) و پێشکەشکردنی بێوێنە و مامۆستایانەی شەهرام نازری کە دزەی دەکردە ناخی تاك تاکی گوێگرانەوە، تەلاری (سەعد عەبدوڵا)ی بردبووە بێدەنگییەکی پڕماناوە، بە وتەی ئەدیبان، شەپۆلی مۆسیقا لە بن ددانەوە تا ناخی گیان، بیسەران و ئامادەبووانی داگرتبوو.

پارچە مۆسیقای زامی دەرد دەردی کارەساتی کۆمەڵکوژیی کورد لە دوای ٣٥ ساڵ لە ناخی هەموو ئامادەبوواندا زیندوو کردەوە و، تا ئەو ڕادەیە سەرسامی کردن کە وەسف ناکرێت.

لە بەشێکی دیکە لە پێشکەشکردنی مۆسیقای ئەم کۆنفرانسەدا، گرووپی موزیکی (سانیار) بە بێ بوونی مامۆستا نازری چەندین پارچە مۆسیقای ماتەمینی تایبەت بە ڕێوڕەسمی کوردی فەیلیان پێشکەش کرد، شیعری جوانی (بیهرووز تاهیری) و تێکەڵاوکردنی دەنگە چەند هەزار ساڵەکانی هۆرە و مۆر، بە وردبینی و شارەزاییەوە پێکەوە چندرابوون، کە بۆ ساتەوەختێك هەناسەی هەموانی لە سینگدا بەند دەکرد. لە کۆنفرانسەکەدا پەخشی دیمەنگەلێك لە ئەرشیڤی ژینۆسایدی کوردی فەیلی کە لە ئەرشیڤی تایبەتیی توێژەری کورد (عەداڵەت عومەر) وەرگیراوە، لە لایەن «فەرید ئیلهامی» مۆنتاژ کرابوو، ئەوەندەی دیکە قەوارەی زام و دەردی کۆمەڵکوژیی فەیلییەکانی بۆ ئامادەبووانی بیانی بە شێوەی وێنە دەگێڕاوە.

بێگومان پێشکەشکردنی ئەم مۆسیقایە لەم کۆنفڕانسەدا، خاڵێکی گرینگ و بەرچاو بۆ، هەموو کاربەدەستانی بەڕێوەبەری ڕێوڕەسمەکە بوو، دەبێت سوپاسی تاك تاکی ئەندامانی گروپی موزیکی (سانیار) و فەرید ئیلهامی سەرپەرشتە هەست ناسك و چالاك، هەروەها بەرپرسانی ئەم ساڵیادە بکەین.



# ڕێنی زێلیگەر: بەپەرۆش بووم بگەمە پەنجا ساڵی

دوای ئەوەی ناوبانگێکی زۆری پەیدا کرد و بووە باسی میدیاکان، بەتایبەت بەهۆی ڕۆڵی نایابی لە فیلمی (ڕۆژنامەی بریجیت جۆنز) خانمە ئەکتەری ئەمریکی ڕێنی زێلیگەری تەمەن ٥٣ ساڵ، لە لووتکەی ناوبانگەکەیدا بڕیاری دا هۆلیوود بەجێبهێڵێت.

لەم بارەوە دەڵێت: «ئەمڕۆ پێم باشترە لەگەڵ سەگەکەم بەپێ بڕۆم و کاتەکانم وەك هەر ئافرەتێکی ماڵەوە بەسەر بەرم، نەك لەسەر فەرشی سوور لە بەردەم پاپارازیەکاندا بڕۆم».

کاتێك ڕۆژنامەنووسێك چاوی پێی کەوت و ویستی پرسیاری ئەو (ئازارە)ی لێ بکات کە دوای گەیشتن بە تەمەنی ٥٣ ساڵی هەستی پێدەکات، لە وەڵامدا وتی: «چی؟، منزۆر بە پەرۆش بووم کە تەمەنم بوو بە ٥٠ ساڵ، ئەم تەمەنەم خۆشدەویست، وای لێکردم بزانم هیچ ئارەزووی ئەوەم نییە ٢٣ ساڵان بم، کاتێك تەمەنم بوو بە ٥٠ ساڵ هەستم دەکرد وەك سەرەتایەکی تەواو نوێ بەبێ قسەی بێمانا، ئەو خاڵەیە کە دەتوانم واز لە گوێگرتن لەو هەموو دەنگانە بهێنم کە لە سەرتدا بوون و ئەو هەموو چاوەڕوانییەی خەڵك دەیانکرد، وەك ئەوە وایە بڵێیت (بەختێکی باش بۆ ئێوەی گەمژەکان هەمووتان) چونکە دەبوو تا ئەم تەمەنە بژیم، هێز و دەنگم بەدەست هێنا».

هەروەها دەڵێت: «من پێموایە بۆ ئەوەی زیندوو و جوان بیت، دەبێت تەمەنی خۆت قبوڵ بکەیت، ئەگینا بە پەشیمانییەوە دەژیت و چێژ لە ژیانت وەرناگریت، هەموو ئەو ڕیکلامانەی کە دەیبینین پێمان دەڵێن کە پێویست ناکات تەمەنی ڕاستەقینەی خۆمان ببینین ئەگەر ئەو کرێمە بکڕین کە دەیفرۆشن و ئەو جێگیرکەر و هەموو جۆرە شتە خراپانەی کە دەیانەوێت پێمانی بفرۆشن، ئایا پێم دەڵێیت کە من گرنگ نیم، ئیتر چونکە ئێستا تەمەنم ٥٣ ساڵە ئایا ئەوە ئەوەیە کە تۆ دەتەوێت؟، جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوان باشترین بوون و زیندووترین، و بتەوێت کەسێکی تر بیت، بۆ ئەوەی زیندوو و جوان بیت دەبێت تەمەنی خۆت قبوڵ بکەیت ئەگەرنا تۆ بە پەشیمانییەوە دەژیت و ئەوەش بۆ من بە هیچ شێوەیەك جوان نییە.»





# ئەلیکساندرا: تەنیا لە نواندن باشم

ئەلێکساندرا داداریۆ خانمە ئەکتەری ئەمریکی ددانی بەوەدانا کە جگە لە نواندن لە هیچ شتێکدا باش نییە و، بە خەیاڵیش کار لە پیشەی کەسێکی دیکەدا ناکات، ئاماژەی بەوەشداوە کە لە تەمەنی ١١ ساڵییەوە ئەم پیشەیەی خۆشدەوێت و خۆی تێدا بینیوەتەوە و هیوادارە جێپەنجەیەکی جیاواز بەجێ بهێڵێت لەودا.

لەم ڕووەشەوە داداریۆ لە بارەی ڕەچەڵەکی خۆی دەڵێت: «بنەچەی خۆم تێکەڵەیەکە لە چەندین نەتەوە لەوانە ئیتاڵی، ئێرلەندی، سلۆڤاکیا، هەنگاری و ئینگلیزی، جگە لەوەی کە پەروەردەکەم لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بووە، ئەمەش تایبەتمەندی و جیناتی جیاوازی لە چەندین سەرچاوە پێ بەخشیوم»، ئەلیکساندرای بە ڕەچەڵەك ئیتاڵی، لە ١٦ی ئازاری ١٩٨٦ لە ویلایەتی نیویۆرك لەدایکبووە، هەروەها ڕەچەڵەکی ئێرلەندی و چیکیی هەیە. لە تەمەنی گەنجیەوە حەزی بۆ نواندن پەرەی سەند و لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا لە یەکەم ڕۆڵی نواندندا وەك لۆری لویس لە زنجیرە تەلەفزیۆنییەکی منداڵان دەرکەوت، لە هەمان کاتدا لە قوتابخانەیەکی کچان لە نیویۆرك دەیخوێند.

سەبارەت بە جوانکاری و ئەنجامدانی نەشتەرگەریی جوانکاری لەلایەن ئەستێرە سینەماییەکانەوە ئەلیکساندرا کە بە جوانییەکەی ناسراوە، دەڵێت: «بێگومان لە داهاتوودا لەسەر دەموچاوی من چەند چرچ و لۆچێك دەبینن، لەوانەیە ئێستاش لەسەر دەموچاوم چەند چرچ و لۆچێك ببینن، بەڵام شتێك هەیە لە ژیاندا کە پەیوەندی بەو لوچانەوە هەیە و ئامادە نیم هیچ کاتێك نەشترگەری ئەنجام بدەم، ئەویش نەشتەرگەریی جوانکارییە، هەرچەندە ڕەنگە بتوانم بە نەشتەرگەری ئەم لوچانە هیچ نەبێت کەمێك دوابخەم، لە جیاتی ئەوەی خانمە ئەکتەرەکان بیر لە جوانکاری و چۆنیەتی دەرکەوتنیان بکەنەوە، وا باشترە بیر لەوە بکەن چۆن لە ڕۆڵەکانیاندا سەرکەوتوو دەبن و پێگەیەکی باشتر و بەهێزتر لە هۆلیۆد شان بە شانی ئەکتەرە پیاوەکان بەدەست دەهێنن».

# تیپی شانۆی ئاشتی

## (١-٢)

شاری کەرکووك وەك هەر شارێکی دیکەی کوردستان، کۆمەڵێك خەسڵەتی تایبەتی خۆی هەیە. هەموومان بەوە ئاشناین و دەزانین، ئەم شارە فرە کولتوور و فرە زمانە، بەڵام کەسمان هێندە لە مێژووی ئەم شارە و پێکهاتە و چەشن و جۆری کولتوورەکەی نزیك نەبووینەتەوە. خەڵکی شارەکانی دیکەی کوردستان، تەنانەت بە ئەندازەی پێویست، بە کولتووری نەتەوەیی خۆیان، واتە بە کولتووری کورد لەو شارەدا ئاشنا نین. ئەمەش کەلێن و بۆشاییەکی گەورەیە. ئێرە جێی قووڵ بوونەوە نییە بە نێو گوڵشەنی پان و بەرین و بە پیتی کولتووری کورد و نەتەوەکانی دیکە لەو شارەدا، ئێمە هەڵوەستە لە ئاست گۆشەیەکی بچووکی هونەر، وەك بەشێکی هەستیاری کولتوور، لەو شارەدا دەکەین.

ئا/ تاریق کارێزی

کەرکووك یەکێکە لەو شارانەی ڕۆحی نوکتە و قسەدانی و مەشرەف خۆشی تێیدا لە ئاستێکی باڵادایە. لەو شارەدا گەلێك کەسایەتی و بنەماڵە هەن، بە قسەی خۆش و نوکتەی وا ناوبانگیان دەرکردووە، کورد گوتەنی «سەر بە قوڕ بە پێکەنین دەهێنن.» زۆر جار بە هاوڕێ و هاوپیشەکەی خۆم، کاك ستار جەباری دەڵێم، بە تایبەتی کە ئەو لە هەر مەجلیسێکدا بێت، قسە و نوکتەی لێ نابڕێت، چەند جارێك پێم گوتووە، «دە قۆڵی لێ هەڵماڵە و چەند بەرگێکی ڕشتەی جەباریمان بۆ بنووسەوە»، وەك ئاماژەیەك بۆ «ڕشتەی مراوری»ی مامۆستای شکۆمەند و پایەبەرز، بە هەشتی عەلادین سەجادی، مخابن تا ئێستا، نە جەباری و نە کەسێکی دیکە، نەهاتوون نوکتەکانی کەسایەتی و بنەماڵە نوکتەدان و دانسقەکانی ئەم شارە بنووسنەوە. کار وا بڕوات، ئەو کولتوورە جوان و دەگمەنە، ئاودیوی دنیای نەمان دەبێت.

پاڵپشت بە بڕگەی پێشوو، کەرکووك زەمینەیەکی بەهێزی هونەری شانۆی تێدایە. کۆمیدیا کە باڵێکی جووتە



باڵـی ڕۆح و گەوهـەری دراما و شـانۆیە، لـەم شارەدا بناغـەی هەیـە، ڕیشـەیەکی زۆر بەهێـزی هەیـە، خۆ ئەگـەر ئەوەشی بخەینـە سـەر، کە لـە ماوەی یـەك سـەدە لـە تەمەنـی دەوڵەتـی عیراق، ئـەم شارە و خەڵکەکـەی هێنـدە تراژیدیایان بینیـوە، ئیـدی شانۆکار لـەو شارەدا پەکی ناکەوێت، هـەر چۆنێکـی چـاو بکاتـەوە، ئـاوڕ بداتـەوە، خـۆی لـە نێـو دەریـای کۆمیدیـا و تراژیدیـای شـار و خەڵکەکەیدا دەبینێتـەوە. جا بۆیـە، ئەگـەر کەرکووك لە نێو گوڵشـەنی شانۆوە بێتـە دەست، شاکار بـە دەستـەوە دەدات. ئێـوە بڕوانـن، کەرکـووك لـە نێـو گـەورە شـارەکانی دیکـەی باشـووری کوردسـتاندا تاقانەیـە، کە داگیرکـەر ناسنامەکەی نەسەلماندووە، بەوەنـدەش نەوەسـتاوە، بەڵکـوو بـە هەرچـی تیـن و تاقەتـی کـە هەیەتـی، هەوڵـی سـڕینەوەی ناسـنامەکەی داوە، کاری بـۆ ڕیشـەکێش کردنـی کولتوورەکـەی کـردووە.

بـە درێژایـی سـەدەی بیسـتەم، دەوڵەتـی عیـراق تەنیـا بـۆ چـوار سـاڵ (١٩٧٠ تـا ١٩٧٤) ڕێـی داوە منداڵانـی شـارەکە بـە زمانـی کـوردی بخوێنـن، بەڵام هەر لەو سەدەیەدا، مێژوونووسـانی وەك مـەلا جەمیـل ڕۆژبەیانی، د. جەمـال ڕەشـید، د. کەمـال مەزهـەر ئەحمـەد لـەو دەڤـەرەدا پەیـدا بـوون. لـە سـەردەمی دەسـەڵاتی بەعسـدا، نـە مامۆسـتا، نـە خوێنـدکار لـە قوتابخانـەدا بۆیـان نەبـووە بـە کـوردی قسـە بکـەن، لـە مزگەوتیشـدا مـەلا و زانـای ئاییـن بـۆی نەبـوو بـە کـوردی خوتبـە بـدات، بـەڵام گـەورە زمانـزان و وەرگێـڕ و بیرمەندێکـی وەك مـەلا شـوکور پەیـدا بـووە. شـارێك کەڵـە شـاعیرانی وەك ڕەنجـووری (١٧٥٠- ١٨١٣) و شێخ ڕەزا (١٨٣٥- ١٩٠٩)ی تێدا پەیدا بوو بێت، نیشـانەی ئەوەیـە ژێرخانـی کولتوورەکـەی ڕیشـەدار و بەهێـزە. لـە دووڕیانـی بەیـەك گەیشـتنی کۆمیدیـای شـار و تراژیدیـای یـەك سـەدە لـە مێـژووی شـارەکە، هونـەری شـانۆ هەڵتۆقیـوە و گەشـەی کـردووە. لـە ڕوانگـەی دەستەبژێری ئـەو شـارەوە، ڕەگەزەکانـی هونـەری شـانۆ لەگەڵ کولتـوور و پێکهاتـەی کۆمەڵایەتیی شاردا، ساز و تەبا بـووە، خۆ لـە ڕاستیشدا هـەر وایـە، بۆیـە وێـڕای قەدەغـە و قەدەغەکاریـی داگیرکـەر، ژیلەمـۆی شـانۆ لـە کەرکووکدا خامـۆش نەبـووە، بـەدەم سـووکە کزەیەکـی نەسـیمی شـەماڵەوە، شـناوەتەوە.







کالێ ڕەئووف:

# بەشێکی ئافرەتان بۆ دابەزاندنی کێش و تەندروستیی ماسوولکەکان دێنە ناو ئەم وەرزشە

سەنتەری شارە گەورەکانی کوردستان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەی هۆڵەکانی وەرزشیی تێدا زیاتر دەبێت، ئافرەتانی کوردستانیش لە ئێستادا زیاتر ڕوو لە وەرزشیی لەشڕێکی و لەشجوانی و هێزی لەش دەکەن، ئەم یارییانە لە گەشەسەندن دایە، ئافرەتان و خانمانی شارەکانی کوردستان گرنگی زۆر بەم وەرزشە دەدەن بۆ ئەوەی ببنە خاوەن لەشولارێکی ڕێك، ڕەنگە لە ماوەی داهاتوودا ئەم یارییە ببێتە یەکێك لەو یارییانەی کە ئافرەتانی وەرزشکار بە ڕێژەیەکی زۆر ڕووی تێبکەن بۆ کێبڕکێ لەسەر ئەنجامی گەورە لە پاڵەوانیتیەکاندا، لە ئێستادا هۆڵەکانی شارەکانی کوردستان خاوەنی چەندین ئافرەتی بەتوانان لەم وەرزشە، یەکێك لەم کچە ڕاهێنەرە لاوانەش (کاڵێ ڕەئوف)ـە کە ماوەی چەند ساڵێکە ڕاهێنەری لەشجوانییە لە شاری سلێمانی و پێشتر لە چەندین یانەی شارەکانی کوردستان وەکو (سیروانی نوێ و ئافرەتانی هەولێر و ئەفرۆدێت و ئافرەتانی کەرکوك و هەڵبژاردەی عێراق) یاریزانی تۆپی دەستی بووە و یاریی کردووە، کاڵێ لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٥ی پارێزگای سلێمانییە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان لێکرد، ئەویش وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گولانی دایەوە.



دیمانە: کارزان کانەبی

*** چۆن بوو بواری ڕاهێنەری لەشجوانیت هەڵبژارد؟**

- لە منداڵییەوە خولیای وەرزش بووم، کاتێك دەستم بە یاریی تۆپی دەست کرد لە دوای ئەویش کۆلێژم تەواو کرد، دواتر حەزم کرد لە بوارەکەی خۆمەوە خزمەت بکەم، بۆیە ئەم بوارەم هەڵبژارد.

*** هەست ناکەی وەرزشێکی قورست هەڵبژاردوە، بە تایبەت بۆ خانمان؟**

- هەموو وەرزشێك قورسیی خۆی هەیە، بەڵام من ماوەیەکە ئەزموونم هەیە بۆیە بە قورسی نابینم.

*** دوو وەرزش لە یەك کاتدا ئەنجام دەدەیت، لە کامەیاندا سەرکەوتوو تریت؟**

- لە ڕاهێنەری سەرکەوتوو ترم، چونکە تۆپی دەستی کچان چەند ساڵێکە لە سلێمانی نەماوە، تەنیا چەند ساڵ جارێك بەشداریی پاڵەوانیەتیەك دەکەن، بەڵام لە بواری ڕاهێنەری بەردەوامین و نەوەستاوین، بۆیە ئەڵێم سەرکەوتوو ترم.

*** هەست ناکەی ئەم یارییە لە شارەکانی کوردستان بۆ ئاستی کچان بە شێوەیەکی باش پێشوازی لێ نەکراوە؟**

- لە ئێستادا تا ڕادەیەك ئاستی بەرەو باشی دەچێت، زۆر جیاوازە لە ساڵانی پێشوو.

*** ئاستی ئەم یارییە چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

- زیاتر هۆشداری دەدرێت کە وەرزشیی لەشجوانی زۆر گرنگە بۆ تەندروستی مرۆڤەکان، وە بەرچاوڕوونی زیاتر دەدرێت بە خەڵك چۆن دەست بکات بەم وەرزشە.

*** چی بکرێت باشە بۆ هێنانە پێشەوەی ئافرەتی وەرزشکار بۆ ئەم یارییە؟**

-گرنگیی زیاتر بە وەرزشی لەشجوانی بدرێت و خەڵك هان بدەن بۆ ئەوەی زیاتر ڕوو لەم وەرزشە بکەن.

*** بەرنامەت چییە بۆ داهاتوو وەکو کچە ڕاهێنەرێك؟**

- بەرنامەم زیاتر بۆ ئەوەیە گرنگی بە یارییەکە و کارەکەم بدەم بۆ ئەوەی زیاتر بەرەوپێش بچین و خزمەتی زیاتر بگەینم بە کۆمەڵگە.

*** ئافرەتان بۆ چ مەبەستێك زیاتر سەردانتان دەکەن، لەشرێکی یان وەرزشکردن؟**

- بەشێکی ئافرەتان بۆ دابەزاندنی کێش و بۆ باشترکردنی تەندروستی ماسوولکەکان و، بۆ سەرخستنی کێش و بۆ باشتر کردنی لایەنی دەروونیش دێنە ناو ئەم وەرزشە.

*** گرفتی ئەم یارییە لە چیدا دەبینی؟**

- ئەوەی کە دەبێ بە گرفت بۆ وەرزشوانانی ئافرەت ئەوەیە ناتوانێ هەموو کات بەردەوام بێت بە هۆی بارودۆخی ژیان و بەداخەوە گرنگی بە تەندروستییان نادەن، تەنیا بۆ ماوەیەکی دیاری کراو دێن.

***خەونی وەرزشیت چییە وەکو کچە ڕاهێنەرێك؟**

-خەونی من ئەوەیە هەموو کەسێك گرنگی بە خۆی بدات و هەوڵی باشتر بدەن بە ڕاهێنان و بەرەوپێش بچن لە بوارەکەی خۆیان، یەکێك لە خەونەکانم ئەوەیە لە دەرەوەی وڵات ڕاهێنەر بم.

*** بڕیارت نەداوە بەشداریی پاڵەوانیەتییەك بکەی لە دەرەوەی وڵات؟**

- نەخێر لە پلانم نییە، چونکە بۆ چێژ و تەندروستی وەرزش دەکەم.

*** بڕیارت نەداوە تیپێك بۆ شاری سلێمانی دروست بکەی؟**

- یەکێك لە حەزەکانم ڕاهێنەری تۆپی دەستە، بەڵام لە ئێستادا گرنگی بە بواری ڕاهێنەری لەشجوانی دەدەم، ڕەنگە بۆ داهاتوو بیری لێ بکەمەوە.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ پشتگیریکردنی وەرزشکارانی شارەکانی کوردستان.





# تین هاگ هەڕەشە لە مانچیستەر دەکات


**ئێریک تێن هاگ ڕاهێنەری هۆڵەندی هێرش دەکاتە سەر کارگێری مانچستەر یۆنایتد و ڕەخنەی توند لە یانەکەی دەگرێت بەهۆی ئەوەی کەمترین پارەیان خەرج کرد و لە بازاری گواستنەوەی یاریزانان.**

تێن هاگ ڕاهێنەری مانچستەر یۆنایتد لە لێدوانێکدا، کە تویتەری فابریزیۆ ڕۆمانۆی ڕۆژنامەنووسی ناوداری ئیتاڵی بڵاوکرایەوە هێما بۆ ئەوە دەکات لە گواستنەوەی زستانەی ڕابردوو مانچستەر یۆنایتد کەمترین وەبەرهێنانی کرد دەڵێت: یانەکان بەهێزەوە هاتنە نێو بازاری گواستنەوەی یاریزانان، بەڵام مانچستەر یۆنایتد سەرجەم مووچە و خەرجییەکانی کەمکردەوە.

تێن هاگ گوتی: مانچستەر یۆنایتد دەزانێت کاتێك یانەکەی بیەوێت یەکێك لە چوار پلەکانی سەرەوەی ریزبەندی خولی نایابی ئینگلیزی بەدەست بهێنێت پێویستە یاریزانی نوێ بگوازێتەوە و پارە خەرج بکات ئەگەر وا نەکات یانەکانی دیکە ئەو کارە دەکەن.

لە لایەکی دیکەوە ڕۆژنامەی دەیلی مەیلی بەریتانیا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە خاوەنەکانی ئێستای مانچستەر یۆنایتد بەهۆی ئەوەی بە نیازن پشکەکانیان بفرۆشن بۆیە بە ئەنقەست وەبەرهێنانیان نەکردووە و چاوەڕێی دەستبەکاربوونی خاوەنە نوێیەکان دەکەن.

مانچستەر یۆنایتد ئەم وەرزە لە ژێر ڕاهێنەرایەتی تێن هاگ بە کۆکردنەوەی ٧٥ خاڵ پلەی سێیەمی ریزبەندی خولی ئینگلیزی گرت و بلیتی بەشداریکردنی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا مسۆگەر کرد.



# چێلسی ڕاهێنەرە نوێیەکەی دەستنیشان کرد

چێڵسی ئینگلیزی ڕایگەیاند لەگەڵ ماوریزیۆ پۆچێتینیۆی راهێنەری ئەرژەنتینی گەیشتنە ڕێککەوتن و گرێبەستێکیان تاکو ساڵی ٢٠٢٦ مۆرکرد.

پۆچێتینیۆ لە سەرەتای مانگی حەوت لەگەڵ چێڵسی دەست بەکار دەبێت و ئامادەکاری بۆ وەرزی نوێی خولی ئینگلیزی و پاڵەوانییەتیەکانی دیکە دەکات.

چێڵسی یەکێک لە خراپترین وەرزەکانی بەڕێکرد و لە خولی نایابی ئینگلیزی لە پلەی دوازدەیەم کۆتایی بەم وەرزەی خولەکە هێنا.

پۆچێتینیۆ پێشتر ڕاهێنەری یانەکانی ئیسپانیۆل و ساوسهامپتن وتۆتنهام و پاریس سانت جێرمانی کردووە لە کاروانی ڕاهێنەرایەتی ٥٩٨ یاری ڕاهێنەرایەتی یانەکانی کردووە و ٢٩٢ سەرکەوتن و ١٢٩ یەکسانبوون و ١٧٧ دۆڕانی تۆمار کردووە پۆچێتینیۆ دەبێتە چوارەم ڕاهێنەر، کە لە دوو سەردەمی جیاواز ڕاهێنەرایەتی تۆتنهام و چێڵسی بکات.

# بۆسکێتس ئارەزووی یاریکردن لەگەڵ میسی دەکات

سێرخیۆ بوسکێس یاریزانی ئیسپانی، کە ڕۆیشتنی لە بەرشلۆنە ڕاگەیاندووە جەختی لەوە کردەوە، کە زۆر حەزدەکات جارێکی دیکە لەگەڵ لیۆنێل مێسی ئەستێرەی یانەی پاریس سانت جێرمان یاری بکاتەوە.


بوسکێس ئەو هەواڵانەی ڕەتکردەوە، کە باس لەوە دەکەن داهاتووەکەی بەستراوەتەوە بە لیۆنێل مێسی، کە ئەگەری هەیە لەم هاوینەدا پاریس سانت جێرمان جێبهێڵێت چونکە ماوەی گرێبەستەکەی لە مانگی حوزەیران تەواو دەبێت.

ئەو یاریزانە تەمەن ٣٤ ساڵییە لەگەڵ خۆردی ئەلبای هاوڕێی دوایین یاری خۆیان لەگەڵ یانەی بەرشلۆنە بەرامبەر مایۆرکا ئەنجامدا.

بوسکێتس لە لێدوانێکیدا بۆ ئی سپۆرت ٣ ڕایگەیاند دەستەوارەی لە ٤ یانەوە پێگەیشتووە، کە واژۆی ئەویان دەوێت.

بوسکێتس باسی لیۆنێل مێسی کرد و زیاتر گوتی: زۆر حەزدەکەم لەگەڵ مێسی یاری بکەمەوە، بەڵام ئەوەندە ئاسان نییە.

ئەو یاریزانە کەتەلۆنییە هەروەها سەبارەت بەوەی ئایا لەگەڵ ئەندرێس ئەنێستا و خۆردی ئەلبا پێکەوە دەچنە یەک یانە؟ گوتی: ئێمە مێگەل نین( ٣-٤ )دەستەوارەم هەیە، کە لەگەڵ خێزانەکەم بیریان لێدەکەمەوە و بڕیار دەدەم.



# کچە کوردەکانی ژیما هەڵبژاردەی عێراق داگیر دەکەن

ڕێکخراوی ژیمای تایبەت بە یاریی باسکە لە شاری سلێمانی بەردەوام لە ئامادەکاری و مەشقەکانی بەردەوامە، بۆ ئەوەی بتوانێ ژمارەیەکی زۆر کچە یاریزان و کوڕە یاریزانان بۆ شاری سلێمانی و عێراق دروست بکات، دکتۆر ڕزگار تۆفیق ڕاهێنەری کچانی ژیما لە بارەی ئامادەکارییەکانیان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لە ١٥ی ئەم مانگە داوەتی هەڵبژاردەی ئێرانین لە ئاستی تازەپێگەیشتوانی کچان لە تاران، دوو یاریی دۆستانەش ئەنجام دەدەین، ڕەنگە لە دوای ئەوە لە شاری سنەی کوردستانی ڕۆژهەڵات بەشداریی پاڵەوانێتیی (سێ فی سێ) بکەین لە ئاستەکانی تەمەن، ژیما بەردەوام بۆ ئەمساڵ ڕێژەی ١٥٠ یاریزانی کچمان هەیە، جگە لەوەش لە ئاستی کوڕانیش لە زیاد بوونە و نزیکەی ٥٠ یاریزانمان هەیە، بەرنامەکانی ئەمساڵمان جۆراوجۆرە لە هەموو ڕوویەکەوە، لەبارەی یاریزانەکانی هەڵبژاردەی عێراقیش گوتی: «هەر ١٢ یاریزانەکە کوردن و لە ژیمان، دیارە لە عێراق یاریزان نییە و پەیوەندیم بە چەندین ڕاهێنەری عێراقییەوە کردووە بۆ ئەوەی یاریزانمان پێ بدەن کە تەمەن ١٦ساڵ بێ، لە بەرامبەریشدا زۆرجار گلەییمان لێ دەکەن دەڵێن ڕزگار تەنیا بۆ سلێمانی کار دەکات، ئێمەش پشتمان بە تواناکانی خۆمان بەستووە و خزمەتی وەرزشی باسکەمان کردووە، بۆیە سەرجەم یاریزانەکان هی ژیمان».



# یاریزانە کوردەکان دەچنە بەغدا




لەگەڵ ئەوەی ساڵانە خولی فوتساڵی یانەکانی کوردستان بەڕێوە دەچێت، بەڵام یانەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراقی بەردەوام چاویان لە سەر یاریزانانی شارەکانی کوردستانە، بۆ ئەوەی گرێبەستیان لەگەڵ واژوو بکەن بۆ یاریکردن لە ڕیزی یانەکانیان، یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی شاری سلێمانیش کچە یاریزان (دانا دارا)یە، کە ماوەیەکی زۆر لە ڕیزی هەڵبژاردەی عێراقی و یانە کوردستانییەکان یاریی کردووە، بۆ ئەم وەرزش گرێبەستی لەگەڵ یانەی زەورای شاری بەغدا مۆر کردووە، لە بارەی چوونی بۆ ڕیزی یانەی زەورا، دانا دارا بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «چوونم بۆ یانەی زەورا و هەڵبژاردنی ئەو یانەیە لەسەر داوای ئەوان بوو، هیچ یانەیەکی کوردستانی داوای گرێبەستیان لێم نەکردووە، لە بەرامبەریشدا یانەی زەورا بە فەرمی بۆ یارییەکانی پاڵەوانێتیی جامی عێراقی داوایان کردووم، بە فەرمی گرێبەستم بۆ ماوەی یەك ساڵ واژوو کردووە و، ئەگەر گرێبەستەکەمان بەدڵ بوو، بۆ ساڵی داهاتووش درێژی دەکەینەوە»، دانا گوتیشی: «دەمەوێ لەگەڵ یانەی زەورا ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەم و ئاستی خۆم زیاتر بەرەوپێش ببەم، خۆشتان دەزانن یانەکانی عێراقی هەمووی بەهێزن و خاوەن چەندین یاریزانی بەتوانان لە سەر ئاستی عێراقی، ئەوەی لە تواناماندا بێت دریغی ناکەین بۆ یانە تازەکەمان و، دەمەوێ یەکێك بم لە یاریزانە ئاست بەرزەکانی یانەکە و ئەنجامی دڵخۆشکەر بەدەست بهێنم لەگەڵ یانە تازەکەم».



## دلۆڤان مەهدی:

# خەونی گەیشتنم بە هەڵبژاردەی عێراق هەیە

یانە جەماوەرییەکانی شاری بەغدا بەردەوام چاویان لەسەر یاریزانە ئەستێرەکانی کوردستانە، بۆ ئەوەی گرێبەستیان لەگەڵ مۆر بکەن، یەکێك لە گۆڵپارێزە بەتواناکانی ئاستی کوردستان و عێراقیش (دلۆڤان مەهدی) کوڕی شاری زاخۆیە، کە بۆ ماوەی چەند وەرزێکە گرێبەستی لەگەڵ یانەی تەلەبەی شاری بەغدا کردوە و بەرگری لە تۆڕی گۆڵی ئەو یانەیە دەکات، لەم بارەشەوە دلۆڤان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لە ئێستادا بارودۆخی یانەی وەرزشیی تەلەبە زۆر باشە و گەڕاینەوە سەر ئەنجامە باشەکانمان، هەر چەندە چەند یارییەك بوو ئاستمان وەکو پێویست نەبووە، بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ ئاستمان باش دەبێت، وەکو کورە کوردێك ئامانجم ئەوەیە بتوانم ئاستی خۆم زیاتر بەرز بکەمەوە لەگەڵ یانەی تەلەبە و گرنگی بەتواناکانی خۆم بدەم»، دلۆڤان سەبارەت بە هەستی خۆی لەو یانەیە گوتی: «هیچ گرفتێکم نییە و ئاسوودەم، ئەو یارییانەشی ماوە دەمانەوێ ئەنجامی باشتر بەدەست بهێنین، خەونی گەیشتنم بە هەڵبژاردەی عێراق هەر هەیە و خەون بە درێسی هەڵبژاردەی نیشتمانی عێراقی دەبینم، هەوڵ دەدەم بگەم بە هەڵبژاردەی عێراق».



# مەشقی وەرزشی توانای بەرگەگرتنی ئازار زیاد دەکات



ئەمە سەلمێنراوە کە مەشقی وەرزشی سوودی بۆ تەندروستی بەگشتی هەیە. بەم دواییەش لە لێکۆڵینەوەیەکی نوێ کە لە نەخۆشخانەی زانکۆی ئەندرێس ئارنیسی نەرویژی ئەنجام دراوە، هاتووە کە جگە لە سوودە تەندروستییە زانراوەکان، مەشقی وەرزشی ئاستی توانای لەش بۆ بەرگەگرتنی ئازارەکان Pain tolerance زیاد دەکات بەراورد بە ئەو کەسانەی کە جووڵە و مەشقی وەرزشی پەیڕەو ناکەن. لە لێکۆڵینەوەکەدا ئاماژە بەمەش کراوە کە لەوانەیە میکانیزمی ئەم کاریگەرییەی مەشقی وەرزشی بگەڕێتەوە بۆ هۆرمۆنە ئیندۆرفینەکان Endorphins کە لەگەڵ ئەنجامدانی مەشقی وەرزشیدا لە شانەکانی مێشك دەردەدرێن، کە ماددەی پرۆتینی گەیەنەری نێوان دەمارەکانن و ڕۆڵیان هەیە بۆ سوککردنی ئازار و سترێس، لەگەڵ باشترکردنی مەزاج و هەستکردن بە لەش خۆشی. لە لایەکی دیکەوە ئاستی بەرزی چالاکیی فیزیکی و لیاقەی جەستەیی بەرز هاندەرن بۆ باشترکردنی تەندروستیی کۆئەندامی دڵ و سووڕان و هاتووچۆی خوێن لە هەموو بەشەکانی لەشدا، لەگەڵ کەمکردنەوەی ئاستی هەوکردن، ئەمانەش ئاستی توانای بەرگەگرتنی ئازار بەرز دەکەنەوە.

# ئایا خواردنەوەی ئاوی گازدار زیانی تەندروستی هەیە؟

ئاوی گازدار Sparkling water لە گەلێك شوێندا بووەتە جێگرەوەیەکی باشتر لە کۆلا یان سۆدا لەگەڵ ژەمەکانی خواردندا. ئاوی گازدار یان ئاوی کاربۆنکراو بە شێوەی جۆراوجۆر لە بازارەکاندا هەیە، بۆنموونە سادە یان تێکەڵ لەگەڵ چێژی میوە یان شیرەی میوە، شیرنکراو بە شەکر یان ماددەی شیرینکاری دەستکرد -Sweeteners، کافائین، سۆدیۆم(خوێ)..تاد. خواردنەوەی ئاوی گازدار شان بە شانی ئاوی ئاسایی، ڕۆڵی هەیە بۆ ڕێگرتن لە کەمبوونەوەی شلەی لەش، ئەمەش هاندەرە بۆ: بەرزبوونەوەی ئاستی وزەی لەش، خۆپاراستن لە قەبزی، کەمکردنەوەی ئەگەری سەرئێشە، لەگەڵ خۆپاراستن لە وشکبوونی پێست. خواردنەوەی بڕی زیادی ئاوی گازدار کە ڕۆژانە زیاتر بێت لە ٣٥٠ میللیلیتر ئەوا دەبێتە هۆی کۆبوونەوەی گاز لە گەدە و ڕیخۆڵەدا، هەروەها ئەو جۆرانەی ئاوی گازدار کە شیرینکاریی دەستکردی وەك مانیتۆل Mannitol، سۆربیتۆل Sorbitol، زیلیتۆل Xylitol یان ئایزۆمالت Isomalt لەخۆدەگرن، ئەوا زیاد خواردنەوەیان لەوانەیە کە ببێتە ئەگەری سکچوون و کۆبوونەوەی بڕی زیاتری گاز لە کۆئەندامی هەرسدا، بەتایبەتی کە هاوکات دەبن لەگەڵ خواردنی پاقلەمەنییەکان، نیسك، نۆك، کەلەرم، پیاز، برۆکۆلی، قەرنابیت، یان دانەوێڵەوی تەواو. لە لایەکی دیکە زیاد خواردنەوەی ئاوی گازدار لەوانەیە کە ببێتە ئەگەری سووانی چینی مینای ددانەکان، چونکە ئاوی گازدار ترشێتییەکی کەمی هەیە.



# بەهای خۆراکیی شووتی

شووتی Watermelon ماددەی خۆراکیی گرنگ لەخۆدەگرێت بەتایبەتی دژەئۆکسانەکانی لایکۆپێن Lycopene و سیترولین Citrul-line، هەروەها ریشاڵ و کانزاکانی پۆتاسیۆم، مەگنسیۆم لەگەڵ ڤیتامینەکانی A و C. سوودە تەندروستییەکانی شووتی: کۆنترۆڵکردنی پەستانی خوێن، کەمکردنەوەی ئاستی هەوکردن لە لەشدا، خۆپاراستن لە ئەگەری تووشبوون بە چەند جۆرێکی شێرپەنجە، بەتایبەتی شێرپەنجەی پرۆستات و کۆئەندامی هەرس، ڕێگرتن لە ئەگەری کەمبوونەوەی ڕێژەی شلەی لەش De-hydration، هاندانی هەرسکردنی دروستی خۆراك، پاراستنی چاوەکان لە گۆڕانەکانی پەیوەست بە تەمەن، پاراستن و باشترکردنی فرمانی خوێنبەرەکان، کەمکردنەوەی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی خوێنبەرەکانی دڵ و جەڵتەی مێشك، بەهێزکردنی سیستمی بەرگریی لەش، باشترکردنی تەندروستیی پێست، بەتایبەتی هاندانی زووتر نوێبوونەوەی خانەکان و پاراستنی لە وشکبوون، سووککردنی ئازاری ماسوولکەکان، بەرزکردنەوەی ئاستی لیاقەی فیزیکیی لەش، هەروەها کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش. لەبەر ڕێژە بەرزەکەی شەکر تیایدا، پێویستە کە شووتی بە بڕی مامناوەندی بخورێت، هەروەها بە بڕی کەمتر بۆ کەسانی تووشبوو بە نەخۆشیی شەکرە.



# سترێس ئاستی شەکری خوێن بەرزدەکاتەوە




سترێس Stress کاردانەوەیەکی سرووشتی و ئاسایی لەشە بەرانبەر بە هەر مەترسییەك و کاریگەریی نەرێنی ناکاتە سەر تەندروستی ئەگەر بەردەوام نەبێت، بەڵام کە بەردەوام و درێژخایەن بوو، ئەوکاتە زیانی زۆر و جیاوازی بۆ تەندروستی دەبێت. لە ڕاپۆرتەکانی کۆمەڵەی بەریتانیی نەخۆشیی شەکرە BDA هاتووە کە سترێس ئاستی شەکری خوێن بەرزدەکاتەوە، چونکە سترێس هاندەرە بۆ دەردانی چەند هۆرمۆنێك وەکو کۆرتیزۆل و ئەدرینالین کە فرمانی هۆرمۆنی ئینسولین دەشێوێنن یان وا لە خانەکانی لەش دەکەن کە بەرگری بەرانبەر بە ئینسولین Insulin resistance پەیدا بکەن، بەمەشەوە ئاستی شەکری خوێن بە خێرایی بەرزدەبێتەوە. لە حاڵەتی سترێسی درێژخایەندا شەکری خوێن بە بەردەوامی لە ئاستێکی بەرزدا دەمێنێتەوە. لە لایەکی دیکە سترێس هۆکارە بۆ گرنگی نەدان بە خۆراك و ستایلی ژیانی ڕۆژانەی تەندروست، هەروەها زیادبوونی کێشی لەش کە هەموویان هاندەرن بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری خوێن، پسپۆران ئەمەشیان ڕوون کردووەتەوە کە ئاستی بەرزی پەستی هاندەرە بۆ زیاد دەردانی هۆرمۆنی کۆرتیزۆل کە ئاستی شەکری خوێن بەرزدەکاتەوە، هەروەها کاریگەری دەکاتە سەر هۆرمۆنی ئینسولین بە شێوەی کەمکردنەوەی دەردانی یان گۆڕینی کاریگەریی ئینسولین لەسەر خانەکانی لەش و بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری خوێن.

لە توێژینەوەیەکی نوێی زانکۆی پیتسبێرگ لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هاتووە کە شەکر و خۆراکی شیرین نیشانەکانی نەخۆشیی هەوکردنی کۆڵۆن و گرژبوونی کۆلۆن IBS زیاتر و سەختتر دەکەن. ئەمە ڕوونە کە خۆراك ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە ئەگەری تووشبوون و کۆنترۆڵکردن یان زیادبوونی نیشانەکانی نەخۆشیی هەوکردن و گرژبوونی کۆڵۆن، بۆ نموونە ئەو خۆراکانەی کە نیشانەکان زیاتر و سەختتر دەکەن بریتین لە: ژەمی گەورە، بڕی زیادی شەکر و شیرینی، ژەمی زۆر چەور، قاوە، کافائین، ئەلکهول، شیر، هەروەها خۆراکی تیژ و پاقلەمەنییەکان. ئەمەش سەلمێندراوە کە شەکر و خۆراکی شیرین



# ئایا لابردنی لەکەی دەموچاو ئاسانە؟

لەکەی دەموچاو Melasma بریتییە لە پەیدابوونی لەکە، پنت یان پەڵەی قاوەیی لە پێستی دەموچاودا، کە هیچ مەترسیی بۆ پێست نییە، بۆیە مەرج نییە چارەسەربکرێت ئەگەر بۆ لایەنی جوانکاری نەبێت. بەگشتی چارەسەرکردنی لەکەی دەموچاو ئاسان نییە، بەڵام دەتوانرێت کە لە تۆخیی پەڵە تاریکەکان کەم بکرێتەوە کە زیاتر لەسەر ڕوومەتەکان، چەناگە، نێوچەوان، لووت، لەگەڵ لێوی سەرەوەدا بەدی دەکرێن. پەڵەی دەموچاو زیاتر تووشی ئافرەت و ڕەش پێستەکان دەبێتەوە، هەروەها لەکاتی دووگیانیدا. لەکەی دەموچاو لەوانەیە کە چینی سەرەوە یان ژێرەوە یان هەردوو چینی پێست بگرێتەوە. هۆکارەکان: بەرکەوتن بە تیشکی خۆر، دووگیانی، زیانی لابەلای هەندێك دەرمانی وەکو هۆرمۆنەکان و دەرمانەکانی دابەزاندنی پەستانی خوێن، سترێس، سستبوونی گلاندی دەرەقی.پاش دەستپێکی چارەسەرکردن بە ٣-١٢مانگ ئینجا ئەنجامەکان دەردەکەون، هەنگاوەکانی چارەسەرکردن بریتین لە: بەکارهینانی ڕۆژانەی دژەهەتاو کە فاکتەری پاراستن لە خۆر SPF تیایدا لە ٣٠ کەمتر نەبێت، بەکارهێنانی کرێمی کاڵکەرەوە وەکو هایدرۆکوینۆن Hydroquinone یان ماددەی دیکە، ڕنینی کیمیایی پێست Chem-ical peels، هەروەها تیشکی لێزەر. پاراستنی پێست لە تیشکی خۆر بە کلیلی خۆپاراستن و کاڵکردنەوەی لەکەی دەموچاو دادەنرێت.




# خۆراکی شیرین نیشانەکانی گرژبوونی کۆڵۆن زیاد دەکەن

ئاستی هەوکردن لە هەموو بەشەکانی لەش و کۆڵۆندا زیاد دەکەن و پەیوەندییان هەیە بە ئەگەری: زیادبوونی کێشی لەش و قەڵەوی، بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، نەخۆشییەکانی کۆئەندامی دڵ وسووڕان، نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم، گرفتەکانی ددان، بەرزبوونەوەی ئاستی چەورییەکان خوێن، هەروەها نەخۆشیی درێژخایەنی گورچیلە.
گرژبوونی کۆڵۆن کۆمەڵێك نیشانە بەیەکەوە پەیدا دەکات بەتایبەتی ئازار و گۆڕان لە جووڵەی کۆڵۆندا بە شێوەی سکچوون، قەبزی یان هەردووکیان هاوکات لەگەڵ کۆبوونەوەی گاز.



## کۆمپیوتەرێکی پێڵاو

کە ئەم وێنەیە دەبینن، پێتان وایە ئەوە پێڵاوێکی وەرزشییە. لە ڕاستیدا ئەوە کەیسی کۆمپیوتەرێکە وەك هەموو کۆمپیوتەرەکانی دیکە. دیزاین و شێوازی وەك پێڵاوێکی سپۆرت دروستکراوە. زۆربەی ڕەنگەکانیشی هەن. ئەو کۆمپیوتەرە پێڵاوەکە بە جۆری JMDF Sneaker خەڵاتی باشترین دیزاینی کۆمپیوتەری لە ساڵی ۲۰۲۰دا وەرگرتووە، بەڵام تا ئێستا نەکەوتبۆ بازارەوە، لەم ساڵدا دوای ئەوەی لەلایەن ئۆگرانی کۆمپیوتەری دیسکتۆپ پێشوازییەکی گەرمی لێکرا بە چڕی بەرهەم هات. مەزلبۆردەکەی واتە بۆردی سەرەکی هی کۆمپانیای Asusە، یەکەی لێکدانەویە هی کۆمپانیای ئەنتەل و لە جۆری core i5ە. رامەکەی ۱٦ گیگابایتە و هاردەکەی ۲٤۰ گیگابایتە و لە جۆری SSDیە. هەر چوار دەوری پێڵاوە کۆمپیوتەرەکە بە گلۆپی ڕەنگاوڕەنگ ڕازاوەتەوە.






## دۆزەرەوەی کامێرا سیخوڕییەکان

کامێرای سیخوڕی جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ کامێرای چاودێری، کامێرای سیخوڕی ئەو کامێرا وردیلانەن کە بەمەبەستی سیخوڕی و دزەکردن لە شوێنی تایبەت دەشاردرێنەوە، ئەوانە زۆر بچووکن، لە شوێنەکانی وەك پلاکی کارەبا، تابلۆی دیوار، پانکەی میچ، کاتژمێری دیواری و هەر شوێنێك بە گونجاوی بزانن تێیدا دەشارنەوە. تەکنەلۆژیای نوێ ئامێری دۆزینەوەی ئەو کامێرا سیخوڕیانەشی بەرهەمهێناوە. ئامێرەکانیش جۆراوجۆر و گەلێکن. یەکێك لەو ئامێرانە RF Je-pwco G8 Elite کە ۱۲ هەستیاری هەیەو کامێرا سیخوڕییەکان لە هەر شوێنێك بن دەیاندۆزێتەوە. نە تەنیا کامێرا سیخوڕییەکان بەڵکو ئامێرەکانی قسەتۆمارکەریش دەدۆزێتەوە. هەروەها ئەو ئامێرانەش دەدۆزێتەوە کە بەمەبەستی دۆزینەوەی شوێن بەکاردێن واتە GPS کە بۆ دۆزینەوەی شوێن و دەستنیشانکردنی کەسەکان بەکار دێن. کێشی ئامێرەکە تەنیا ۲٥ گرامە و ستایل و شێوەکەی وەك قەڵەمێك وایە.




# پاوەربانکێکی خێرا و بچووک

پاوەربانك بۆ ئەوکاتانەی کە وەزیەك نییە بۆ بارگاوی کردنی ئامێرەکان، وەك نەبوونی کارەبا یا مانەوە لە شوێنە دوورەدەستەکانی دوور لە وزە، گرنگییەکی زۆری هەیە. پاوەربانکەکان زۆربەیان گەورەن و هەڵگرتنیان ئاسان نییە، پاوەربانکی بچووکیش هەن کە هەم توانایان مامناوەندییە و هەم هەڵگرتنیشیان ئاسانە. بۆ نموونە پاوەربانکی جۆری MagLoop کە توانای دە هەزار میلی ئامپێری هەیە. شەحنکەرەوەیەکی خێرایە. موگناتیسیە واتە بە پشتی مۆبایلەوەکەوە دەنووسێت. بۆ هەموو جۆرە مۆبایلێکیش دەگونجێت. دەتوانێت لەیەك کاتدا ٤ ئامێر پێکەوە شەحن بکاتەوە. هەرچەندە دەتوانێت تەبلێت و لاپتۆپیش شەحن بکاتەوە، بەڵام زۆر گونجاو نییە و زوو دادەبەزێت. پاوەربانکەکە بێ وایەر و هەرچەند شوێنی دانانی وایەریشی هەیە.

# ئەڵقەی سیحری بۆ هەموو ئامێرێک

لە تەکنەلۆژیای نوێدا ئامێری وا بەرهەم هاتووە سەرووی خەیاڵە، واتە لە زەینی مرۆڤیشدا ناگونجێ. بۆ نموونە گوستیلەی Vanzy کە دەکرێ بڵێین ڕیمۆت کۆنترۆڵێکە بەسەر گشت ئامێرەکاندا. ماوسێکە بۆ چوونە ناو کۆمپیوتەر و تەبلێت و مۆبایل. سپیلت پێدەکا و تەلەڤزیۆن دەکوژێنێتەوە. پەردەکان دادەداتەوە. بەگشتی دەکرێت بڵێین گوستیلەیەکی سیحرییە.

ماوسە ئەنگوستیلەکە پڕۆژەی کۆمپانیای Cox space کە ساڵی ٢٠٢ دەستی پێکرد و ئێستاکە بە ئامانج گەیشتووە. ئەڵقەکە هەر جووڵەیەك بکەی کردارێك ئەنجام دەدا. ماوسە سیحرییەکە لەگەڵ گشت سیستەمێك دەگونجێت. بە جووڵەی پەنجەکان، فەرمانی تایبەت نیشان دەدا و دەکرێ ئەو فەرمانانەی تێدا تۆمار بکرێن بۆ ئەوەی جارێکی دیکە لەبیرگەی دا بمێنێتەوە. ئەنگوستیلە سیحرییەکە دەکرێت وەك جویستیك واتە دەسکی گەمەش سوودی لێوەربگیرێت و پێویست بە دەسکی گەیمی تایبەتی ناکات.





# هاپێکی زیرەک و تایبەتمەندییەکانی

هاپ (Hub) بەو ئامێرە بچوکە دەگوترێت کە دەبێتە شارێگای پەیوەندیی نێوان ئامێرەکان، بۆ نموونە دەکرێت بە هاپێك چەندین ئامێر وەك ماوس، کیبۆرد، پرینتەر، فلاش، تیڤی، هەرچی هەیە بە کۆمپیوتەرەوە پەیوەندی بدەی. یان چەندین کۆمپیوتەر پێکەوە پەیوەند بدەی و هەرکام بتوانن پێکەوە زانیارییەکان ئاڵوگۆڕ بکەن. هاپی زیرەکی جۆری DockCase یەکێك لەو ئاپانەیە کە لەیەك کاتدا دەتوانێت ٧ ئامێر پێکەوە پەیوەند بدا و هەموو کون و کەلەبەرێکی هەیە بۆ پەیوەندی نێوان ئامێرەکان. ئەو هاپە زیرەکە لەخۆیدا باتری شەحنی هەیە بۆ ئەوەی کە ئەگەر کۆمپیوتەرەکە وزەشی لەسەر نەمێنێت، ئامێرەکانی وەك فلاش و هارد کێشەیان بۆ نەیەتە پێش. هاپەکە تەنیا کاری گواستنەوەی داتاکان ناکات لە نێوان ئامێرەکان بەڵکو خێراییەکی زۆریش بە گواستنەوەی داتاکان دەبەخشێت بۆ نمونە لە یەك چرکەدا ٥ گیگابایت. واتە بە یەك چرکە ٥ فیلمە قەبارە یەك گیگابایتی دەگوازێتەوە. لە حاڵەتی ئاساییدا لە ٥ خولەکیش زیاترە. هەروەها بۆ جۆری HDMI دەتوانێت فیلم بە کوالیتی 4K بگوازێتەوە. فەنێکی فێنکەرەوەی لەناوخۆیدایە بۆ ئەوەی ئامێرەکان گەرمدا نەیەن. شاشەیەکی زیرەکیش زانیارییەکان نیشان دەدا لەگەڵ گەرمی ناو ئامێرەکان.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**بەڕێزێك دەپرسێت، کۆدی سەرچاوە کراوە چییە واتە Open Source و گرنگی ئەم کۆدە سەرچاوە کراوانە لە چی دایە؟**

خوێنەری بەڕێز کۆدی سەرچاوە کراوە واتە Open Source بەو کۆدانە دەگوترێت کە ئەو کەسەی پرۆگرامەکەی دروستکردووە بەتایبەتی ئەپلکەیشنەکانی ئەندرۆید، پرۆگرامەکەی بە کراوەیی هێشتۆتەوە بۆ ئەوەی کەسانی دیکەی شارەزا دەستکاری پرۆگرامەکە بکەن و بەرەو باشتری ببەن. بۆ نموونە تۆ ماڵەکەت بە ویستی خۆت دیزاین کردووە، بەڵام ئیزن بە خەڵکی دیکەش داوە و کلیلەکەت پێداون کە ئەگەر ڕەخنەیەکیان هەیە و دەزانن شتێك لە شوێنی خۆیدا نییە باشتری بکەن، یان ئەگەر پێیان وایە شوێنێك کەموکوڕی هەیە و پێویستە شتێکی بۆ دابنرێ دایبنێن.


# مۆدێمێکی بەهێز ئینتەرنێت بە 600 ئامێر دەبەخشێت

لە ئینتەرنێتدا بەتایبەتی ئینتەرنێتی وای-فای، ئامێری مۆدێم ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت، لە ڕێگای مۆدێمەوەیە ئینتەرنێت وەردەگیرێت و پاشان دابەشی دەکاتەوە. لەم ماوەیەدا شیائۆمی نوێترین مۆدێمی خۆی خستەڕوو کە پشتیوانی لە وای-فای ٧ دەکات. مۆدێمەکە بە مۆدێمی ٧٠٠٠ ناسراوە. خاوەنی میمۆرییەکی یەک گیگابایتییە و هەروەها چوار کەلێنی تۆڕی 2.5G هەیە. دەتوانێت لە یەک کاتدا ئینتەرنێت بۆ ٦٠٠ ئامێر دابین بکات. هەر بۆیە مۆدێمەکە زیاتر بۆ وەزارەتەکان یا دامودەزگا گەورەکان کە فەرمانبەرێکی زۆریان هەیە سوودی لێوەردەگیرێت. مۆدێمە نوێیەکەی شیائۆمی لە تەنکۆڵەی جۆری IPQ 9554 سوود وەردەگرێت کە لەسەر بنەمای وای-فای٧ دامەزراوە. خێرایی مۆدێمەکە ٢,٤ گیگاهێرتزە و ئەوپەڕی خێرایی 5Gیشی ٥٧٦٤,٨ لە چرکەیەکدایە. مۆدێمی ئاماژە پێکراو حەوت ئاڵێری دەرەکی هەیە لەگەڵ دوو ئاڵێری ناوەکی.



# پرۆگرامێک فیلمە کۆنەکانتان بۆ نوێ دەکاتەوە

ڕەنگە زۆربەمان فیلمی کۆنمان هەبێت، ئەو فیلمانەی بە کامێرای ڤیدیۆ کاسیت گیراون و کاتێکیش دەکرێن بە فیلمی دیجیتالیش ئەو کوالیتەیان نامێنێ. ئەی چارە؟ لەسەردەمی زیرەکی دەستکردا چارەی هەموو شتێك هەیە، گەلێك پرۆگرام و سایت هەن بۆ ئەم مەبەستە. پرۆگرامی DVDFAB Enlarger یەکێکە لەو پرۆگرامە سەرکەوتووانەی بۆ ئەم مەبەستە داندراوە. بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەکرێت فیلمە کۆنەکان بەرگی HD و فول ئیچدی لەبەر بکەی. بە سوود وەرگرتن لە زیرەکی دەستکرد پرۆگرامەکە کوالیتی فیلمەکان بە ڕێژەیەکی بەرچاو بەرێتە سەرێ. پاش ئەوەی فیلمەکەت دایە پرۆگرامەکە، فەرمانی Auto size لێبدە، ئەوکات خودی پرۆگرامەکە باشترین ئەندازەی فیلمەکەت بۆ هەڵدەبژێرێ.




جگە لەوەی باشی دەکات و دەتوانێت ڕووناکیەکەشی دەستکاری بکرێ و کەم و زیاد بکرێ، هەروەها دەنگی دیکەی دەکرێ بۆ دابندرێ، ژێرنووسیش لەسەر فیلمەکە دادەنرێ.




## ماڵپەڕێک بۆ دابەزاندنی ئاپەکانی ئەندرۆید

ئەوانەی مۆبایلی سیستەمی ئەندرۆیدیان هەیە بۆ دابەزندانی ئاپەکان واتە پرۆگرامەکان ڕوو لە گوگل پلەی google play دەکەن، بەڵام گوگڵ پلەی بەهۆی سنووردارییکردنی هەندێك وڵات هەموو پرۆگرامێك دانابەزێنێت و هەروەها هەندێك لە پرۆگرامەکان بەپارەن.

ماڵپەڕی Apkpure.com یەکێك لە ماڵپەڕە سەرکەوتووەکان بۆ دابەزاندنی ئاپەکان وباشترین جێگرەوەی گوگڵ پلەیە. لەو ماڵپەڕەدا هەر پرۆگرامێك کە داوای بکەی هەیە و لەوێدا ئاپەکانی بە پارەش بە خۆڕایین. جگە لەوەش کاتێك داوای ئاپێك دەکەی بۆ جاری دواتر ناوی ئاپەکە لە داتابەیسی سایتەکەدا دەمێنێتەوە.

# هەم مۆبایل و هەم لاپتۆپ

یەکێك لە مۆبایلەکانی نەوەی ڕابردووی نۆکیا E70 مۆبایلێکی سلایدی بوو، ستوونی دەکرایەوە و کیبۆردێك لە ژێر مۆبایلەکە دەهاتە دەر. ئێستا مۆبایلی جۆری Astro Slide لەسەر هەمان ستایل بەرهەمهاتووە، بەڵام کارکردو تواناییان و ئەرز و ئاسمان جیایە. مۆبایلی جۆری Astro Slide مۆبایل لاپتۆپە. پێشکەوتووترین مۆبایلی زیرەکە و 5Gیە و قەبارەکەی ٦,٤٠ ئینجە. کاتێك دەکرێتەوە دەبێتە لاپتۆپێکی بچووك و زۆربەی کارەکانی لاپتۆپ ئەنجام دەدات.
بۆ هێندێك کاری وەك ناردنی پەیام و ئیمیل، دەستکاریکردنی دەقەکان، پەیوەندی گرتن و وێنەگرتن گونجاوە و ئاستێکی بەرزی هەیە. سیستەمی بەگەڕخەری ئەندرۆیدی ١١ی لەسەرە. کامێرای مۆبایلەکە ٤٨ میگاپیکسلە. جگە لە سیستەمی ئەندرۆید سیستەمی لینۆکسیش دەخوێنێتەوە. ڕامەکەی ٨ گیگابایتە و جێگەی داکردنی داتاکانی ١٢٨ گیگابایتە.



# مۆدە نایابەکانی کراسی دەستنیشانی و مارەبڕین



لەم ماوەیەی داهاتوودا پرۆسەکانی مارەبڕین و دەستینشانی زۆر دەبن، بەهۆی ئەوەی زۆربەی کوڕان و کچان دەیانەوێ لە وەرزی پاییزدا زەماوەند بکەن، لە ئێستاشدا دەستگیرانی و مارەبڕین باو دەبێ، کچانی دەستگیراندار هەمیشە دەخوازن لە ڕۆژی مارەبڕین و دەستگیرانیدا وەك شازادە و کچە شایەك دەربکەون لە جوانیدا، کە ئەوەش پێویستی بە ئامادەکاری و ماکیاژی جوان و ئارایشتێکی ناسك هەیە، هەروەها کراسێکی سەرنجڕاکێش دەبێتە پێداویستی سەرەکیت، لەو ڕۆژەدا کراسێکی نایاب لە جوانیدا، کراوە و ناسك لە بەشی خوارەوە، تەسك و شیك لە بەشی سەرەوە هەڵبژێرە. زیاتر لە چوار دیزاینەری بەناوبانگ ئاماژەیان بە کراسەکانی مارەبڕین داوە، یەکێك لەوانە: زوهێر مورادی لوبنانی، کە یەکێکە لە دیزاینەرە هەرە بە تواناکان، ئاماژە بە جۆرێك دەکات بە ناوی کۆتۆر کۆلیکشنە، بریتییە لە کراسی دەستنیشانی لە ڕەنگی وەنەوشەیی باستیل، بەبێ سەر سینگ، واتە هێڵی سەر سینگی نییە و بە نەرمی دەردەکەوێت، هەروەها لە بەشی خوارەوەی واتە تەنوورەکەی، پڕ و کراوەیە. کراسەکەی نەعیم خانیش، لە بەشی خوارەوەی کراوەیە و بە نەخشی گوڵ ڕازاوەتەوە، بە سەر سینگی داخراو و کورت. کراسی میتالیکی، لە مارکەی ڤاڵینتینۆ، لە ڕەنگی زێڕی نەخشێنراوە، بە سەر سینگی کورت و شانەکانی بەرز، تەنوورەکەشی ڕاست و تا خوارەوەیە، بە فەتحەیەك لە بەشی خوارەوە دەکرێتەوە.







# گوارەی بەردین و مووروو و خشڵێکی نازدارە لە گوێچکەدا



خشڵەکانت نموونەی جوانیتە، بە چەندین شێوازی جۆراوجۆر دەتوانیت مامەڵەیان لەگەڵدا بکەیت، هەر خشڵێك بۆ کاتێکی دیاریکراو دەپۆشرێت، بەڵام گوارەکانت ڕەنگە ڕۆژانە یان هەفتانە بە گوێچکەتەوە بن، چونکە خشڵێکی بەردەوامە و کاتی نییە، ئەو گوارانەی کە هێمای ناسکی و مێینەیی پێوە دیارە، بە ناسکی لە گوێچکەتدا دەدرەوشێتەوە و سەرنجڕاکێشن، کاتێك گوارەکانت لە خشڵی ناسك دەبن، واتە ئەوانەی لە بەردین و مورووو دروست کراون، نشونمای بریسکەداریان لەسەر دەبێت، بەمەش ڕەنگدانەوەی لە گوێچکەتدا زیاتر دەبێت، مارکەی بولگەری ئیتاڵی، کۆمەڵێك گوارەی بە ناوی دیڤازی ئامادەکردووە، کە لە ڕەنگی زێڕ دروست کراون و بە وردە بەردیش ڕازاوەتەوە، بۆ کاتی دەرچوون و بازاڕی گونجاوە. گوارەکانی کلیۆ گۆڵد لە مارلی، بۆ کاتی شەوانە و ماڵ و دانیشتن دەگونجێت، کە بە هێڵی ناسك و شێوە بازنەیی دروست کراون. گوارەکانی شۆمیە، کە شێوەی گەورە لە خۆ دەگرن، بریقەدار و گەورەن. مارکەی پیاجیت، گوارە داخراوەکانی وەك مۆدی سەرەکی داناوە، لە ڕەنگی پەمەیی بۆ بۆنە و یادەکان دەشێت.

# شێوازە ئارایشتی کەزیکردن بۆ قژ



شێوازەکانی ئارایشتی قژ بە چەندین جۆرە، بەڵام زۆربەی خانمان حەز بە کەزیکردن دەکەن، یان ئەوانەی قژیان زۆرە دەیانەوێت بە کەزیکردن هەڵی بگرن و هێندە پەرش و بڵاو نەبێت، بەڵام پسپۆران پێیان وایە کە کەزیکردن زیانی هەیە، کەزیی لوولکراو جوانترین مۆدی پێچ خواردووکردنەوەی قژە، کە ئەوەش بە چەندین ڕێگە دەکرێت لەوانە: بە ئامێری ئوتووی قژ و بەستنی قژ بە لەفکردن، ڕەنگە هەموو ئافرەتێك نەتوانێت ئەو جۆرە مۆدەیە بۆ قژی بکات، ئەویش بەهۆی خاوی و تەنکیی قژ، بەڵام دەکرێت ئەو شێوازە بۆ ماوەیەکی کاتی و بە ئامێری ئووتووکردن، قژیان کەزی و لوول بکەن. لەگەڵ ئەو جۆرە ئارایشتەدا دەکرێت خشڵ و ئێکسسوارەکانی وەك مورووو و تەوقەی بچووك و قردێلە و تاجە گوڵینە بەکار بهێنرێت، بە بەستنی ئەو ئێکسسوارانە مۆدی قژە لوول و کەزییەکە جوانتر و ڕازاوەتر دەبن، کە زیاتر بۆ بۆنە و یاد و ئاهەنگ بەکار دێت، بۆ ئەوانەی کە قژیان لوولە دەتوانن تەنیا کەزی گەورەی بۆ دروست بکەن، تا دیمەنێکی ناوازە و ناسك نیشان بدات.



# چیرۆکە سەیرەکەی گوێچکەی (ڤان کوخ)ی وێنەکێش

ڤان کۆخی وێنەکێشی جیهانی یەکێك بووە لە بەتواناترین وێنەکێشانی ئەوروپا، دەگوترێت ڤان کۆخ گوێچکەیەکی نەبووەو بڕاوە، چیرۆکی ئەو گوێچکەیەی دەگەڕێتەوە بۆ کچێك کە گوێچکەی خۆی بە دیاری بۆی ناردبوو، مێژوونووسان دەڵێن: چیرۆکێکی سەرنجڕاکێش لەسەر ڤان کوخ هەیە، کە ڤان کوخ کچێکی خۆش دەویست بە ناوی (گابریال برلاتیی)، بەڵام کێشەکە ئەوەبوو کچەکە نەیدەزانی ئەو خۆشی دەوێت و ئەمیش هیچ خۆشەویستییەکی بۆ ڤان کوخ نەبوو، بەڵام جارێکیان پێی وتبوو کە گوێیەکی جوانی هەیە، ئەویش بۆ ئەوەی بیسەلمێنێترکە خۆشی دەوێت، گوێی خۆی بڕی بوو و بۆی ناردبوو، لە نامەیەکدا کە بۆ کچەکەی ناردبوو، نووسیبووی: «ئەوە پارچەیەك لە لەشی من بۆ تۆ، تا لات بمێنێتەوە و چاودێریی بکە، بەهۆی ئەوەی جارێکیان بە منت گوتبوو کە گوێچکەکانم جوانن».

کـر د





# یەکەم دادوەری ئافرەت لە کوردستان

یەکەم کچی شاری سلێمانی کە لە زانکۆی بەغدا کۆلێژی یاسای تەواو دواتر لە سلێمانی بوو بە دادوەر، خاتوو (گەلاوێژسەعید) خوشکی حاتەم سەعید لە ساڵی ١٩٤٣ لە گەڕەکی قەزازەکان لەدایکبووە خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە شاری سلێمانی تەواو کردوە، دواتر چووەتە زانکۆی بەغدا کۆلێژی یاسا و لە ساڵی ١٩٦٤ زانکۆشی تەواوی کردووە، ماوەیەکی زۆر نوێنەری یاسایی بووە لە شارەوانیی سلێمانی و زانکۆی سلێمانی و هەولێر، پاشان بووە بە پارێزەر، لە ڕێکەوتی ٢-١١-٢٠٠١ بە بڕیاری حکومەتی هەرێم بووە بە یەکەم دادوەری ژن لە کوردستان، لە ساڵی ١٩٧٦ لەگەڵ مامۆستا عەلی حەمەباقی هاوسەرگیریی کردووە، دوو کوڕی هەیە بە ناوی سروود و محەمەد، لە ٧-٣-٢٠٠٥ کۆچی دوایی کردووە و لە گردی سەیوان بەخاك سپێردراوە.





# ورچی نمایشکار

کاتێك نمایشکاران وێنەی فۆتۆگرافی دەگرن، چەندین جووڵە و دانیشتن و وەستانی وا دەکەن هەموو کەس نایزانێت، تا لە وێنەکاندا بە جوانترین دیمەن دەربکەون. ئەو ورچە بەبێ ئەوەی ڕاهێنانی پێ کرابێت، کەچی کاتێك لەلایەن وێنەگرێکی (ئیتاڵی)ی وێنەی دەگیرێت، دەست دەکات بە جووڵەی سەیر، ئەو وێنەگرە ناوی (جیۆسیپی دامیکۆ)یە، تەمەنی (٥٩) ساڵە، کاتێك سەردانی یەکێك لە دەریاچەکانی ڕووسیا دەکات، ئاشانی ئە و ورچە دەبێت، لەگەڵ وێنەگرتنی ورچەکەدا، ورچەکە خۆی دەجووڵێنێت یان خۆی درێژ دەکات، هاوشێوەی نمایشکارەکان کاتێك لە ساتی وێنەگرتندا جووڵەی وا دەکەن کە لایەن فۆتۆگرافەرەوە داوا دەکرێت، یان بە خواست و ویستی خۆیان جووڵەکانیان ئەنجام دەدەن.




# ماکیاژ بۆ هاوسەرەکەی دەکات

ئەو دوو کەسە پیرە هەمیشە بەیەکەوەن، تەنانەت پیاوە پیرەکە خولیای ماکیاژکردنی هاوسەرەکەیەتی، ئەو دوو بەتەمەنە ناویان (دی مۆناهان) و (ریبا)یە، ئەوانە هەمیشە بەیەکەون، ئەو پیاوە تەمەنی (٨٤) ساڵە و ئافرەتەکەش (٨٣) ساڵە، لە ڕۆژانی گەنجێیتەوە ئەو پیاوە ڕۆژانە ماکیاژ بۆ هاوسەرەکەی دەکات، چ لە دەرەوە و چ لە ناوماڵدا بێت، وادیارە بڕوای بە ماکیاژ و ستایلی ئاریشتگا و خودی کەسەکە نییە، بەڵکو خۆی بەو کارە هەڵدەستێ و ماکیاژێکی جوان بۆ هاوسەرەکەی دەکات، کە ئەویش هەموو ژیان و دڵی بۆ ئەو پیاوە تەرخان کردووە، تا ئێستاش ڕۆژانەی ژیانیان بەیەکەوەیە و لە دەرچوون و کاری ڕۆژانەش بەبێ یەکتر هەڵناکەن.



## کاریکاتێر

ئەم کاریکاتێرە باس لەوانە دەکات کە ڕێگەیان پێ نادرێت قسە بکەن و گوزارشت لە بیرکردنەوەکانیان بکەن، ئەوانیش دڵ و هەستیان پڕ لە قسەیە.



## دیمەنە سەیرەکان

لە سەردەمی کۆندا چەند ڕێگەیەکیان بەکار دەهێنا بۆ سزادان و لەسێدارەدانی مرۆڤەکان، کێك لەوانە مرۆڤیان ڕوت دەکردەوە و لەشیان لە هەنگوین دەدا و دەیانبردە دارستان لەوێ بە دارێکەوە دەیانبەستەوە تا مێرولە و گیانلەبەرە بچوکەکان وردە وردە لەشی بخۆن، ئەویش بۆ ئەوە بووکە پێیان وابوو ئەم ڕێگەیە زۆر ئازار بەخشە.

# چوونە نێو ئاگری زەوی



لە کێبڕکێیەکی سەیر و ناوازەدا بۆ چوونە نێو دەرگای گڕکانی زەوی کە دەکەوێتە شاری (ئیشق ئاباد) لە باکووری تورکمانستان، ئەو شوێنە بە ناوی (ئارال کاراکۆم) ە، بە دەرگای دۆزەخ دەناسرێت، لە سەرکێشییەکدا کەسێك بەناوی (جۆرج کۆرۆنیس)، ئامێرێکی هەناسەی هەڵگرتووە و لەگەڵ جلێکی دژە ئاگر و بەرەو نزیکترین خاڵی نێو ئاگری گڕکانەکە دەچێت، بەپێی کێبڕکێیەکە جۆرج توانی بە ڕێگەی گوریسێکی دژە ئاگرەوە بەسەر دەمی دۆزەخدا بپەڕێتەوە و بچێتە لای گڕکانە گەورەکە، ئەو کارەش بۆ وەرگرتنی نموونەی جۆری گڕکانەکە و هەروەها زانینی پلەی گەرمیی نێو دەرگای گڕکانی دۆزەخ بووە.

## یاسا



### تاوانی بە زۆر

ئەگەر کەسێك بەزۆر تاوانی پێ ئەنجام بدرێت لەسەر ئەو تاوانە سزا دەدرێت و ئایا وە مەرجی زۆرلێکردنەکە چییە؟

بەپێی مادده " ٦٢ " لە یاسای سزادانی عێراقی ئەگەر کەسێك لە ژێر زۆر و (إكراه ) دا تاوانێکی پێ کرا، لە ڕووی سزاییەوە سزا نادرێت چونکە ئەمە بە یەکێك لە " موانع المسؤلیە " و ڕێگری بەرپرسیاریەتی دادەندرێت و ئەو کەسە مادام بە زۆر ئەو کارەی پێ کراوە و خۆی کارەکە و ئەنجامەکەی نەویستووە ئەوا بەرپرسیار نابێت، بەڵام مەرجی ئەو زۆرلێکردنە ئەوەیە نەیتوانیبێت ئەو مەترسی و زۆرلێکردنە لەسەرخۆی لابەرێت، جا زۆرلێکردنەکە ماددی بێی یان مەعنەوی، بەڵام جۆری زۆرلێکردنەکە و ڕاددەکەی جێدەمێنێت بۆ ڕاستی و دروستی زۆرلێکردنەکەو ئەو بەڵگانەی کەدەیسەلمێنن ئەم تاوانە بەزۆر بەو کەسە کراوە، تا قەناعەت بە دادگا بکەن کە زۆرلێکردنەکە وای کردووە ئەو تاوانە بکرێت نەك ئەنقەست.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

ڕەنگە ڕۆژانی داهاتوو بەخواستی تۆ بێت، ئەم ماوەیە سەرنجت لەسەر کار و چالاکییەکانتە و بە باشی ئەنجامیان دەدەیت، لە ڕووی سۆزدارییەوە ئامۆژگاری دەکرێیت هەستە ڕاستەقینەکانت نیشانی خۆشەویستەکەت بدەیت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

کەمترین کاتت هەیە بۆ پشوو وەرگرتن و ماندوو دەبیت، ئەمەش کار لەسەر ژیانی تایبەتیت دروست دەکات، پشوو وەربگرە و کەمێك لە بەرپرسیارییەتی ڕۆژانە دوور بکەوەرەوە، لە ڕووی سۆزدارییەوە بۆ ماوەیەك لە خۆشەویستەکەت دووردەکەویتەوە.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

ئامۆژگاری دەکرێیت ئارام بگریت، ئەگەر پلانی ئەوەت هەیە هەندێك سەرکێشی ئەنجام بدەیت ئامۆژگاری دەکرێیت بۆ ماوەیەك دوای بخەیت، بەهۆی پەستانی زۆری کارەوە هەست بە ماندوێتی دەکەیت، لەلایەنی تەندروستییەوە ڕەنگە هەست بە ئازاری پشت بکەیت.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

ئەم ڕۆژانە باش دەبێت بۆ تۆ، بەتایبەتی لە ڕووی داراییەوە تاڕادەیەك کێشەکانت چارەسەر دەبن، توانای ئەوەت دەبێت دوژمنەکانت کۆنترۆڵ بکەیت و ڕێگە نەدەیت نزیکت بکەونەوە، ئەگەر تەنیایت و هیچ کەسێك لە ژیانتدا نییە، چانسی ئەوەت هەیە کەسێك بدۆزیتەوە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

لە لایەنی پیشەییەوە باشترین هەوڵی خۆت بدە، تەندروستییەکی باش یارمەتیدەرە بۆئەوەی لە ڕووی دەرونییەوە ئاسوودە بیت، هەندێك بەرپرسیارییەتی نوێ دەکەوێتە سەر شانت، ئەگەر بەدوای کاردا دەگەڕێیت هەلی باش دێتە پێشت.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

بەهۆی ئەندامانی خێزانەکەتەوە سەرقاڵیت، هەوڵ بدە هەموو توانای خۆت بخەرە کار بۆئەوەی یارمەتیدەریان بیت، هەندێك پلان دابنێ بۆ خۆت بۆئەوەی پلەیەکی بەرزتر بەدەست بهێنیت، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانت لە هەوڵدان مەوەستە و بەردەوام بە

## جل و بەرگ و کەرەستەی پێشمەرگە




پێشمەرگە وەك سیمبولی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد، قارەمان و پاڵەوانی وڵات، بەرگری و بەرخودان، پێشتر لە نێو چیاکانی کوردستان بوون و بە نەهامەتی و نەبوونی و بە بێ دەرامەتێکی ئەوتۆ لە خەباتدا بوون، نموونەیەك لەوانەش (خەلیل عومەر)ە کە پێشمەرگەیەکی ئەیلوول بووە لە هێزی سەفین لە ساڵی ١٩٦٢ لە قەڵادزێ ئەم وێنەیەی گیراوە، ئەو کات لە وێنەکەدا دەردەکەوێت کە کەرەستەکانی ئەو کاتە چەکێك و چەند فیشەك و خواردنێکی ئاسایی بوون، هەروەها جلوبەرگی پێشمەرگایەتی ئەو کات زیاتر جلی کوردی بووە، زۆربەیان چەند قاتێکیان هەبووە بۆ ماوەیەکی زۆر دەیانپۆشی، لە کاتی شەڕ و سەنگەرگرتندا سەری ئەژنۆکانی دەدڕا بەهۆی ئەوەی زوو زوو لەکاتی شەڕدا کە لەسەر چۆك خۆیان دەخشاند، بەم چەشنە زۆربەی جلی ئەو کاتەی پێشمەرگە دەدڕا و هێندە کاتیشیان نەبووە کە جلەکانیان بگۆڕن یان دەستە جلی تازەیان بۆ بێت، جگە لەوەش بە چەك و تفاقێکی کەم و وردەوە دەیانتوانی دوژمنێکی پڕ هێز و چەك بەچۆك دا بدەن، وێنەکە پێمان دەڵێت کوردایەتی و نیشتمانپەروەری لە پێناو نەتەوە و خاکدا بووە و دڵسۆزانە بەو توانا کەمە لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی پێشمەرگایەتییان کردووە، بە کەرەستە و کەلوپەلێکی زۆر کەمەوە توانیویانە شەڕی هێندە مەزن بکەن، کە لە بواری سەربازیدا جێگەی سەرسوڕمانە.



## پەند و وتە

سێر فیلیپ ئەنتۆنی هۆپکنز، ئەکتەری ئیرلەندی و دەرهێنەر و پرۆدیوسەر، لە ساڵی ١٩٣٧ لە شاری مارگام لە شانشینی یەکگرتوو لە دایکبووە، دەربارەی بیرکردنەوە دەڵێت: ئێمە بە هێواشی خۆمان دەکوژین، بەهۆی زۆر بیرکردنەوە لە هەموو شتێك، بیر بکەوە، بیر بکەوە، بۆیە نابێت متمانە بە مێشکی مرۆڤ بکەیت، چونکە تەڵەیەکە بۆ مردن.



## یاریی وێنە

لەم وێنەیدا مانگایەك دیارە، بەڵام مانگای ڕاستەقینە نییە، بەڵکو شتێکە بۆ چاودێری بەکار دەهێنرێت، هەوڵ بدە بیدۆزیتەوە.

## فیلم



### خۆویست- Elemental

فیلمێکی ئەنیمەیشنی کۆمێدییە، باس لە دوو پاڵەوان دەکات (ئافرەتێکی جن لەگەڵ کوڕێك) بۆ دۆزینەوەی بابەتێکی خۆویست لە شارێك کە (ئاگر و ئاو و زەوی و هەوا بەیەکەوە دەژین)، تاوەکو بزانن کامە لەوانە زیاتر چالاکتر و دیارترن، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و ٤٢ خولەکە، لە مانگی ٦ی ساڵی ٢٠٢٣ نمایش دەکرێت، لە دەرهێنانی پیتەر سۆن، نووسینی جیان کلاود کالانچی، لە نواندنی بە دەنگ: لیا لیویس، مامادۆ ئەتی، کاتیرین ئۆهارا، جۆی پێرا، ویندی مەکلیەندن.

**شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

ڕەنگە لە ڕاستییەکان هەڵبێیت و ناتوانیت بەرپرسیارییەتی ئەو کارانە هەڵبگریت کە ئەنجامیان دەدەیت، پێویستە متمانەتەت بە لێهاتوویی خۆت خەبێت، لەلایەنی پیشەییەوە پێش ئەوەی هیچ پەڕەیەك واژۆ بکەیت بە باشی بیخوێنەرەوە، دەنا دەکەویتە کێشەوە.

**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

یارمەتی کەسانی دیکە دەدەیت، پێگەت لە ناو خەڵکی زیاد دەبێت، هەندێك هەواڵی خۆش لە کەسە نزیکەکانی خێزانەکەتەوە دەبیستیت، زۆریی پەستانی کار تووشی هیلاکیت دەکات، باشترە لە فشار دوور بکەویتەوە، دەنا زیان بە ژیانی تایبەتیت دەگات.

**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

بەهۆی چەند بۆنەیەکی کۆمەڵایەتییەوە سەرقاڵ دەبیت، لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندییەکی باش دروست دەکەت و هاوڕێی نوێ پەیدا دەکەیت، گوێبیستی چەند هەواڵێکی خۆش دەبیت لە کەسە نزیکەکانتەوە، تە نیا بە ئاگاییەوە هەنگاو هەڵبگرە.

**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**


هەوڵ بدە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت پتەو بکەیت، ڕۆژانە زۆر خۆت سەرقاڵ دەکەیت و کات بۆ خێزانەکەت تەرخان ناکەیت، لەلایەنی پیشەییەوە ئەگەر هاوپیشەکانت داوای هاوکارییان لێ کردیت ڕەتی مەکەرەوە و یارمەتیدەریان بە.


**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

هەندێك گرفتی تەندروستیت بۆ دروست دەبێت و زۆر هەست بە باشی ناکەیت، لە لایەنی پیشەییەوە دوور بکەوەرەوە لە بڕیاردان لەم چەند ڕۆژەدا، دەنا پەشیمان دەبیتەوە، ڕەنگە سەرەتای ڕۆژەکەت شتەکان زۆر باش تێنەپەڕن، بەڵام لە کۆتایی ڕۆژەکە هەمو شتێك باش دەبێت.

**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

وزەیەکی زۆرت هەیە و هاوکات هەست بە دڵخۆشی دەکەیت، لەلایەنی پیشەییەوە پەیوەندییەکی باش لەگەڵ خاوەنکارەکەت دروست دەکەیت، ئەم ماوەیە زیاتر گرنگی بە تەندروستی گەدەت بدە و خواردنی نا تەندروست مەخۆ.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone

## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Weekly Gulan June 5, 2023 Issue,No.1367


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:

Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی ڕاستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626